# گوڵان

([illegible])- (٢١)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤



## گەلی کوردستان ئارامی و ئاوەدانی هەڵبژارد




# دیدار لەگەڵ سارکۆزی
# ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٠

## ١٣٣

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی فەڕەنسا، بە سەردانێک گەیشتینە ئەو وڵاتە. ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٠ نیکۆلای سارکۆزی، سەرۆکی فەڕەنسا پێشوازیی لێ کردین. سەردانەکەمان لەسەر داوای سەرۆککۆمار بوو. ئاسۆس نەجیب، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەندامی شاندەکە بوو. بوونی ئافرەتێک لەناو شاندی هەرێمی کوردستاندا، ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەناو ناوەندەکانی فەڕەنسادا. بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی سارکۆزی بووین. لە کۆبوونەوەیەکدا بۆمان دەرکەوت کە سارکۆزی تێگەیشتنێکی باشی هەبوو بۆ بابەتەکان و جەختی لەسەر گرنگی و بایەخدانی فەڕەنسا بە هەرێمی کوردستان کردەوە. دواتر لە تەلاری وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ بێرنارد کۆشنەر، وەزیری دەرەوە کۆبووینەوە و باس لە بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا کرا.

لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتنێکی دۆستایەتی و هاوکاریمان لە نێوان فەڕەنسا و هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ کۆشنەر ئیمزا کرا. یەکەم جار بوو ئاڵای کوردستان لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا هەڵبکرێت. دواتر بە مەبەستی ئاگاداربوون لە باری تەندروستییەکەی سەردانی مادام میترانمان کرد. لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیاکانی فەڕەنسا کۆ بووینەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا کرا. ئەم کۆبوونەوەیە بنەما و زەمینەیەکی باش و گونجاو بوو بۆ هاوکاریی نێوان هەردوولا.

# چاپکراوی نوێ




بازنەی گفتوگۆ وەك ئۆرگانێكی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ (١٨) مانگە بووەتە پلاتفۆرمێكی كراوە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی كوردستان، ئەم بازنەیە بوو بە سەكۆی كۆكردنەوەی تێكڕای بیر و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەكان و سەرجەم نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەكان لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان و عێراق، تا ئێستا (٣) كتێبی قەوارە گەورە بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی چاپكراون، ئەم كتێبەی دواییش، بە ناوی (كوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی) بوو، بە عەرەبییەكەش (كوردستان والصراعات الاقلیمیة والدولیة)، شەش تەوەر لەخۆ دەگرێت كە بریتین لە: (بە ئامانجگرتنی هەرێمی كوردستان و هۆكارەكانی، ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی كوردستان، دادگای فیدراڵی و گفتوگۆ و هەڵوێست، هەرێمی كوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، هەرێمی كوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقدا، مامەڵەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ڕووداوەكانی عێراق و ناوچەكەدا)..

بەڕێز فاضل میرانی بەرپرسی دەستەی كارگێڕیی مەكتەبی سیاسیی پارتیی دیموكراتی كوردستان لە پەیڤێكدا وەك دەستخۆشییەك لە هەڤاڵانی بەڕێز لە بازنەی گفتوگۆ بەم شێوەیە بەسەری كردووینەتەوە:

**هەڤاڵانی بەڕێز لە بازنەی گفتوگۆ**

**ڕێزو سڵاو**

بە گەرمی دەستخۆشیتان لێ دەكەین، هیوای بەردەوامی و بەهەمی دانسقەتان بۆ دەخوازین، سێیەمین كتێبی بازنەی گفتوگۆ(كوردستان وململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی)، كە دانەیەكی گەیشتە دەستمان، هەنگاوێكی نوێیە بە ئاراستەی دروست كردنی ڕایەڵ و بازنەیەكی بەرهەمدار لەنێوان دەستەبژێران و بەرپرسانی بڕیاربەدەستی وڵات، هەروەها گەنگەشەكردن لەبارەی چەندین پرسی هەستیار و هەنووكەیی، بۆ ئەوەی پوختەی ئەو گفتوگۆ و گەنگەشانە بخرێتە بەردەم پسپۆران و ڕای گشتی، ڕێزی زۆرمان بۆ ئەركە پیرۆزەتان هەیە، بەوەی (بازنەی گفتوگۆ) توانیی نەریتێكی نوێ و بەرهەمدار بخاتە سەر خەرمانی میدیا و ڕۆشنبیریی پارتیمان.

**فاضل میرانی**

**بەرپرسی دەستەی كارگێڕی**


پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
دەستەی کارگێر

الحزب الديمقراطي الكوردستاني
المكتب السياسي
الهيئة العاملة

هەڤاڵانی بەڕێز لە بازنەی گفتوگۆ

ڕێز و سڵاو

بەگەرمی دەست خۆشیتان لێ دەکەین، هیوای بەردەوامی و بەرهەمی دانسقەتان بۆ دەخوازین، سێیەمین کتێبی بازنەی گفتوگۆ (کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی)،کە دانەیەکی گەیشتە دەستمان، هەنگاوێکی نوێیە بە ئاراستەی دروست کردنی ڕایەڵ و بازنەیەکی بەرهەمدار لە نێوان دەستەبژێران و بەرپرسانی بڕیار بەدەستی وڵات، هەروەها گەنگەشە کردن لە بارەی چەندین پرسی هەستیار و هەنووکەیی، بۆ ئەوەی پوختەی ئەو گفتوگۆ و گەنگەشانە بخرێتە بەردەم پسپۆڕان و ڕای گشتی.ڕێزی زۆرمان بۆ ئەرکە پیرۆزەتان هەیە، بەوەی (بازنەی گفتوگۆ) توانیی نەریتێکی نوێ و بەرهەمدار بخاتە سەر خەرمانی میدیا و ڕۆشنبیریی پارتیمان.

فاضل میرانی
بەرپرسی دەستەی کارگێڕی




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالْح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
*Web: www.gulanmedia.com*

« دکتۆر هومام ئەلشەماع :



**عێراق و ناوچەکە پێویستیان بە دیدگا و ڕۆحی شۆڕشگێڕی و لێبووردەیی مەسعود بارزانی هەیە**

« نەوزاد شێخ کامیل :



**بەکردار کێشەی هەڵگرتنی گەنمی جووتیاران چارەسەر کراوە**

« مەغدید عەریف ئەحمەد :



**لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا جگە لە پرۆژە بچووکەکان (٧٣) پرۆژەی گەورە و ستراتیژی بۆ خەلیفان بە تێچووی زیاتر لە (١٠٠) ملیار دینار جێبەجێ کراون**

« فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجار :



**لە ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی نەوتی عێراق زۆر بەخاوی و تەنیا ١٩٪ی پشکی هەرێمی لە نەوتی سپی ناردووە**

شیروان جەلال بەگ :

**لەم کابینەیەدا پێنج بۆند دروست کراوە و بۆ پێنج هەزار جووتیار پرۆژەیەکی ئاودێری لە زێی قەندیلەوە ڕادەکێشین**



کوردستان ڕەسوڵ :

**ئێمە وەکو کورد پێویستمان بەوەیە گەنج ئاراستە و پەروەردە بکەین لەسەر خۆشویستنی خاک و نیشتمان**



**خەمۆکی لە نەوجەواناندا**



**ئامێرە مەترسیدارەکە هەموو شتێک هاک دەکات**




خاکاو دڵشاد :

**تابلۆ ساختەکان لە بازاڕ زۆرن ئەمەش کاریگەریی لەسەر تابلۆکانی ئێمە هەیە**



دینا حوسێن :

**ئەگەر فێرخواز حەز و خولیای کارێکی هەبێت هیچ شتێک نابێتە ڕێگر**



# گەلی کوردستان ئارامی و ئاوەدانی هەڵبژارد

## ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردن مژدەی سەرکەوتنی گەورەی لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانە

هەڵبژاردنی ئەمجارەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان نەخشەیەکی سیاسیی تازەی بۆ هەرێمی کوردستان دارِشتەوە و، بەپێی ئەو ئاکامە بەراییانەی میدیاکان بڵاویان کردۆتەوە نزیکەی ١,٧ ملیۆن دەنگدەر بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان کردووە، ئەمەش واتە هاووڵاتیانی کوردستان بە رِێژەی زیاتر لە ٧٠٪ بەشداریی پرۆسەی دەنگدانیان کردووە و ، لەم ژمارەیە نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس دەنگیان بە لیستی ژمارە ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان داوە کە دەکاتە رِێژەی «٤٦-٤٧٪» کۆی دەنگەکان و، بەبەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق رِێژەی دەنگەکانی پارتی سەرووی ٢٠٠ هەزار دەنگ زیادی کردووە.

بەرزیی رِێژەی بەشداری لە پرۆسەی دەنگدانی ئەمجارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەلی کوردستان هۆشیارە و دەیەوێت خۆی برِیار لەسەر چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بدات و، نەخشەی پرۆسەی سیاسیی داهاتووی هەرێمی کوردستانی بەجۆرێك دارِشتۆتەوە کە ئایندەی ئەم هەرێمە لەدەستی ئەو لایەنەدا بێت کە ئامادەیە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بپارێزێت و لە پێناویدا قوربانی بدات و سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان نەکات.

ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ئەم پەیامانەی بۆ گەلی کوردستان و ئایندەی قەوارە سیاسیی هەرێمی کوردستانی لێدەخوێنرێتەوە:

- ئەو متمانەی ئەمجارە گەلی کوردستان داویەتی بە پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە رِێژەی متمانەدانی یەکەمین هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی گەورەترە، ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا رِێژەی ٤٥,٥٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا و، بەهۆی بوونی بەربەستی ٧٪ کە هیچ حزبێ بێجگە لە پارتی و یەکێتی نەیتوانی ئەو بەربەستە تێپەرِێنێت رِێژەی دەنگەکانی پارتی بەرز بووەوە بۆ ٥١٥، بەڵام ئەمجارە رِێژەکە لە نێوان «٤٦-٤٧٪» کۆی بەشداربووانی دەنگدەرانی ئەمجارەیە و بەرزترە لە رِێژەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢.



**ئەم متمانە گەورەیەی گەلی کوردستانیش ، پارتی دیموکراتی کوردستان دەکاتە هێزی سەرەکی و یەکلایکەرەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ئایندەی هەرێمی کوردستان**

**بەداخەوە بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و ململانێی ناتەندروستی حزبەکان بوونە ڕێگر لەوەی کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی**

**ئەم واقیعە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەت و فەرزکراوی بڕیارێکی دادگای فیدرالی ئەنجامدراوە**

• بەپێی ڕێژەی دیاریکراوی ژمارەی دەنگەکان بۆ هەر کورسییەك، مەزندە دەکرێت ژمارەی کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی «٩٥ کورسیی پەرلەمان» لەنێوان «٤٢-٤٤» کورسیدا بێت، ئەم متمانە گەورەیەی گەلی کوردستانیش ، پارتی دیموکراتی کوردستان دەکاتە هێزی سەرەکی و یەکلایکەرەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ئایندەی هەرێمی کوردستان.

• ئاکامە بەراییەکان ئەوەمان پێدەڵێن، جیاوازیی نێوان هێزی یەکەم و هێزی دووەم بەپێی ژمارەی دەنگدەر نزیکە لە ٣٥٠-٤٠٠ هەزار دەنگ و ژمارەی کورسییەکانیش بۆ نزیکەی ٢٠ کورسی دەبێت، بۆیە لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە ململانێی سیاسی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هێزی یەکەم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هێزی دووەم نابێت، بەڵکو لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هێزی دووەم و نەوەی نوێ وەك هێزی سێیەم دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یەکێتی تەنیا لەناو سلێمانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پێش نەوەی نوێیەوەیە ، بەڵام لە هەولێر هەردووکیان زۆر لێکنزیکن و لە دهۆکیش نەوەی نوێ لەپێش یەکێتییەوەیە.

• بەشداریی بەرفراوانی هاووڵاتیان لە هەردوو پارێزگای «هەولێر و دهۆك» بە ڕێژەی «٧٤-٧٥٪» و ، دەنگدانیان بەو ئاستە بەرزە بە لیستی ١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەشیان ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان نایەوێت ئەو ئارامی و ئاوەدانییەی وەك شۆڕشێکی ئاوەدانکردنەوە دەستی پێکردووە بەهیچ جۆرێك ڕابوەستێت.

**• نەخشەی تازەی پرۆسەی سیاسی لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا**

نەخشەی تازەی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەرجەستە و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئازادیی گەلی کوردستانە و، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگ و متمانەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان داوە، ئەوا ئامانجی سەرۆك بارزانی ئەوەیە بەم متمانەیە نەخشەی کوردستانێکی بەهێزتر دابڕێژێت و ، پەرلەمانی کوردستان بەجۆرێك دابمەزرێتەوە کە ڕەنگدانەوە کۆی ئیرادەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێت و بە «پێکەوەیی و خۆڕاگری» بەرەو ئایندەیەکی گەشتر هەنگاو هەڵبگرین.

هەر لەساڵی ١٩٩٢ەوە و لە دەسپێکی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانەوە تا خولی پێنجەم کە لە٣٠ی ئایاری ٢٠٢٣ بە بڕیاری دادگای فیدرالی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ڕەتکرایەوە، ژینگەی پەرلەمانی کوردستان، ژینگەیەکی ئاڵۆزی سیاسی و ململانێی ناتەندروستی نێوان فراکسیۆنە جیاوازەکان بووە و، ئەم ژینگە ئاڵۆزە سیاسییەش ڕێگر بووە لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان بتوانێت چەندین یاسا و بڕیاری گرنگ دەربکات کە واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی و ، لەسەروو هەموویانەوە لە ماوەی پێنج خولی پەرلەمانی کوردستاندا، نەمانتوانی دەستووری هەرێمی کوردستان بنووسینەوە، ئەمە لەکاتیکدا پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور لەلایەن پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکرابوو و، ڕۆژی گشتپرسیش لەسەر دەستوورکە دیاریکرابوو، بەڵام بەداخەوە بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و ململانێی ناتەندروستی حزبەکان بوونە ڕێگر لەوەی کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی کە بەپێی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی دەستووری خۆی هەبێت.

جیاوازیی خولی شەشەم لەگەڵ هەر پێنج خولەکەی پەرلەمانی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئایاری ٢٠٢٣، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە بڕیاری بەرەی کوردستانی هەڵبژاردنی ئەنجامداوە و، دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، هەرێمی کوردستان یاسای هەڵبژاردن و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی خۆی هەبووە و، لە چوارچێوەی یاسای هەڵبژاردن و بە چاودێریی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی ئەنجامداوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەماندا، ئێمە هەڵبژاردنمان لە چوارچێوەی بڕیارێکی دادگای فیدرالی ئەنجامداوە کە ئەو بڕیارە ناوەڕۆکی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی بێ بەها کردووە و ١١ کورسیی کۆتای ڕەتکردۆتەوە و پاشان لە ژێر گوشاری پارتی دیموکراتی کوردستاندا ، لە کۆی ١٠٠ کورسییەکەی پەرلەمانی کوردستاندا، ٥ کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوەتەوە.



**ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە خاوەنی ژێرخانێکی تەکنەلۆژیی ئەوتۆ کە هەنگاو بۆ حکومەتی دیجیتاڵی لە کۆی وەزارەت و دامودەزگاکانی کوردستان هەڵدەگرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی بەرنامەی «کوردستانێکی بەهێز» بوو بۆ دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ کابینەی دەیەم بەرنامەی کوردستانێکی بەهێزتری دەبێت**

**لە چەند ڕۆژی داهاتوو دوای ئەوەی ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بە ڕێگەی یاسایی پەسەند دەکرێن و دەبنە ئاکامی فەرمی ، قۆناخێکی هەستیار لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکاتەوە**

ئەم واقیعە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەت و فەرزکراوی بڕیارێکی دادگای فیدرالی ئەنجامدراوە و ، لە کۆمەڵێك ڕووەوە پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا تێکداوە، بۆیە گرنگیی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە کە دەبێت هەموو باردۆخە ڕاست بکاتەوە، بەتایبەتی دووبارە داڕشتنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە تیایدا کورسیی کۆتاکانی تێدا یەکلایی بکرێتەوە و، هەروەها دەبێت جارێکی دیکە یاسایەکی تایبەت بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێتەوە.

ئەم باردۆخە تازەیەی دوای هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەم ، پێویستی بە نەفەسێکی سیاسی تازە هەیە کە دووربێت لە ئاڵۆزی و حەماسی ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و، بەتێڕوانینێکی گەشبینانە سەیری چارەنووس و ئایندەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەین.

### • کورستانێکی بەهێزتر بەرنامەی کابینەی دەیەم

ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی کە کابینەی دەیەم درێژە پێدەری کاروانی ئاوەدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەنگاوی زۆر باش بۆ دووبارە بونیادنانەوەی کۆی ژێرخانەکانی حکومڕانیی هاوچەرخ و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاوولاتیانی کوردستان هەڵگیراوە، ڕاستە بونیادنانەوەی ئەو ژێرخانانە پێویستییان بە ئیمکانییەتێکی زۆری مرۆیی و ماددی هەبوو، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ ەوە کاریگەریی ئەو پتەویی ئەو ژێرخانانە بە تەواوەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی پرۆسەی حکومڕانی هەبووە، بەتایبەتیش کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە خاوەنی ژێرخانێکی تەکنەلۆژیی ئەوتۆ کە هەنگاو بۆ حکومەتی دیجیتاڵی لە کۆی وەزارەت و دامودەزگاکانی کوردستان هەڵدەگرێت و، لە دووبارە ڕێکخستنەوەی سێکتەری بانکی هەرێمیش کە سیستمی بانکی هاوچەرخ بناخەی پەرەپێدانی بەردەوامی هەر پرۆسەیەکی حکومڕانیی باش و سەرکەوتووە، ئێستا لە کوردستاندا کە فەرمانبەران مووچەکانیان بە ئامێری «ATM» وەردەگرن و، لەبەشێکی زۆری مۆڵ و ڕیستۆرانەکاندا دەتوانرێت بە کارتی ئەلیکترۆنی بانکی مامەڵە بکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی بەرنامەی «کوردستانێکی بەهێز» بوو بۆ دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ کابینەی دەیەم بەرنامەی کوردستانێکی بەهێزتری دەبێت، کوردستانێك کە وەك بەڕێز مسرور بارزانی بەردەوام لەگەڵ خەڵك دووپاتی لەسەر دەکاتەوە ، دەبێت لە ئاستی دەوڵەتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا خۆی بەراورد بکات نەك دەوڵەتانی دەوروبەر، ئەمەش بەو ئامانجەی کە خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان شایستەی ئەوەیە کە زۆر لەمە زیاتری بۆ بکرێت و هاوولاتیانی کوردستان لە ژیانێکی شایستەتردا بژین.

دیدوتێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە کردەیی پیادەی کردووە، خۆی لەو چوارچێوەیەدا بەرجەستەکردووە کە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و کۆی هێزە سیاسییە جیاوازەکان بەشداری لە جێبەجێکردنی بەرنامەی «کوردستانێکی بەهێزتر» بکەن، بە دید و تێڕوانینی پێکهاتە جیاوازەکان و بیربۆچوونە جیاوازەکان ئەو بەرنامەیە دەوڵەمەندتر بکات و، جیاوازییە ئایینی و نەتەوەیی و سیاسییەکان بکەینە سەرچاوەی هێز بۆ بونیادنانەوەی «کوردستانێکی بەهێزتر»، ئەمەش ئەو ئاراستەیەیە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناویدا خەباتی بۆ کردووە و ، قوربانی بۆ پاراستنی کوردستان داوە.

لە چەند ڕۆژی داهاتوو دوای ئەوەی ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بە ڕێگەی یاسایی پەسەند دەکرێن و دەبنە ئاکامی فەرمی ، قۆناخێکی هەستیار لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکاتەوە، ئەو قۆناخە هەستیارە پێویستی بەوەیە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە هاوشانی پارتی دیموکراتی کوردستان، خەمە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە خەمی خۆیان بزانن، بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم گەلە قارەمانەی کوردستان لە ململانێی ناتەندروستیی حزبی بێزار و هیلاك بووە و کاتی ئەوەیە کە هەموو پێکەوە بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر هەنگاو هەڵبگرین.



## دکتۆر هومام ئەلشەماع
### کەسایەتیی ناسراوی عێراقی و شارەزای ئابووری بۆ گوڵان:

# عێراق و ناوچەکە پێویستیان به دیدگا و ڕۆحی شۆڕشگێڕی و لێبووردەیی مەسعود بارزانی هەیە

**گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرکێشییەکانی بەناو بەرەی مقاوەمەی عێراقی دژ بە ئیسرائیل هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لە ڕاپێچکردنی عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار و ناجێگیربوونی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر هومام ئەلشەماع کەسایەتیی ناسراوی عێراقی و شارەزای ئابووری سازدا.**

*** وەکو کەسایەتییەکی عێراقی و شارەزایەکی بواری ئابووری، ئایا پێت وا نییە هێزەکانی بەناو بەرەی موقاوەمە لە عێراق ڕەنگە بە هۆی بەردەوامبوونیان لە جووڵەکانیان دژی ئیسرائیل، وڵاتەکە تووشی کێشەی گەورە بکەن، چونکە وا دەردەکەوێت میلیشیاتە شیعەکانی ناو بەرەی موقاوەمە گوێڕایەڵی حکومەتی عێراق نابن و ڕەنگە بەم نزیکانە عێراق لەو شەڕەی نێوان حزبوڵڵای لوبنانی و ئیسرائیل تێوەبگلێنن؟**

- هەموو ئەو میلیشیاتە چەکدارانەی ناوی خۆیان ناوە بەرەی موقاوەمە و بەردەوام بە درۆن هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل، بۆ گوێڕایەڵبوونیان بۆ ئێران دەگەڕێتەوە. ئەوان پێیان وایە زوو بێت، یان درەنگ، دەبێت ببنە بەشێك لەو شەڕەی کە لە نێوان حزبوڵڵای لوبنانی و ئیسرائیل هەڵگیرساوە. ئەوان دەمێکە لەو شەڕەوە تێوەگلاون و سەرقاڵی کۆکردنەوەی پارەی عێراقن و بە ملیۆنەها دۆلار لە بازاڕەکانی عێراق سپی دەکەنەوە و ئاودیوی دەرەوەی سنوورەکانی دەکەن. ئەوان دەمێك بوو دەیانویست محەمەد شیاع سوودانی لاببەن، بەڵام هەندێك حیسابات و مەترسیی تێکچوونی بارودۆخی نێوخۆی عێراق ڕێگر بوو لە بەردەم ئەم پیلانەیاندا. ئەوەتا وڵاتێکی وا دەوڵەمەندی وەکو عێراق کە خاوەنی نەوت و داهاتێکی گەورەی پترۆدۆلارە، کەچی ئەوە حاڵی بەهای دینارەکەیەتی، چونکە ئەم میلیشیاتانە لە ڕێگەی باڵادەستییانەوە تەمویلی شەڕی ئێران و یەمەن و حزبوڵڵای لوبنانی دەکەن لە دژی ئیسرائیل و ناوبەناویش بە شێوازی جۆراوجۆر دژایەتیی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان نەشاردووەتەوە.

*** پێت وانییە سەرۆك مەسعود بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هێورکردنەوەی ئەو دژایەتی و بارگرژییانە و چارەسەرکردنی زۆر لە کێشە هەڵپەسێردراوەکان؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تا چەند بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان هەر دوو**




**حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی دەبێت بۆ بەهێزکردنی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان؟**

- کاریزمایی و ڕۆڵی مێژوویی مەسعود بارزانی کە درێژکراوەی بیروباوەڕی سەرکردەی گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانییە، ڕۆڵێکی نیشتمانپەروەریی و ئاراستەیەکی ڕاست و دروستە، بەردەوام کاری بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و عێراق کردووە. ئەم سەرکردە گەورەیەی کورد پارێزەری ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیانە، بۆیە بە درێژایی مێژوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕۆڵ و خۆشەویستی و ڕێزی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بۆ ئەم سەرکردە مێژووییە دیار و لەبەرچاوە. ئەوەتا دوور لە بارگرژی و توندوتیژی بارودۆخەکەی بە سەردانێك بۆ بەغدا هێورکردەوە و پاڵپشتیی هەموو هەوڵێکیش دەکات کە ئاکامە باشەکانی بڕژێتە ناو بەرژەوەندیی گەلانی عێراقەوە. مەسعود بارزانی لێبووردە بوو بەرانبەر ئەو هێزانەشی زیانی بە نەتەوەکەی و خێزان و بنەماڵەکەی گەیاندبوو، بۆیە عێراق و ناوچەکە پێویستیان بەم سەرکردە مێژووییانەی وەکو مەسعود بارزانی هەیە، بۆ تێپەڕاندنی ڕۆژە سەختەکان و بارگرژییەکان، لە ئاکامی ئەم سیاسەتە حەکیمانەیەی سەرۆك بارزانی بارودۆخە سەختەکان تێدەپەڕێنین و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر ڕوو لە باشی دەکات.

*** وەکو کەسێکی شارەزا لە بانك و بواری نەختینەیی چۆن دەڕوانیتە شوێنەوارەکانی هەڵکشانی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا کێشەکە زیاتر سیاسی و سەربازییە و بۆ ئەو بارگرژییە دەگەڕێتەوە کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵداوە و ئەگەری زۆریشی هەیە تەشەنە بسێنێت، ئەوەتا فرۆشتنی دۆلاری ڕۆژانەی بانکی ناوەندیی عێراق لە نێوان ٢٦٠-٢٧٠ ملیۆن دۆلاردایە، کەچی سەرکەوتوو نەبووە بە ڕاگرتنی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی، هەر خۆی لە خۆیدا بە ددانپێدانی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش وڵاتەکەی ڕۆژانە بۆ هێنانی کاڵاو پێداویستییەکان لە دەرەوە پێویستی بە ٥٠ ملیۆن دۆلار هەیە. من لەتوێژینەوەیەکمدا ئەوەم سەلماندووە، کە جیاوازیی نێوان هێنراوەکان و خستنەڕووی دۆلاری ئەمریکی لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە خۆی

**هەموو ئەو میلیشیاتە چەکدارانەی ناوی خۆیان ناوە بەرەی موقاوەمە و بەردەوام بە درۆن هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل، بۆ گوێڕایەڵبوونیان بۆ ئێران دەگەڕێتەوە**




**لە ئاکامی ئەم سیاسەتە حەکیمانەیەی سەرۆک بارزانی بارودۆخە سەختەکان تێدەپەڕێنین و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر ڕوو لە باشی دەکات**

لە ١٧٠ ملیۆن دۆلار دەدات. بە واتایەکی دیکە ڕۆژانە ١٧٠ ملیۆن دۆلار لە عێراق بۆ تەمویل و ئەجندە و بابەتی جیاواز لە ئابووری و قووتی خەڵك بەهەدەر دەدرێت، ئەمەش لەسەر حیسابی ٥٠٪ی دانیشتووانی عێراقە کە لە خوار هێڵی هەژاریدان. حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی ئەم ڕاستییە تاڵە باش دەزانێت، بەڵام ناچارە ئەو بڕە دۆلارە گەورەیە ڕۆژانە بخاتە بازاڕەوە، تاوەکو دیناری پێ بکڕێت و مووچەی مووچەخۆرانی بێ دابین بکات و دۆخی ئاشتیی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت. هەر خۆی لە خۆیدا کاتێك وەزیری دارایی دەڵێت: لەتوانایدایە تاکو شەش مانگی داهاتوو موچەی مووچەخۆران دابین بکات، ئەوا بۆ ئەو بڕە دۆلارە دەگەڕێتەوە کە لەبەردەستی بانکی ناوەندیی عێراقدایە و ڕۆژانە بە بڕی ٢٦٠-٢٧٠ ملیۆن دۆلار دەخاتە بازاڕەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی مانگانە حەوت تریلیۆن دیناری پێویستە بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی بەکارخستن لەناو بوودجەی عێراقدا، بۆیە پێم وایە تاوەکو هێزەکانی بەناو موقاوەمەی عێراق بەردەوام بن لەسەر جووڵەکانیان لەدژی ئیسرائیل، ئەگەرەکانی هێرشکردنە سەر عێراق لەلایەن ئیسرائیلەوە زیاتر دەبێت، لەم بارودۆخەشدا زۆر زەحمەتە بتوانرێت بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی کەم بکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی تا حزب و بەرەی بەناو موقاوەمە و لایەنگرانی ئێران لەعێراق دۆلاری ئەمریکی ئاودیو بکەن، ئەم دۆخە ناجێگیر و ناسەقامگیرییەی بەهای دینار و ئابووریی بەردەوام دەبێت.

*** بەرزبوونەوەی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی کاریگەری و شوێنەوارەکانی لەسەر ئابووری عێراق چۆن دەبێت؟**

- ئابوورییەك تەنیا پشتی بەستبێت بە داهاتی نەوت، ئەوا جگە لەوەی بارودۆخی ئابوورییەکەی ناسەقامگیرە، بەردەوامیش ئابووری و داراییەکەی ڕووبەڕووی تەحەددا و کێشەی ئاڵۆز دەبێتەوە. بە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراق، کێشەی هەڵاوسان و بێبازاڕی زیاتر دەبێت.

پێشتر بانکی ناوەندیی عێراق ڕۆژانە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری دەخستە بازاڕەوە، بۆیە بارودۆخەکە و ئاودیوکردنی دۆلار بەردەوامی بە ناجێگیریی بەهای دۆلار دەدات.

ئەمریکا و دامەزراوە سیاسی و سەربازی و داراییەکانی باش دەزانن، حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە بە هاوبەشێکی ستراتیژیی دایدەنێن، لەژێر چ گوشارێکی ئەو میلیشیاتە شیعانەدایە کە ناوی خۆیان ناوە بەرەی موقاوەمە، بۆیە ئیجرائاتەکانی بانکی ناوەندی بەرانبەر حکومەتەکەی شیعاع سوودانی توند نابێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا باش دەزانێت هەموو ئەم پارانەی عێراق دەچێتە ناو بەرژەوەندیی هێزە چەکدارەکانی سووریا و لوبنان و یەمەن، بۆیە ئەم ناجێگیرییەی بەهای دۆلار لەگەڵ گرژییەکانی شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا بەردەوام دەبێت.

*** سەبارەت بە بەردەوامیی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، کە زیانەکانی لە ٢١ ملیار دۆلار تێپەڕی کردووە، ئایا ڕێگری چییە لە دووبارە هەناردەکرنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و کارپێکردنی بۆریی نەوتی کەرکووك - جەیهان؟**

- لە بەرژەوەندیی عێراقدایە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێ بکاتەوە و قەرەبووی ئەو هەموو زیانە بکاتەوە، ئیشپێکردنەوەی بۆریی نەوتی کوردستانیش لە کەرکووکەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا گرنگە، بەتایبەتی لەگەڵ ئاڵۆزبوونی زیاتری بارگرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران و ئەگەری ڕاگرتن و بەرزبوونەوەی مەترسییەکانی بارگرتنی نەوت لە ڕێگەی کەنداوەوە، هەندێك لەو هێزە چەکدارانەی لەژێر ئەجندای دەرەکی کار دەکەن و دەسەڵاتیان لەناو پەرلەمان و حکومەتی عێراق هەیە، ڕێگرن لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی ئەو زیانە گەورەیەی بەر عێراق دەکەوێت، ئەمەش بابەتێکی سیاسییە زیاتر لەوەی تەکنیکی بێت.

*** ئایا بارودۆخەکە لەبارە بۆ ئەوەی نەك تەنیا چارەسەری کێشەکان بکرێت، بەڵکو لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان تەکامولێکی ئابووریش دروست ببێت؟**

- کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، بۆیە دەبێت بەپێی دەستوور و یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. نزیکبوونەوەی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەلایەن محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە پێشوازیی باشی لێکراوە، دوا دەرفەتی ئەو نزیکبوونەوە و بەهێزبوونی پەیوەندییانەیە کە ئومێدی تەکامولی ئابووری لێدەکرێت لە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی کوردستان و گەلی عێراق، ئەوەتا دەنگ و دژایەتیی ئەو هێزانەشی کە ئیرەییان بەم پێشکەوتنانەی کوردستان و پەیوەندییانە دەبرد، کپ کراوە. ڕاستە لێرە و لەوێ عەقڵییەتی داخراو و ئەجێندای دەرەکی و مەرام و بەرژەوەندیی شەخسی ئاستەنگ و بەربەست دادەنێن، بەڵام لە ئاست پەیوەندییەکاندا ئەم دەنگ و هەوڵانە لاوازن. سەبارەت بە تەکامولی ئابووری چەند نموونەیەك هەیە. عێراق ساڵانە ١١ ملیار دۆلار کاڵا و شمەك و غاز و سووتەمەنی لە ئێرانەوە دەهێنێت، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەم پێداویستییانە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە. هەولێر زۆر پێشکەوتووە و کەرتی بەرهەمهێنانی ڕووی لەگەشەکردن کردووە، دەبێت دەسەڵاتدارانی هەرێم هەوڵ بدەن، ئەم بەرژەوەندی و پەیوەندییانە دوو لایەنە بێت و وەبەرهێنەرانی عێراقیش ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە هەموو پەیوەندی و بەرژەوەندییەك ئەگەر بەسوود و قازانجی هەردوو لا بێت، زامنی بەردەوامی دەبێت.

*** کێشە گەورەکەی عێراق لە ئابوورییەکەی و پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی فرۆشتنی نەوتە، ئایا حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی فرەچەشنکردنی داهاتی ناوخۆ سەرکەوتوو بوو؟**

- بەداخەوە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە هەوڵەکانی پەرەپێدان و بووژانەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەپێی پێویست سەرکەوتوو نەبووە، هەر دوو کەرتەکە لەبەردەم ئالنگاریی و ئاستەنگی گەورەدان، کەرتی کشتوکاڵ بە هۆی وشکەساڵی و کەرتی پیشەسازییش بە هۆی سیاسەتی هەڵەی پشتبەستن بە داهاتی فرۆشتنی نەوت و قەبەیی خەرجییەکانی بەکارخستن. بۆ دەربازبوون لە قەیرانە ئابووری و داراییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی ناوخۆ زۆر گرنگە ڕوو لەم دوو کەرتە بکرێت.

**فرۆشتنی دۆلاری ڕۆژانەی بانکی ناوەندیی عێراق لە نێوان ٢٦٠-٢٧٠ ملیۆن دۆلاردایە، کەچی سەرکەوتوو نەبووە بە ڕاگرتنی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی**

**تا حزب و بەرەی بەناو موقاوەمە و لایەنگرانی ئێران لەعێراق دۆلاری ئەمریکی ئاودیو بکەن، ئەم دۆخە ناجێگیر و ناسەقامگیرییەی بەهای دینار و ئابووریی بەردەوام دەبێت**

**ئەمریکا و دامەزراوە سیاسی و سەربازی و داراییەکانی باش دەزانن، حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە بە هاوبەشێکی ستراتیژیی دایدەنێن، لە ژێر چ گوشارێکی ئەو میلیشیاتە شیعانەدایە کە ناوی خۆیان ناوە بەرەی موقاوەمە**

**کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، بۆیە دەبێت بەپێی دەستوور و یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**



**نەوزاد شێخ کامیل**

**بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بەکردار کێشەی هەڵگرتنی گەنمی جووتیاران چارەسەر کراوە

**مەسرور بارزانی لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڵێنی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کێشەی گەنمی جووتیارانی دا، لەم پێناوەشدا بە کردار دەستی بە جێبەجێکردنی بەرنامە وەزارییەکەی کرد و لە ماوەیەکی کورتدا توانی وەرچەرخانێك لە کەرتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کێشەی گەنمی جووتیاراندا دروست بکات، ئەمەش لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی سیاسەت و بەرنامەیەکی پێشکەوتوو بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی خۆراك و ساخکردنەوەی بەرهەم و گەنمی جووتیاران، لەم پێناوەدا چەندین سایلۆ و ئەمباری وەرگرتن و هەڵگرتنی گەنمی جووتیاران دروست کرا، گفتوگۆ و پەیوەندییەکانیش لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە سەر پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و مووچەخۆر و دابینکردنی شایستە داراییەکانی جووتیارانی کوردستان پەڕێوە چوو. گەنم ئەو بەرووبوومە ستراتیژییەیە کە بنەمای پێشخستنی کشتوکاڵ و دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراکییە، زامنکردنی مافی جووتیاران لە چوارچێوەی ساخکردنەوەی بەری ڕەنج و ماندووبوونیان ئەو خاڵە سەرەکییە بوو کە سەرۆك وەزیران جەختی لەسەر کردەوە، ئەوە بوو پارەی سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ی گەنمی جووتیارانیشی گەڕاندەوە، گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی هەرێمی کوردستان گرنگترین دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری وەرگرتن و ئەمبارکردن و ساخکردنەوەی گەنمی جووتیاران دەخاتە ڕوو.**

*** خاڵێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساخکردنەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستان بوو، ئەم گرنگییەش لە چوارچێوەی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ هەموو بەرووبوومی جووتیاراندا هاتووە، ئێوە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی تاچەند کارتان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی کارنامەکە کردووە؟**

- هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی گرنگ نرا بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بەتایبەتی پیشەسازیی خۆراك و چارەسەرکردنی کێشەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، لەم پێناوەدا کاری گەورە و گرنگ ئەنجام دراوە و تێیدا بووە هەوێنی هاندانی برا جووتیارەکان بۆ زیادکردنی بەرهەم، دروستکردنی چەندین سایلۆ و کۆگا و هەموارکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەر سێ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، هەموو لە چوارچێوەی ئەم ئامانجە ستراتیژییەدا هاتووە. لەم کابینەیەدا توانرا کێشەی بەرووبوومی دانەوێڵەی جووتیاران چارەسەر بکرێت، تەنانەت پارەی سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ی گەنمی جووتیاران گەڕێندرایەوە، بەمەش ترس و دڵەراوکێی جووتیاران بە ساخ نەکردنەوەی بەری ڕەنج و ماندووبوونی ساڵانەیان کۆتایی پێهات، ئەمەش گەورەترین دەستکەوتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ برا جووتیارەکان و بۆ ساخکردنەوەی بەرووبوومەکان و پاراستنی ئاسایشی خۆراکی .

**لەم کابینەیەدا سێ سایلۆی «قوشتەپە، کەلار، ڕۆڤیا» هەر یەکەو بەتوانای ٤٠ هەزار تۆن لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک دروست کراون**

*** باس لە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی پیشەسازی و خۆراکی و سایلۆت کرد کە لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا جێبەجێ کراوە، دەکرێت ئێستا بڵێین کێشەکانی بەردەم ئەمبارکردن و ساخکردنەوەی گەنمی جووتیاران چارەسەر بووە؟**

- لەم کابینەیەدا سێ سایلۆی «قوشتەپە، کەلار، ڕۆڤیا» هەر یەکەو بە توانای ٤٠ هەزار تۆن لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك دروست کراون و هەر یەکەیان هەشت کۆگای هەیە، بەمەش تادێت بڕی گەنمی وەرگیراو زیاتر دەبێت، ئەوەتا لە دەستپێکی کابینەکەدا لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٣ بڕی ١،٦٩٢،١٨٦ تەن گەنم وەرگیراوە و تادێت بڕی گەنمی وەرگیراو زیاتر دەبێت، لە ئێستادا لە

**دەست بە کارەکانی بونیادنانی سایلۆی هەڵەبجە کراوە**



**لە کۆیە و هەریر سایلۆ دروست دەکەین و سایلۆیەکی دیکەش لە زاخۆ بونیاد دەنێین**

**ئەو گەنمەی لە پشکی دیاریکراوی هەرێم زیاد بووە، لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە لە جووتیاران وەردەگیرێتەوە**

هەرێمی کوردستاندا ١١ سایلۆمان هەیە، بۆ ئەمساڵیش ٦٨٥،٠٠٠ تۆن گەنم بە بەهای ٥٦٠ ملیار دینار وەرگیراوە کە ٢٢٧ هەزار ملیار دیناری هاتووە و چاوەڕوانین ئەو بڕە پارەیەی دیکەش بگات، لە سایلۆی قوشتەپە کە لەم کابینەیەدا دامەزراوە ٤٠ هەزار تەن گەنم وەرگیراوە و بنکەیەکیشمان لە شاری کۆیە کردەوە کەزیاتر لە ٢٨ هەزار تەن گەنمی تێدا ئەمبار کرا، لە ڕۆڤیاش بۆ ئەمساڵ زیاتر لە ٤٠ هەزار تەن وەردەگرین و میلاکیان بۆ دانراوە، بۆ ئەمساڵ لەو ناوچەیەش کێشەی وەرگرتنی گەنم چارەسەر دەبێت، لە پلانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە چەند سایلۆیەکی دیکەش دروست بکەین، ئەوەتا بەردی بناغەی سایلۆی هەڵەبجەمان داناوە و دەست بە کارەکان کراوە و لەم یەك دوو ساڵەی داهاتوودا بونیاتنانی سایلۆکە تەواو دەبێت و دەست بەوەرگرتنی گەنمی برا جووتیارەکان دەکرێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەنگاوەکانی دروستکردنی سایلۆ لە کۆیە و هەریر و سایلۆیەکی دیکەش لە زاخۆ دروست دەکەین. لە لایەکی دیکەوە کەرتی تایبەتیش هاندراوە ڕوو لە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بکەن و لە بواری پیشەسازیی خۆراکدا سوودی لێ وەربگرن، لەمەشدا دوو کۆمپانیای گەورە لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتی کراون بۆ ئەوەی گەنمی جووتیاران وەربگرن کە لە ڕووی سایلۆ و کۆگا و کڕینەوەی گەنم و بەپیشەسازیکردنی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، بۆ ئەمساڵیش دوو ئاشی کەرتی تایبەت بەگەڕ خران و وەزارەتی بازرگانیی عێراقی فیدراڵ گەنمیان بە نرخی پاڵپشتیکراو دا تاوەکو ئاردی سفر لە بازاڕدا بەهەرزان بفرۆشن و کێبرکێی ئاردی سفری دەرەوە بکەن. هەموو ئەم هەنگاو و پرۆژانە بنەمایەکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی نرخی نان نەك هەر بەرز نەبێتەوە بەڵکو نرخەکەشی کەم ببێتەوە.

*** وەك ئاشکرایە لە هەموو جیهاندا نرخی گەنم و ئارد و نان بەرزبووەتەوە، ئایا ئەم هەنگاوانەی هەردوو وەزارەتی بازرگانیی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی بارزگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان توانیویانە تا ڕادەیەکی باش ڕێگر بن لە بەرزبوونەوەی نرخی ئارد و نان لە بازاڕە نێوخۆییەکاندا؟**

- بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەلایەك و شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و حزبوڵڵا و



ئەگەری تەنەشەکردنی شەڕەکە لەلایەکی دیکەوە و، گرانی نرخی سوتەمەنی و گواستنەوەی کاڵا و شمەکەکان و بەرزیی نرخی نەوت کە هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی بەهای کەلوپەل و بەرهەمی پیشەسازیی خۆراکی، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی خواستی بازاڕەکانی عێراق و کوردستان کە پێویستیان بە پێنج ملیۆن تەن گەنم هەیە تا دەگاتە بەرزیی تێچوونی گواستنەوەی ئاردەکە، ئەمانە هەمووی وای کردووە ئەو گەنمەی دەکڕدرێت تا دەگاتە بازاڕەکانی عێراق نرخەکەی زۆر زیاتر بەرز ببێتەوە، بەمەش نرخی ئارد لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گەنمەوە گران بووە و تەنی ئارد لە ٤٣٠ دۆلارەوە بۆ ٥٠٠ دۆلار زیاد بووە، بۆیە ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەت و پاڵپشتی و چاودێریکردنی بازاڕە نێوخۆییەکان لە ڕێگەی تیمەکانی چاودێریی بازرگانییەوە بۆ ئەوەیە نرخی فەردەیەك ئارد زیاتر بەرز نەبێتەوە، کە لە ئێستادا بۆ ٢٤-٢٨ هەزار دینار بەرز بووەتەوە، وا چاوەڕوانیش دەکرێت ساڵ لە دوای ساڵ بەرهەمی گەنم ڕوو لە زیادبوون بکات و لەگەڵ دابەشکردنی بەشەخۆراك و پێدانی بەردەوامی ئارد، نرخی ئارد لە بازاڕەکاندا دابەزێت و لەو ئاستە بەرزەدا نەمێنێتەوە، بەتایبەتی کە هەموو پێشبینییەکانی کەشناسی وا نیشانی دەدەن کە وشکەساڵی ڕوو نەدات. لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕێگەی لیژنەکانی ئاسایشی ئابووری و قایمقامیەتەوە ڕێگە لە چوونە دەرەوەی ئارد دەگیرێت و چاودێرە بازرگانییەکانمان ئاگادار کردوونەتەوە زیاتر بچنە ناو بازاڕەوە و ڕێگری لە زیادبوونی نرخ و گەمەکردن و قۆرخکاری بەو بەرهەمە گرنك و پێویستییە سەرەکییەی هاووڵاتیانەوە بکەن.

*** سەبارەت بە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ بەغدا لە چ ئاستێکدایە؟**

- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی لە ئاستێکی بەرزدایە، لەپێناو زامنکردن و ساخکردنەوەی بەرووبوومی گەنمی جووتیاران و دابەزینی نرخی ئارد و هاتنی بەردەوامی بەشەخۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان، ئەمە وێڕای ئەوەی بەردەوام خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی بەشە جیاجیاکانی بازرگانی دەکرێتەوە.

**لەم هەفتەیەدا چەکی بانکیی گەنمی جووتیاران لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت**

**دوو ئاشی کەرتی تایبەت بەگەڕ خران و گەنمیان بە نرخی پاڵپشتیکراو دەدرێتێ تاوەکو ئاردی سفر لە بازاڕدا بە هەرزان بفرۆشن**



**پارکێکی بەرفراوانی سەردەمییانە**
**بە گوژمەی یەک ملیار و ٤٥٠ ملیۆن دینار**
**لە هەریر دروست کراوە**

شیروان جەلال بەگ
قایمقامی هەریر (بە وەکالەت) بۆ گوڵان:

# لەم کابینەیەدا پێنج بۆند دروست کراوە و بۆ پێنج هەزار جووتیار پڕۆژەیەکی ئاودێری لە زێی قەندیلەوە ڕادەکێشین

**لە کابینەی نۆیەمدا بە گوژمەی**
**چوار ملیار دینار پڕۆژەی**
**خزمەتگوزاریمان جێبەجێ کردووە**

# جووتسایدی عەلی هەریری - گوندی هەنارە بە تێچووی دوو ملیۆن و نیو دینار دروست دەکرێت

قەزای هەریر لە سەنتەری قەزا و ناحیەی باسرمە و (٩٩) گوند پێك هاتووە. ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی (٤٥) هەزار کەسە و ناوچەیەکی بەرفراوان و بەپیتی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە. بە قەزابوونی هەریر دیاریی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ دانیشتووانی سنوورەکە و بە دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری و پارك و ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە و ڕێگەوبانیشی بۆ دەڤەرەکە جێبەجێ کردووە. لە زنجیرەی دیدارەکانی گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی قەزا و ناحیە و ناوچە دوورەدەستەکان، دیمانەیەکمان لەگەڵ شیروان جەلال بەگ قایمقامی قەزای هەریر (بەوەکالەت) ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** با سەرەتای پرسیارەکەمان بە بابەتی ئاوی خواردنەوە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەست پێبکەین، کە کاریگەریی خراپی لەسەر دابەزینی ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی هەبووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە سێکتەری ئاوی خواردنەوە لە قەزای هەریر و سنوورەکەی چ کێشەیەکتان هەیە؟**

- لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٣دا هەریر ئەو کات کە ناحیە بوو لە ناو قەیرانی کەم ئاویدا بوو، بەڵام لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەر و فەرمانگەی ئاوی هەریر بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی قەیرانەکە پلان و بەرنامەیەکمان دانا، ئەویش بە چاککردنی تۆڕی ئاوی خواردنەوە لە چەند شوێن و لێدانی چەند بیری تازە و دانانی سیستمێك بۆ ڕێکخستنەوەی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو بۆ هەموو گەڕەك و شوێنەکان، بەمەش گەیشتینە ئەو دەرئەنجام و ئاستەی کە ئەمساڵ (٢٠٢٤) هەریر و سنوورەکەی تاکە شوێن بوو لە سنووری پارێزگای هەولێر کە کێشەی ئاوی خواردنەوەی نەبووە. لەو کار و پرۆژانەی لەو کەرتەدا بۆ چارەسەری گرفتی کەم ئاوی ئەنجام دراون، هەوڵ درا بە کەمترین پارە و تێچوو بێت، کە تەنیا بە (٥٠٠) ملیۆن دینار دەخەمڵێندرێت، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستمان بە پرۆژەیەکی ستراتیژی هەیە و داوامان کردووە کە پرۆژەیەکمان بۆ بکرێت، بە گەیاندنی ئاوی زێی قەندیل بۆ هەریر و سنوورەکەی و بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بۆ ٥٠ ساڵی داهاتوو کێشەی ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری قەزا و ناحیەی باسرمە و گوندەکانی سنوورەکە چارەسەر دەبێت و تووشی کەمئاوی نابین. ئەو پرۆژەی ئاوە پێشتر دیزاینێکی لە لایەن کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە بۆ کراوە کە تێچووی پرۆژەکە (٧٥) ملیۆن دۆلارە، لە ئێستادا خەریکین دووبارە دەرخستە بۆ پرۆژەکە ئامادە بکەین و بە ئومێدین لە سایەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان پرۆژەکە بکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

**لە کابینەی نۆیەمدا لە ساڵی ٢٠١٩ تا ئێستا نزیکەی چوار ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینارمان بۆ پرۆژەکان خەرج کردووە و چەندین پرۆژەی دیکەش خراوەتە بەرنامە و پلانەوە**

*** لە کابینەی نۆیەمدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئەو پرۆژانەی لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاری و کەرتی گەشتیاری و کشتوکاڵ و ئاودێری ئەنجام دراون، چەند بودجەیان بۆ تەرخان کراوە؟**

- دەبێت ئەوە بزانین کە هەریر کەمتر لە ساڵێکە بووەتە قەزا، لە ماوەی ئەمساڵدا ژمارەیەکی باش و بەپێی توانای دارایی هەرێمی

**کارگەی ئاوی تەماتەی هەریر لە کارکرنی بەردەوامە و لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێت و بەرهەمەکەی بووەتە براندێکی نێودەوڵەتی و بۆ چەندین وڵاتانی دەرەوە ڕەوانە دەکرێت**

**لەم ڕۆژانەدا بەردی بناغەی بنکەیەکی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە قەزای هەریر دادەنرێت، کە تێچووەکەی بڕی ٢٥٠ ملیۆن دینارە**

**لە ڕووی بینایەی قوتابخانەوە لە هەموو سنوورەکە بەگشتی گرفت هەیە، چونکە زۆربەی بینایەی قوتابخانەکان کۆنن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە**

**لە ساڵی ڕابردوو پرۆژەی قیرتاوکردن و کۆنکریت و ئاوەڕۆی سەنتەری قەزاکە بە بڕی (٤٥٠) ملیۆن دینار جێبەجێ کرا، پرۆژەیەکی دیکەی قیرتاو و کۆنکرێتیش لە گەڕەکی باتاسی کۆن بوو کە بڕی پارەی خەرجکراوی (١٥٩) ملیۆن دینار بوو**

**پرۆژەی قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردن و ئاوەڕۆی گەڕەکی شەهید فەرنسۆ هەریری بڕی (٨٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە**

کوردستان کار و پڕۆژەمان ئەنجام داوە. ئەوەتا لە کابینەی نۆیەمدا لە ساڵی ٢٠١٩ تا ئێستا نزیکەی چوار ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینارمان بۆ پڕۆژەکان خەرج کردووە و چەندین پڕۆژەی دیکەش خراوەتە بەرنامە و پلانەوە.

*** ئایا کارگەی قتووبەندیی ئاوی تەماتە کە لە سنوورەکەدایە کارکردن تێیدا بەردەوامە و دەتوانرێت بۆ کاری قتووبەندیی دیکە سوودی لێ وەربگیرێت؟**

- کارگەی ئاوی تەماتەی هەریر لە کارکرنی بەردەوامە و لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێت و بەرهەمەکەی بووەتە براندێکی نێودەوڵەتی و بۆ چەندین وڵاتانی دەرەوە ڕەوانە دەکرێت. ئەو کارگەیە جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ وەرگرتنی تەماتەی بەرهەمی جووتیاران، هۆکارێکیشە بۆ هەلی کار لە سنوورەکەدا، ئەو کارگەیە کە لە سەرەتای دروستکردنیەوە بەو شێوەیەیە کە دەتوانرێت کار بکات بۆ بەرهەمی دیکەش، بۆ نموونە بۆ بەرهەمهێنانی جۆرەها شەربەتی میوەجات.

*** هەریر بە سنوورێکی بەناوبانگی کشتوکاڵی دادەنرێت، لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی ڕابردوودا لەم ڕووەوە چ پڕۆژەیەك ئەنجام دراوە؟**

- دەشتی هەریر لە دوای دەشتی شارەزوور و دەشتی هەولێر گەورەترین و بەرفراوانترین دەشتی کشتوکاڵییە لە هەرێمی کوردستاندا، ساڵانە بڕێکی زۆر لە گەنم و جۆ و برنجی لێ دەچێندرێت و لە ئێستادا پڕۆژە پێشنیارێکی ئاودێری هەیە کە ئاو لە زێی قەندیل بهێنرێت بۆ دەشتی هەریر، هەموو ئەو زەوی و پانتاییانە بگرێتەوە کە کاری کشتوکاڵی و چاندنی تێدا دەکرێت ئەو پڕۆژەیە زیاتر لە(٥٠٠٠) جووتیار لێی سوودمەند دەبن. هەر سەبارەت بە بەناوبانگیی هەریر لە کەرتی کشتوکاڵیدا، بابەتی برنجی هەریر و باتاس بەناوبانگترین برنجەکانی کوردستانن، بە ڕاکێشانی ئەو بۆرییەی ئاو کشتوکاڵی سنوورەکە دەبووژێتەوە، ئەمە و لە سنوورەکەدا تا ئێستا چوار پۆند لە کابینەی نۆیەمدا دروست کراون، چەند ڕۆژێك پێش ئێستاش لە گوندی قوبەك بەردی بناغەی پۆندێکی دیکە دانراوە کە ئەو پۆندانە تەنیا بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بەکار دێن، چونکە ئەوەندە گەورە نین کە بتوانرێت بۆ گەشتیاری سوودی لێ وەربگیرێت. ئەو پۆندانە بەگشتی زیاتر لە یەك ملیار دیناریان بۆ خەرج کراوە و پڕۆژەیەکی دیکەشمان بۆ پاڵپشتیی جووتیاران و بەرەوپێشەوەچوونی کەرتی کشتوکاڵی هەیە، کە لەم ڕۆژانەدا بەردی بناغەی بنکەیەکی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە قەزای هەریر دادەنرێت، کە تێچووەکەی بڕی ٢٥٠ ملیۆن دینارە، لە پاشان لە بەرنامەدایە لە ئایندەیەکی نزیکدا سایلۆیەك بۆ سنوورەکە دروست بکرێت، کە ئەمەش لەسەر ڕاسپاردە و گرنگیدانی ڕێزدار مسرور بارزانییە بۆ پاڵپشتیی جووتیارانی سنوورەکە و گەشەکردنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی.

*** لەگەڵ فراوانبوونی ناوچەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوتابییان، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری بە کەرتی پەروەردە داوە، ئایا لەم بارەیەوە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە چ پڕۆژەیەکی بۆ سنوورەکەتان ئەنجام داوە؟**

- لە ڕاستیدا لە ڕووی بینایەی قوتابخانەوە لە هەموو سنوورەکە بەگشتی گرفت هەیە، چونکە زۆربەی بینایەی قوتابخانەکان کۆنن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە. لە هەندێ گوند بۆ نموونە وەکو گوندی بەردین قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروست کراوە و لە ڕێگەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا و وەزارەتی پەروەردەشەوە کار و پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی سنوورەکە بەردەوامە.

*** لە ڕووی خزمەتگوزاریی تەندروستییەوە سنوورەکەتان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا پێویستتان بە نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی نییە؟**

- لە سەنتەری قەزای هەریر نەخۆشخانەیەك هەیە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە باشترین نەخۆشخانەکانی ناوچەکە و سێ بنکەی تەندروستییش هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نییە پێویستیمان بە نەخۆشخانەی دیکە نییە، چونکە ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری قەزا و ناحیەی باسرمە و گوندەکانی سنوورەکە زۆرە، ئەو نەخۆشخانەیەی هەمانە گشتییە و بەشی وەرگرتن و سەردانیکردنی ئەو ژمارە زۆرە ناکات، هەر بۆیە قەزاکە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی بە لایەنی کەمی (٥٠) قەرەوێڵەیی هەیە.




*** ئایا لە بواری خوێندنی باڵا هیچتان بۆ کراوە، زیاتر مەبەستمان کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگەیە لە سنوورەکەدا؟**

- هەوڵمان داوە پەیمانگەیەکی تەکنیکی لە قەزای هەریر بکرێتەوە، بۆ ئەمەش بینایەی وەرزش و لاوانمان لە قەزای هەریر هەیە، لەو شوێنە بەشێکی دەکەینەوە بۆ پەیمانگە، لە سەرەتادا ئەو پەیمانگەیە بەشی کشتوکاڵ و کارگێڕیی کار و بەشی دیکە لەخۆ دەگرێت، پاشان کار بۆ ئەوە دەکەین کە کۆلیژیش لە قەزاکە بکرێتەوە.

*** لەو کابینەیەدا لە ڕووی ڕێگەوبانەوە چیتان بۆ کراوە؟**

- زۆربەی ڕێگەوبانەکانی نێوان گوندەکان و ناحیەی باسرمە بە شێوەیەکی باش و گونجاون و بەشێك لەو ڕێگەیانە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری قەزا و ناحیەی باسرمە و کۆڵان و گەڕەکەکان هەر دوو لا لەو کابینەیەدا بەشی زۆریان قیرتاو و کۆنکرێت کراون، ئەو کار و پڕۆژانەی ماون لە ڕیزبەندی کارەکاندایە جێبەجێ بکرێن. هەر لە ساڵی ڕابردوو پڕۆژەی قیرتاوکردن و کۆنکریت و ئاوەڕۆی سەنتەری قەزاکە بە بڕی (٤٥٠) ملیۆن دینار جێبەجێ کرا، پڕۆژەیەکی دیکەی قیرتاو و کۆنکرێتیش لە گەڕەکی باتاسی کۆن بوو کە بڕی پارەی خەرجکراوی (١٥٩) ملیۆن دینار بوو، هەردوو پڕۆژە تەواو بوون و پڕۆژەیەك ئێستا لەژێر جێبەجێکردنە، کە پڕۆژەی قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردن و ئاوەڕۆی گەڕەکی شەهید فەرنسۆ هەریرییە، کە بڕی (٨٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، پڕۆژەیەکی دیکە ڕەزامەندیی دارایی و هەموو ڕێکارەکانی تەواو بووە کە پڕۆژەی دوو سایدی عەلی هەریری تا گوندی هەنارەیە، کە بڕی دوو ملیار و (٥٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە. ئەو بودجەیەش لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە تەرخان کراوە. هەروەها لەسەر بودجەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەکو دیارییەکی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیانی قەزای هەریر، پارکێکی بەرفراوانی سەردەمییانە بە گوژمەی یەك ملیار و٤٥٠ ملیۆن دینار دروست کراوە و ئێستا لە خزمەتی خەڵك و هاووڵاتیانی قەزاکەدایە.

مەغدید عەریف ئەحمەد

قایمقامی خەلیفان بۆ گوڵان:

# لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا جگە لە پڕۆژە بچووکەکان (٧٣) پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی بۆ خەلیفان بە تێچووی زیاتر لە (١٠٠) ملیار دینار جێبەجێ کراون

**جووتسایدی سپیلک بۆ خەلیفان کە درێژییەکەی (١٠) کیلۆمەترە بڕی (٨٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە**



**قەزای خەلیفان لە سەنتەری قەزا و ناحیەی سرێشمە و (٦٣) گوند پێك هاتووە کە ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکەی بە گشتی زیاتر لە (٤٢) هەزار کەسە و خەڵك و دانیشتووانەکەی بەکاری کشتوکاڵی و باخداری و ئاژەڵداری و فەرمانبەرییەوە سەرقاڵن و بەشدارییان لە هێزی پێشمەرگە و هێزەی ئەمنی کوردستان هەیە. بۆ ئەوەی بزانین لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی ئەو کار و پرۆژە خزمەتگوزارییانە چین بۆ ئەو قەزا و سنوورە کراون و کێشە و گرفتیان لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا چییە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەغدید عەریف ئەحمەد قایمقامی قەزای خەلیفان ئەنجام دا.**

*** قەزای خەلیفان و سنوورەکەی بە ناوچەیەکی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان دادەنرێن، لە کابینەی نۆیەمدا بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە چ پرۆژەیەك ئەنجام دراوە؟**

- سێکتەری گەشتوگوزار لە قەزای خەلیفان بە یەکێك لە سێکتەرە هەرە گرنگەکان دادەنرێت، بەپێی ئەوەی چەندین شوێنی دیار و گرنگ لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان هەن، بەتایبەتی ئەو ناوچەیە کە کەوتوونەتە سنووری خەلیفان، لە وانە تاڤگەی گەلی عەلی بەگ و دۆڵی ئالانە و دۆڵی مەلەکان و دۆڵی بیاو و چیای کۆڕەك و چەندین شوێنی دیکەش کە لە ئایندەدا دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، بە شێوەیەکی گشتی کارنامە و پلانی کابینەی نۆیەم و تێڕوانینی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، تێڕوانینێکی زۆر گرنگ بووە لەسەر گەشتیاری و لە ڕێگەی نووسینگەی جەنابیانەوە سەرپەرشتیی دیزاین و دانانی ماستەرپلانێکی نوێی بۆ پرۆژەی گەشتیاریی گەلی عەلی بەگ کراوە و، بڕیارە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بکەوێتە جێبەجێکردنەوە و بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیەش خەلیفان لە ڕووی گەشتیارییەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکەی زۆر جوان و پێشکەوتوو لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێك لەو ئامادەکارییانەی بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری کراوە، باشترکردن و هاوچەرخیی ڕێگەوبانەکانە، لەو بارەشدا دروستکردن و تەواوبوونی جووتسایدی ڕێگەی سپیلك بۆ خەلیفانە کە کاریگەرییەکی زۆر باش و گەورەی لەسەر هاتووچۆ و گەشتیاری هەیە، درێژیی ڕێگەی جووتسایدی سپیلك بۆ خەلیفان ١٠ کیلۆمەترە و بڕی (٨٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرابوو، ئەو جووتسایدە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە (٢٠٢٤/١٠/٩) لەلایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانەوە کرایەوە و چووە خزمەتی هاووڵاتیان و کەرتی گەشتیاری، کە وەبەرهێنەران و کەرتی تایبەت ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەبینن. لەم لایەنەوە حکومەت دەبێتە لایەنێکی هاوکار و ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت دەکات، ئەمەش وای کردووە کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە لە دۆڵەکانی ئالانە و مەلەکان کەپر و پێداویستیی گەشتیاری بۆ حەوانە و خزمەتی گەشتیاران دروست کراوە و بووەتە هۆکاری ئەوەی گەشتیار زیاتر ڕوو لەو دۆڵانە بکەن و بمێننەوە، ئەو کار و پرۆژانەش بوونەتە هۆکارێك بۆ هەلی کار بۆ خەڵکانی سنوورەکە. هەروەها بەرنامە و پرۆژەیەکی دیکەمان هەیە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری کە ئەویش دروستکردنی کۆڕنیشێکە بە درێژیی ڕێڕەوی قەزاکە کە و کەوتووەتە ناوەڕاستی قەزاکە، ئەو پرۆژەی کۆڕنیشە لە قۆناغی دیزایندایە بە و پرۆژەیە خەلیفان دەچێتە قۆناغێکی دیکەی جوان و پێشکەوتووتر لە ڕووی گەشتیاری و دەبێتە شوێنێکی زۆر باش بۆ حەسانەوەی هاووڵاتیانیش، بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا چەندین کار و پرۆژە لە کابینەی نۆیەمدا جێبەجێ کراون و ئێستا (٧٣) پرۆژە لە ژێر جێبەجێکردندان و چەندین پرۆژەی دیکەش بە شێوەیەکی گشتی لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا زیاتر لە (١٠٠) ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە.

**تێڕوانینی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، تێڕوانینێکی زۆر گرنگ بووە لەسەر گەشتیاری**

**درێژیی ڕێگەی جووتسایدی سپیلك بۆ خەلیفان ١٠ کیلۆمەترە و بڕی (٨٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرابوو**

**لەم کابینەیەدا بە بڕی چوار ملیار دینار کار بۆ چارەسەری کەمی و کێشەی ئاوی خواردنەوە لە قەزای خەلیفان کراوە**

**لە سەنتەری خەلیفان و ناحیەی سرێشمە و لە هەموو گوندەکان بەشی زۆری قوتابخانەکان نۆژەن کراونەتەوە**

**بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکاندا بۆ قەزای خەلیفان و سنوورەکەی نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە**

**لە ئێستادا کار دەکرێت بۆ ئەوەی بەشی ڕاوێژکاری لە ناو نەخۆشخانەی گشتیی خەلیفان دروست بکرێت.. کە لەو ڕۆژانەی داهاتوودا بەردی بناغەی بۆ دادەنرێت**

**پرۆژەی کردنەوەی بەشی ڕاوێژکاری لە نەخۆشخانەی گشتیی خەلیفان و بنکەی تەندروستیی سرێشمە، یەک ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە**

*** ئایا لە لایەنی ڕێگەوبانەوە بەگشتی و تۆڕی ڕێگەوبانی گوندەکان بەتایبەت، چیتان بۆ کراوە؟**


- لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا لەگەڵ دروستبوونی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و بوونی خەلیفان بە قەزا، ژمارەیەکی بەرچاو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ قەزا و سنوورەکە جێبەجێ کراون. لە ڕووی ڕێگەوبانەوە لەلایەن حکومەتی هەرێم و ئیدارەی سۆران و قەزاکەش گرنگییەکی زۆر بە ڕێگەوبان دراوە، لەوانە کە ئاماژەمان پێدا تەواوبوونی جووتسایدی سپیلك بۆ خەلیفانە، پرۆژەیەکی دیکەی زۆر گرنگ کە چاککردنی ڕێگەی حەوت گوندە کە گوندەکانی (ساوا و کونە سیخر و.. تاد) کە ئە و ڕێگەیەش تەواو بووە و لە خزمەتی گوندەکان و هاووڵاتیاندایە و درێژیی ئەو ڕێگەیەی حەوت کیلۆمەترە بە گوژمەی یەك ملیار دینار لەسەر بودجەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران جێبەجێ کراوە، لەگەڵ چاککردنی تۆڕی ڕێگەوبانی چەندین گوند وەکو گوندەکانی (دەربەندۆك و بۆرەز و...هتد)، ئێستا کۆنکرێتکردن و چاککردن و قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی گوندی (ئالا و کەڵەکین) لە ژێر ئەنجامدانە و بەرنامە و پلان و ڕیزبەندی دانراوە بۆ چاککردن و قیرتاوکردنی سەرجەم شەقام و کۆڵانی ئەو گوندانەی لە سنوورەکەماندا ماوە کاریان بۆ بکرێت، لە سەنتەری قەزای خەلیفانیش بۆ چەندین پرۆژە بڕی چوار ملیار دینار تەرخان کراوە، لەوانە پرۆژەیەك بۆ چاککردن و قیرتاوکردن و کۆنکریتی کۆڵان و شەقامە ناوخۆییەکانی گەڕەکی خەلیفانی نوێ و گەڕەکی شەهیدان و پرۆژەیەکی دیکەش ڕەزامەندیی لەسەری دراوە، کە ئێستا لە تەندەرینداییە لە وەزارەتی شارەوانی، کە ئەو پرۆژەیەش گەڕەکەکانی (زارگەلی و شۆڕش و ڕاپەڕین) پێکەوە دەبەستێتەوە، کە بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو پرۆژەیە یەك ملیار و٥٣ ملیۆن دینارە، پرۆژەکانی چاککردن و کۆنکرێت و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامە ناوخۆییەکانی ناحیەی سرێشمەش لەو پرۆژە بەرچاو و گرنگانەن کە لەلایەن حکومەتی هەرێم و ئیدارەی سۆرانەوە لەبەرچاو گیران، کە بڕی خەرجکردن لە پرۆژەی شەقام و کۆڵانە ناوخۆییەکانی سرێشمە زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن دینارە.

*** ئایا لە بواری ئاوی خواردنەوەدا کێشەتان هەیە، ئەی لەو سێکتەرەدا لەو کابینەیەدا چیتان بۆ کراوە؟**

- لەم کابینەیەدا بە بڕی چوار ملیار دینار کار بۆ چارەسەری کەمی و کێشەی ئاوی خواردنەوە لە قەزای خەلیفان کراوە، لەو پرۆژانە پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ ١٠ گوندی دۆڵی بیاو لە سنوورەکە بە بڕی دوو ملیار دینار چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، هەروەها سوود لە ئاوی سەرزەوی وەرگیراوە و پارەکەش لە لایەن ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانەوە تەرخان کراوە، لە گوندەکانی دیکەی سنوورەکەدا چەندین پرۆژە جێبەجێ کراون، بەتایبەتی لە گوندەکانی (لێرەمیر و کەنك و دەربەندۆك و ئاڵانە و کەڵەکین و.. تاد)، چەندین پرۆژەی دیکەش لە ئێستادا کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەوانە ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ گوندەکانی (سارتکە و لێرەمیر و شارشینە) و لە سەنتەری قەزای خەلیفانیشەوە ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە لە کانی ڕەش بۆ سەنتەری قەزاکە ئەنجام دراوە، لەگەڵ دروستکردنی سێ حەوزی قەبارە گەورە بۆ گلدانەوەی ئاوی خواردنەوە تا کێشەی کەمئاوی لە ناو سەنتەر قەزاکە بە یەکجاری چارەسەر بکرێت، لە کاتێك و لە ساڵانی ڕابردوو ئەگەر کێشەی کەمئاوی هەبووبێت، بە ڕێگەی تانکەرین چارەسەر کراوە، بەڵام بە تەواوبوونی ئەو پرۆژانەی ئاماژەمان پێدا بە یەکجاری کێشەی ئاوی خواردنەوە لە خەلیفان و سنوورەکەی نامێنێت.

*** بارودۆخی کەرتی پەروەردە لە و قەزاو سنوورەدا لە چ ئاستێکە، بەتایبەتی لە ڕووی کەمی و خراپیی بینایەی قوتابخانەوە؟**

- کەرتی پەروەردە بە پاڵپشتی و ڕۆئیای جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان گرنگیی زۆری پێ دراوە، لە سەنتەری خەلیفان و ناحیەی سرێشمە و لە هەموو گوندەکان بەشی زۆری قوتابخانەکان نۆژەن کراونەتەوە، چەند گوند بینایەی تایبەت بە خۆیان نییە وەکو قوتابخانە، بۆیە کەرەڤانەیان بۆ دانراوە و قوتابییان لەو کەرەڤانانەدا دەخوێنن، ئەو گوندانەش خراونەتە



پلانی پرۆژەکان بۆ ئەوەی بینایەی قوتابخانەی چوار پۆلی و شەش پۆلییان بۆ دروست بکرێت، هەروەها چەند بینایەی قوتابخانە لە بەرنامەدایە بۆ قەزای خەلیفان، لەوانە بینایەی قوتابخانەیەکی دوانزە پۆلی بۆ سەنتەری قەزاکە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکاندا بۆ قەزای خەلیفان و سنوورەکەی نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە.

*** لە کەرتی تەندروستیدا کێشە و گرفتەکان لە چ ئاستێکدایە و ئایا پێویستتان بە نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی نییە؟**

- لەو کەرتەدا گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە نەخۆشخانەی گشتیی خەلیفان دراوە، چونکە ئەو نەخۆشخانەیە بەردەوام خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە سەنتەری قەزا و گوندەکانی سنوورەکەی دەکات، لە ئێستادا کار دەکرێت بۆ ئەوەی بەشی ڕاوێژکاری لە ناو نەخۆشخانەی گشتیی خەلیفان دروست بکرێت.، کە لەو ڕۆژانەی داهاتوودا بەردی بناغەی بۆ دادەنرێت، لەناو ناحیەی سڕێشمە ئێستا بنکەیەکی تەندروستی لە ژێر جێبەجێکردندایە و پرۆژەی کردنەوەی بەشی ڕاوێژکاری لە نەخۆشخانەی گشتیی خەلیفان و بنکەی تەندروستیی سڕێشمە، یەك ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە.

*** ئایا بۆ گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ چی کراوە، بەتایبەتی کە ناوچەکەتان لە ڕووی کشتوکاڵەوە بووژانەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینیوە؟**

- بێگومان سنووری قەزای خەلیفان لە ڕووی کشتوکاڵییەوە ناوچەیەکی بەراوە و خەڵکێکی زۆر بە چاندن و بەخێوکردنی دار ئەسپیندار (چنار)ـەوە خەریکن، کە پاش ئەوەی درەختەکە پێدەگات دەیبڕنەوە و دەیفرۆشن، ئەمەش بووەتە داهاتێکی باش بۆ ژیانیان و ناوچەکەش ئاوی ڕووباری بلێی پێدا دێتە خوارەوە، ئەوەش بووەتە سەرچاوەیەکی ئاودێریی باش، بەشێك لە جووتیارانیش گەنم دەچێنن و بەرهەمەکانیشیان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی خەلیفانەوە ڕادەستی حکومەتی هەرێم دەکەن و دەیفرۆشن.



توانیومانە لە دروستبوونی قەیرانی نەوت و بەنزین و غازی شل و گازوایل ڕێگری بکەین

فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجاڕ

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ گوڵان:

# لە ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی نەوتی عێراق زۆر بەخاوی و تەنیا ١٩٪ی پشکی هەرێمی لە نەوتی سپی ناردووە

**پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی و دابەشکردنی بەنزینی ٧٥٠ دیناری و کۆنترۆڵکردنی کوالێتی لەسەر کۆمپانیا و بەنزینخانەکان و دابەشکردنی غازی شلی ماڵان، بە یەکێك لەو خزمەتگوزارییانە دادەنرێت کە لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانراوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەسەر هاووڵاتیان و خێزانەکاندا دابەش بکرێت، بۆ ئەمساڵیش پێش هاتنی وەرزی سەرما و زستان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەستی بە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی کردووە و کۆمەڵێك بڕیار و ڕێنمایی گرنگیشی دەرکردووە، لەپێناو دابەزینی نرخەکان. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بوارانەدا، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ فەلاح مەولوود ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ساز دا.**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی پێشوو پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی زووتر دەستی پێکرد. ئایا ئەم پرۆسەیە تاچەند ڕۆڵی هەبوو لە ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخەکان لەناو بازاڕدا؟**

- دوای ئەوەی لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك وەزیران مەسرور بارزانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەستی بە دابەشکردنی نەوتی سپی بە نرخی پاڵپشتیکراو کرد و بۆ هەر خێزانێك ٢٠٠ لیتر نەوتی سپی بە نرخی ١٠٤ هەزار دینار بوو، بڕی ٦٨ ملیۆن٣٨٠ هەزار و ٧٠٠ لیتر نەوتی سپی بە کوالێتی باش دابین کراوە و بەسەر نزیکەی ٣٠٠ هەزار خێزاندا دابەش کراوە، کە دەگاتە سەرووی ٣٠٪ی کۆی نەوتی دابەشکراو. سەرەتاش لە ١٢ی ئەیلوولی ئەمساڵ پرۆسەکە لە ناوچە شاخاوییەکان دەستی پێکرد، پرۆسەکەش زۆر خێرا بوو، بە ڕادەیەك لە ئێستادا دابەشکردنی نەوت لە ناوچە شاخاوییەکان کۆتایی هاتووە و لە دەوروبەر و ناو سەنتەری پارێزگاکانیش دەستی پێکردووە، لەگەڵ تەواوبوونی دابەشکردنی نەوتە سپییەکە دابەشکردنی بەرمیلی دووەم بەسەر هاووڵاتیانی ناوچە شاخاوییەکان دەست پێدەکات. ئەم پرۆسەیە دوو کاریگەریی زۆر باشی هەبووە، لەلایەك ڕێگای گرت لەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت لە بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمدا بەرز ببێتەوە، لەلایەکی دیکەوە جوانیی ژینگەی کوردستان دەپارێزرێت، بەوەی هاووڵاتیانی ناوچە شاخاوییەکان چیتر پێویست بەوە ناکات دارەکان ببڕنەوە و زیان بە ژینگە و تەندروستیی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بگەیەنن. بێگومان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر باش بە پاڵپشتیی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیومانە لە دروستبوونی قەیرانی نەوت و بەنزین و غازی شل و گازوایل ڕێگری بکەین. خۆشبەختانە چەند ساڵێکە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بە شێوەیەکی خێراتر و ڕێکوپێکتر بەڕێوە دەچێت.

**بڕی ٦٨ ملیۆن٣٨٠ هەزار و ٧٠٠ لیتر نەوتی سپی بە کوالێتی باش دابین کراوە و بەسەر نزیکەی ٣٠٠ هەزار خێزاندا دابەش کراوە، کە دەگاتە سەرووی ٣٠٪ی کۆی نەوتی دابەشکراو**

*** زۆر باس لە هاتنی نەوتی سپی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەکرێت. ئایا تاچەند وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر هێڵن بۆ دابینکردنی پشکی هەرێم لە نەوتی سپی؟**

- دابینکردنی نەوتی سپی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان مافێکی یاسایی خەڵکی کوردستانە کە بە هاوشێوەی هاووڵاتیانی دیکەی عێراق، بەشە نەوتی سپیی خۆیان بە نرخی پاڵپشتیکراو وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پێش هاتنی وەرزی زستان نووسراو بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق دەکات بۆ دابینکردنی بڕە نەوتی سپی بۆ هەرێمی کوردستان کە بە پێی ئەو داتا و زانیارییانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکانەوە دەگاتە دەستمان، ساڵانە پێویستمان بە ٢٦٨،٧١٠،٥٥٠ لیتر نەوتی سپی هەیە، بەڵام بەغدا تەنیا لە ١٩٪ی ئەو بڕە نەوتە دەنێرێت و بە هاوشێوەی نرخی پاڵپشتیکراوی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش نییە و جیاوازە ئەو بڕە کەمەی نەوت دەنێرێت.

**دابەشکردنی نەوت لە ناوچە شاخاوییەکان کۆتایی هاتووە و لە دەوروبەر و ناو سەنتەری پارێزگاکانیش دەستی پێکردووە**

**مافێکی یاسایی خەڵکی کوردستانە کە بە هاوشێوەی هاووڵاتیانی دیکەی عێراق، بەشە نەوتی سپیی خۆیان بە نرخی پاڵپشتیکراو وەربگرن**



**بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕە جیهانییەکاندا، نرخی بەنزینیش ڕووی لەزیادبوون کردووە**

**حکومەتی عێراق تا ئێستا پابەندی ناردنی بەشە بەنزین نەبووە و ئەو بڕە کەمەشی کە دەینارد لە سەرەتای مانگی ئاداری ئەمساڵەوە بڕدراوە**

*** بەنزین بووەتە کێشەیەکی ئاڵۆز و یەکێکیشە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانە. وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کۆمەڵێك بڕیار و ڕێکاری گرتەبەر، ئایا ئەوە کاریگەریی لەسەر بڕی پێویستی بەنزین و کۆنترۆڵکردنی کوالێتییەکەی هەبووە؟**

- بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕە جیهانییەکاندا، نرخی بەنزینیش ڕووی لەزیادبوون کردووە، هەرێمی کوردستانیش بەپێی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان ڕۆژانە پێویستی بە ٣،٥٠٠،٠٠٠ لیتر بەنزین هەیە، ئەمەش بڕە بەنزینێکی زۆرە، حکومەتی عێراقیش تا ئێستا پابەندی ناردنی بەشە بەنزین نەبووە و ئەو بڕە کەمەشی کە دەینارد لە سەرەتای مانگی ئاداری ئەمساڵەوە بڕدراوە. ئێستا بۆ دابینکردنی بەنزین پشتمان بە هەردوو پاڵاوتگەی کار و لاناز بەستووە. لەپێناو دابەزینی نرخی بەنزینیش مۆڵەتمان داوە بە کۆمپانیاکان تاوەکو بەنزین بە کوالێتیی باش بهێنن، پێدانی ئەم مۆڵەتەش لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بووە بۆ زیادکردنی خستنەڕووی بەنزینەکە لە بازاڕدا و کەمکردنەوەی نرخەکەی. هەر سەبارەت بە کوالێتیی بەنزینخانەکان لیژنەی ئامادەکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنمایی و سزای سەرپێچیکاران کۆمەڵێك بڕیاری و ڕێنمایی نوێی دەرکردووە. تیمەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکان لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، سەرکەوتوو بوون لەوەی ڕێگا بە فرۆشتنی بەنزینی خراپ نەدەن. بەخۆشحاڵییەوە لەمەدا هاووڵاتیان هوشیارن و زیاتر ڕوو لەو بەنزینخانەیە دەکەن کە بەنزینێکی بە کوالێتی بەرز دەفرۆشن و هاوکاری تیمەکانیشمانن. لەم پێناوەشدا سزای توند ئاراستەی ئەو بەنزینخانە کراون، کە گەمە بە کوالێتیی بەنزین دەکەن. تەنانەت ئەو نەوتە سپییەی کە لە ڕێگای دوو کۆمپانیاوە دابین دەکرێت، بە وردی کۆنترۆڵی ئەو بڕە نەوتە سپییە کراوە.

*** کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکان لە ئیدارە سەربەخۆی ڕاپەڕین و زاخۆ**



**و سۆران تا چەند ڕۆڵی لە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و ڕێکخستنەوەی کارەکانی هەبووە؟**

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکان لە ئیدارە سەربەخۆکان پێویستییەکی ئیداریی بووە و بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییانیشە، بەتایبەتی لە ڕووی دابەشکردنی بەنزین و نەوت و غازی ماڵان و کۆنترۆڵکردنی کوالێتی، ئەمەش دەستکەوتێکی باشە لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە خەڵکی ئەو ناوچانەی کردووە.

*** سەبارەت بە غازی ماڵان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند سەرکەوتوو بووە لە ڕێگریکردن لە گرفتی هەڵکشانی نرخ لە بازاڕەکاندا؟**

- وێڕای ئاستەنگ و هێرشی درۆنی بۆ سەر کێڵگەی کۆرمۆر و ئەگەری دروستبوونی قەیرانی غاز، بەڵام وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی بەڕێز کەمال محەمەد ساڵح وەزیری سامانە سرووشتییەکان توانیویەتی ڕێگری لەبەرزبوونەوەی نرخەکان بکات و بەپێی پێداویستیی پارێزگاکان بڕە غازی پێویستیان بۆ دەنێرین. ڕەنگە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان خواست لەسەر غازی شل زیاتر بێت، بەڵام ئێمە هەروەکو چۆن توانیومانە کۆنترۆڵی بڕەکەی و نرخەکەی بکەین، هەرئاواش بۆ وەرزی زستان پلانی زیادکردنی بڕەکەی جێبەجێ دەکەین.

*** ماوەیەك لەمەوبەر نارەزایەتییەکی گەورە بڵاو بووەوە لەسەر کارکردنی هەموو ئەو پاڵاوتگانەی کە بەپێی ڕێنمایی و مەرجەکانی ژینگەپارێزی کار ناکەن. ئایا ئەم پرۆسەیە بە کوێ گەیشتووە؟**

- زۆر لەو پاڵاوتگانە بەپێی ڕێنمایی و مەرجەکانی وەزارتی سامانە سرووشتییەکان کار ناکەن، هەر بۆیە ماوەیەك لەمەوبەر بە هاوکاریی پارێزگار و ئیدارە سەربەخۆکان توانیمان لە پارێزگای هەولێر بە دەیان پاڵاوتگە ڕابگرین کە مەرجی ژینگە پارێزییان تێدا نەبووە، بەمەش تا ڕاددەیەکی باش توانیومانە ئەم پاڵاوتگانە ڕابگرین کە هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەن.

**لەپێناو دابەزینی نرخی بەنزینیش مۆڵەتمان داوە بە کۆمپانیاکان تاوەکو بەنزین بە کوالێتیی باش بهێنن**

**سزای توند ئاراستەی ئەو بەنزینخانە کراون، کە کەمە بە کوالێتیی بەنزین دەکەن**

هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی، پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ئەنجومەنێکە بایەخ بە پەرەپێدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەدات لە نێوان هەر دوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری شیکاری و توێژینەوەی ئێرانی بووە و بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. پرۆفیسۆر ئەمیرئەحمەدی کاندیدی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران بووە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاندیدبوونی لەلایەن «شورای نگهبان»ـەوە ڕەت کرایەوە. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی پەرەسەندنەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی غەززە و شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا و ئەگەرەکانی هەڵکشانی زیاتری بارگرژی و پێکدادانەکان و هاتنەئارای شەڕێکی هەرێمایەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام دا.

## پرۆفیسۆر هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی بۆ گوڵان:

# درەنگ، یان زوو ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر ئێران

## دیمانەی تایبەت



* ئاشکرایە کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، کە بەرەو ئاڵۆزی و هەڵکشانی زیاتر بچێت، بەتایبەتی کە لە ئێستادا شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان چڕتر و توندتر بووەتەوە. ئێوە چۆن لە هەلومەرجەکە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە ڕەوتی ڕووداوەکان ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەتوانین بیلێین، ئەوەیە کە دۆخەکە تا دوا ئاست و ڕادە کێشەئامێز و خراپە بۆ تێکڕای وڵاتان و دەوڵەتانی ناوچەکە، بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو دۆخەی دروست بووە و هاتووەتە ئاراوە مایەی قازانج و بەرژەوەندیی هیچ لایەك نەبووە، نە بۆ فەلەستینییەکان و نە بۆ لوبنان و نە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل. کەواتە ئەوەی ڕوودەدات، پەرەسەندن و پێشهاتی خراپن و بە داخەوە پێم وانییە کە لە ئاسۆدا کۆتایی بۆ ئەم دۆخە بەدی بکرێت، بگرە ئەگەری بەردەوامبوون و درێژەکێشانیشی دەکرێت. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە لە ئێستادا چارەسەرێك بەدی ناکرێت بۆ دۆخەکە، شتێکی لۆژیکییشە کە ئەگەر چارەسەرێك لە ئارادا نەبێت، ئەوا ئەمە بە مانای درێژەکێشانی کێشەکان دێت.

**ئەو دۆخەی دروست بووە مایەی قازانج و بەرژەوەندیی هیچ لایەک نەبووە، نە بۆ فەلەستینییەکان و نە بۆ لوبنان و نە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل**

* باشە ئەگەر پەرەسەندنەکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەك نەبێت، ئەوا بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی لایەنە بەشەڕهاتووەکان بیر لەوە ناکەنەوە کە ڕێگاچارەیەك بگرنەبەر، کە لە ئێستادا هەموو هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە لەسەر زیانگەیاندن و لەناوبردنی یەکتری؟

- وەڵامە سادەکە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە بەشەڕهاتووانە دوژمنی یەکترن، لە نێوان دوژمنەکانیشدا پاڵنەری باڵادەست ئەوەیە کە هەر یەکە دەیەوێت ئەوی دیکە لە ناو بەرێت، واتە



ئەمە شەڕی مانەوەیە، واتە هەر لایەنێك دەیەوێت مانەوەی خۆی لەسەر حیسابی ئەوی دیکە مسۆگەر بکات، چونکە لەم شەڕەدا زمانحاڵی هەر یەکێکیان ئەوەیە کە یان من دەمێنمەوە، یان تۆ، واتە بە داخەوە دۆخەکە بە چەشنێك خراپ بووە کە پەیامی لایەنەکان بۆ یەکتری ئەوەیە کە یان دەبێت من بمێنمەوە و بژیم یان تۆ، و مانەوەی منیش بە مانای مەرگ و لە ناوچوونی تۆ دێت.

*** بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێتان وانییە کە دۆخەکە بە چەشنێکە کە هیچ لایەك ناتوانێت بە تەواوەتی لایەنەکەی دیکە لە ناو ببات، واتە ئایا ئەمانە شەڕێکی بێهوودە لەگەڵ یەك ناکەن، کە تەنیا زیانمەند تێیدا گەلانی ناوچەکە بێت؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆژییە و هەڵوێستوەرگرتنێکی سیاسی نییە، مەبەستم ئەوەیە ڕاستە کە لایەنەکان ئەو ڕاستییە دەزانن، بۆ نموونە ئەگەرچی بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی و حزبوڵڵای لوبنانی و ئێران هەموویان دوژمنی ئیسرائیلن و دەیانەوێت ئیسرائیل تێکبشکێنن و لە ناوی ببەن، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەمە کارێکی کردەنی نییە، و ئەمە ئەگەرێکی واقیعی نییە، چونکە ئیسرائیل بۆ ئەوە دروست نەکراوە، کە ڕێگە بدرێت لە ناو ببردرێت، بەڵکو بۆ ئەوە دروست کراوە کە بمێنێتەوە.

*** ئەگەر بە دیاریکراوی باسی شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی بکەین، ئەوا پێش ئەوەی شەڕەکە بە چەشنی ئێستا توند ببێت، ئیسرائیل چەند گورزێکی کاریگەری لە حزبوڵڵا سرەواند، و بونیادی سەرکردایەتی و تۆڕی پەیوەندییەکانی کردە ئامانج و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سەرکردە دیارەکانی حزبوڵڵا دەکەونە بەر هێرش و گورزی ئیسرائیل، پێت وایە ئەم گورزانە چ کاریگەرییەکی کردووەتە سەر توانای ئەم حزبە و ئایا پێگەی ئەم حزبە لە نێو وڵاتی لوبناندا چۆن دەبێت لە ئایندەدا؟**

- ئەوە ڕاستە کە حزبوڵڵا ڕووبەڕووی زەبری گەورە بووەتەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە سەرکردەکانیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە حزبوڵڵا وەك خەڵك و وەك ئایدیا، نەك وەك ڕێکخراو، بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە، چونکە تۆ ناتوانیت بە لە ناوبردنی سەرکرەکان، خەڵکەکەشی لە ناو ببەیت، سەرکردەکانیش دروست دەبنەوە. من بیرم دێت لە سەروەختی شەڕی ڤێتنام، هۆشی مین، سەرکردەی ڤیتکۆنگ (بەرەی نیشتمانیی ڕزگاریی باشووری ڤێتنام)، لەو کاتەدا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وت کە بە کوشتنی هەر ئەندامێکی ڤیتکۆنگێك دە ڤیتکۆنگی دیکە دروست دەبنەوە، کەواتە هەوڵ مەدەن لە ناویان ببەن، بەڵکو کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. کەواتە دەبێت دەوڵەتی ئیسرائیلیش لەو ڕاستییە تێبگات کە کوشتنی ئیسماعیل هەنیە (سەرۆکی مەکتەبی

> **بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی و حزبوڵڵای لوبنانی و ئێران هەموویان دوژمنی ئیسرائیلن و دەیانەوێت ئیسرائیل تێکبشکێنن و لە ناوی ببەن، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەمە کارێکی کردەنی نییە**

> **حزبوڵڵا وەک خەڵک و وەک ئایدیا، نەک وەک ڕێکخراو، بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە، چونکە تۆ ناتوانیت بە لە ناوبردنی سەرکرەکان، خەڵکەکەشی لە ناو ببەیت، سەرکردەکانیش دروست دەبنەوە**



سیاسی بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی) و حەسەن نەسروڵڵا (ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵای لوبنانی، و سەرکردەکانی دیکە ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، چونکە کاتێك سەرکردەکان لە ناو دەبات، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات سەرکردەی دیکە جێیان دەگرنەوە. لەبەر ئەوە چارەسەرەکە ئەوە نییە کە سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵڵا بکوژێت و ژێرخانیان لە ناو ببەیت، بەڵکو دەبێت کێشەکە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێت. ئەگەر بە شێوەیەکی بنچینەیی کێشەکە چارەسەر نەکرێت، ئەوا نەسروڵڵایەکی دیکە دروست دەبێتەوە و ئیسماعیل هەنییەیەکی دیکە دێتەوە ئارا. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە ئیسرائیل توانیویەتی لە مەودای کورتدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە مەودای دووردا ئیسرائیل ناچار دەبێت جار لە دوای جار ڕووبەڕووی هەمان کێشە و دۆخ ببێتەوە.

*** هەر لە ماوەی ئەمساڵدا ئەمە دووەم جار بوو ئێران هێرشی ڕاستەوخۆی مووشەکی بکاتە سەر ئیسرائیل، کە ئەمە شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتەی بردە قۆناغێکی دیکەوە، کە پێشتر شەڕێکی کراوە نەبوو لە نێوانیاندا، ئێستاش باس لەوە دەکرێت کە ئیسرائیل ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئێران، ئێوە چۆن لە هێرش و هێرشی پێچەوانەی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن و ئایا ئاراستەی شەڕی نێوانیان بەرەو کوێ دەچێت؟**

- سەرەتا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئیسرائیل تۆڵە دەکاتەوە و هێرش دەکاتە سەر ئێران، واتە ئەمە تەنیا مەسەلەی کاتە. دواتر هۆکاری ئەوەی کە ئیسرائیل زۆر پەلەی نەبووە لە ئەنجامدانی ئەو تۆڵەسەندنەوە و ئەم هێرشکردنە بۆ دوو خاڵ یان دوو پرس دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئیسرائیل دۆخەکە بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بیکاتە پاساوێك و هاوکاری دارایی و سەربازیی زیاتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست بهێنێت، واتە دەکرێت ئیسرائیل ئەوە بە ئەمریکا بڵێت کە پێویستە لە بەرانبەر هێرشەنەکردنەسەر ئێراندا ئەم بڕە داراییە و ئەم بڕە چەکەم پێ بدەیت، ئەمە خاڵی یەکەمە، کە مەبەستم ئەوەیە ئیسرائیل ئەم دۆخە وەك دەرفەتێك بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکار دەهێنێت. خاڵی دووەم پەیوەستە بەوەی کە پێم وایە ئیسرائیل پلانی گەورەی هەیە، یان مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئیسرائیل بە وریاییەوە پلان بۆ هێرشێکی گەورەتر دادەڕێژێت، کە ئاشکرایە ئەنجامدانی هێرشێکی گەورەتریش پێویستی بە پلانی وردتر و چەکی زیاتر و تەرخانکردنی کاتی زیاترە، هەروەها پێویستی بە دەستنیشانکردنی ئامانجی زیاتریشە، کەواتە بە تێڕوانینی من ئەم دوو پرسە بوونەتە هۆی ئەوەی ئیسرائیل پەلەی نەبێت لە کاردانەوەکەی، هەرچەندە من پێم وایە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئیسرائیل ئەم هێرشە هەر ئەنجام دەدات.

**کوشتنی ئیسماعیل هەنیە (سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی) و حەسەن نەسروڵلا (ئەمینداری گشتیی حزبوڵلای لوبنانی، و سەرکردەکانی دیکە ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات**

**ئیسرائیل بە وریاییەوە پلان بۆ هێرشێکی گەورەتر دادەڕێژێت، کە ئاشکرایە ئەنجامدانی هێرشێکی گەورەتریش پێویستی بە پلانی وردتر و چەکی زیاتر و تەرخانکردنی کاتی زیاترە**

### پرۆفیسۆر لۆرەنس ڕوبین بۆ گوڵان:

# هەڵکشانێکی جددی و مەترسیدار یەخەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە

لۆرەنس ڕوبین، بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بەدەست هێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە سکوولی «سام نون» بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، توێژەرە لە ئەنستیتیوتی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی لە ئەنستیتیوتی تەقەنی جۆرجیا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەت و ئایین، بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی دەدات، چەندین توێژینەوەشی لە وڵاتانی مەغریب، میسر، ئیسرائیل، ئیمارات، یەمەن ئەنجام داوە. بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەڵکشانی شەڕ و هێرشەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی، تایبەتتریش دوای ئەوەی ئیسرائیل توانی چەندین سەرکردەی حزبوڵڵا بکاتە ئامانج و هێرشێکی ئاسمانیی چڕیش بکاتە سەر پێگەکانی ئەم حزبە لە لوبناندا، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام دا.



# دیمانەی تایبەت

* ئاشكرایە كە لە ئێستادا دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەچێت و شەڕەكە تەنیا لە كەرتی غەززەدا نەماوەتەوە و لوبنانیشی گرتووەتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیسرائیل بە توانایەكی زۆرەوە هێرشی ئاسمانی و پەلاماری زەمینییشی دەست پێكردووە بۆ سەر پێگەكانی حزبوڵڵا لەو وڵاتەدا، ئێوە چۆن لە دۆخەكە دەڕوانن؟

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەكرێت، توندتربوونەوەی ڕەوتی ڕووداوەكانە، هەرچۆنێك بێت، ناكرێت ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات، لە تێكڕای كێشە و ناكۆكییەكانی ناوچەكەی دابڕین. مەبەستم ئەوەیە كە هەر لە سەرەتاوە ئەم پرسە (كێشە و ڕووبەڕووبوونەوە و هێرشی نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیل) گرێدراوی كێشە و شەڕەكەی دیكە بوون، ئەوە بوو دوای چەند ڕۆژێك لە هێرشەكانی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، حزبوڵڵا هێرشی كردە ئیسرائیل و دوای ماوەیەك بزووتنەوەی حوسییەكان لە یەمەن و پاشان گرووپەكانی نێو عێراق -كە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەكرێن- هێرشیان بۆ سەر ئیسرائیل دەست پێكرد، ئێستاش دۆخەكە گەیشتووەتە ڕادەیەك كە هەڵكشانێكی جددی و مەترسیدار هەیە لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان و ئەگەری ئەوەش هەیە، ئێرانیش بگرێتەوە.

* باشە بۆچی نەتوانرا بەر بەم هەڵكشانە بگیرێت؟ بۆچی كارێك نەكرا بەتایبەتی لەلایەن ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە كە دۆخێك بخوڵقێندرێت، تا بتوانرێت تێیدا ڕێگری لە هەڵكشانی زیاتری هەلومەرجەكە بكرێت، بەتایبەتی كە ئەگەر جەنگێكی گەورە

**هێرشكردنە سەر تۆڕی پەیوەندییەكانی حزبوڵڵا و بۆردومانكردنی پێگەی مووشەكەكانی كاریگەرییان لەسەر كەمكردنەوەی توانای شەڕكردنی حزبوڵڵا هەبووە**

**و سەرتاسەری ڕوو بدات، ئەوا هەمووان تێیدا زیانمەند دەبن؟**

- پێم وایە ئەمە پرسیاری هەموانە، (بۆچی ئەمریکا وەك پێویست کاری نەکرد بۆ هێورکردنەوەی هەلومەرجەکە)، ڕەنگە ئەگەر خواستێکی لەم چەشنەش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەبووبێت، ئەوا بۆی هەیە لایەنە ناکۆکەکان ویستی ئەوەیان نەبووبێت کە بارودۆخەکە هێور بکەنەوە، چونکە لەوانەیە ستراتیژیەتی لایەنەکان وابێت -بەتایبەتی لەلایەن ئیسرائیلەوە- کە بە هەڵکشانی بارودۆخەکە و چڕکردنەوەی هێرشەکانیان زیان و خەسارەتێکی زیاتر لە بەرانبەرەکانیان بدەن، بەمەش چەند ئامانج و دەستکەوتێکی دیاریکراوی خۆیان بەدەست بهێنن، کە ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەوا تا ڕاددەیەك زەحمەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت جڵەویان بکات، بەتایبەتی کە ئەم وڵاتە (ئەمریکا) لە بەردەم هەڵبژاردندایە و حزبی دەسەڵاتداریش لە ئەمریکا (کە دیموکراتەکانە) ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە، ئەگەر جەنگێك هەڵبگیرسێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە حزبوڵڵاوە ئەوا ڕەنگە نەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئێران چ ڕاوێژێکی بەم حزبە داوە و ڕاسپاردەی چی بووە کە ئەم حزبە بە چ ئاراستەیەك کار بکات.

*** هەر لە پەیوەندی بە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئایا بە دیاریکراوی پێویست بوو ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن چی بکات، یان دەیتوانی چی بکات بۆ ئەوەی بەر بە هەڵکشانی دۆخەکە بگرێت و ڕێگە نەدات ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی گەورە بێتە ئاراوە؟**

- ڕەنگە من نەتوانم بە وردی ئەوە دەستنیشان بکەم کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیتوانی چی بکات، یان پێویست بوو چی بکات لەم ڕووەوە، بەڵام هەندێ لە شرۆڤەکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمریکا پێویست بوو یان دەیتوانی هەندێ گوشار لەسەر ئیسرائیل بکات، بەڵام تێڕوانینی من ئەوەیە کە ئەگەر تەنانەت ئەمریکا گوشاریشی لە ئیسرائیل بکردایە، ئەوا پێم وانییە دۆخەکە بە ڕاددەیەکی گەورە بگۆڕدرایە، چونکە بۆی هەبوو ئیسرائیل نەچووبووایەتە ژێر باری ئەو گوشارانەوە، ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە بەسەر ئیسرائیلەوە، بەتایبەتی ئاماژە بەوە دەکرێت کە دەکرا ئیدارەی سەرۆك بایدن ڕادەستکردنی هەندێ چەکی بە ئیسرائیل ڕابگرتایە، و ئەمەش وەك پەیامێك دەبوو بۆ ئیسرائیل کە ئەمریکا جددییە لە گوشارەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە تەنانەت ئەگەر ئەمریکا ئەو کارەشی بکردایە، ئەوا ڕەنگە نەبووایەتە هۆی جڵەوکردنی ئیسرائیل، ڕاستە کارێکی لەم چەشنە(ڕاگرتنی پێدانی چەك) دەبووە هۆی ئەوەی توانای شەڕکردنی ئیسرائیل کەم ببێتەوە، بەڵام پێم وانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووایە لەسەر کار و کردەوەکانی ئیسرائیل.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانییەوە، ئەوا ڕوونە کە ئیسرائیل سەرکەوتوو بووە لە وەشاندنی گورزی کاریگەر لە تۆڕی پەیوەندییەکان و لە بونیادی سەرکردایەتیی حزبوڵڵا و لە بۆردومانکردنی پێگە و کۆگای چەکەکانی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گورزانە پێتان وایە حزبوڵڵا لە چ پێگە و ئاستێکی شەڕکردندایە لە بەرانبەر ئیسرائیلدا؟**

- من پێم وایە هێرشکردنەسەر تۆڕی پەیوەندییەکانی حزبوڵڵا و ئەو تەمومژییەی بەدوایدا هات، بەتایبەتی کە ئیسرائیل بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقاندنەوەی ئەو ئامێرانە و تێکدانی ئەو تۆڕی پەیوەندییانە ڕانەگەیاند، هەروەها بۆردومانکردنی پێگەی مووشەکەکانی حزبوڵڵا، هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی توانای شەڕکردنی حزبوڵڵا، لەگەڵ ئەوەشدا و لەبەر ئەوەی من زانیارییەکی ئەتۆم لەبەردەستدا نییە، ئەوا ڕوون نییە کە بە وردی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە توانای شەڕکردنی حزبوڵڵا لە چ ئاستێکدایە لە ئێستادا.

*** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی لە ئێستادا هاتووەتە ئاراوە و بە ڕەچاوکردنی ئەوەش چارەسەرێکی (ئەگەرچی کاتییش بێت) لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە**

**هەڵکشانێکی جددی و مەترسیدار هەیە لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان و ئەگەری ئەوەش هەیە، ئێرانیش بگرێتەوە**

**ئەگەر تەنانەت ئەمریکا گوشاریشی لە ئیسرائیل بکردایە، ئەوا پێم وانییە دۆخەکە بە ڕاددەیەکی گەورە بگۆڕدرایە، چونکە بۆی هەبوو ئیسرائیل نەچووبووایەتە ژێر باری ئەو گوشارانەوە**

**دەکرا ئیدارەی سەرۆک بایدن ڕادەستکردنی هەندێ چەکی بە ئیسرائیل ڕابگرتایە، و ئەمەش وەک پەیامێک دەبوو بۆ ئیسرائیل کە ئەمریکا جددییە لە گوشارەکانی**

**ڕاستە ڕاگرتنی پێدانی چەک دەبووە هۆی ئەوەی توانای شەڕکردنی ئیسرائیل کەم ببێتەوە، بەڵام پێم وانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کار و کردەوەکانی ئیسرائیل هەبووایە**

**و گەیشتن بە ئاگربەست، ئایا پێتان وایە ئەگەری ئەوە هەیە ڕەوتی ڕووداوەکان بە لای کەمەوە لە ئایندەی نزیکدا بەرەو کوێمان دەبەن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیسرائیلەوە، ئەوا سیناریۆ خوازراوەکەی بەلای کەمەوە ئەوەیە کە زۆنێکی ئەمنی دروست بکرێت، کە بە هۆیەوە بارودۆخێك بخولقێندرێت کە تێیدا دانیشتووانی باکووری ئیسرائیل بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام ئەمە ڕووبەڕووی بەربەست بووەتەوە، بەتایبەتی کە ئەوە بەدی دەکەین کە چەکدارانی حزبوڵڵا لە باشووری لوبنانەوە هێرش دەکەنە سەر سەربازانی ئیسرائیل، ئێمە دەزانین سوپای ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە بچێتە نێو باشووری لوبنانەوە. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە پرسێکی دیکە بەلای ئیسرائیلەوە پەیوەستە بە تێڕوانینیان بۆ ئەو توانایەی کە حزبوڵڵا دەیمێنێت لە ئایندەدا، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی ئایا دەتوانرێت ئەو زۆنە ئەمنییە دروست بکرێت، ئەگەر دروستیش کرا، چەند درێژە دەکێشێت. ڕەنگە یەکێکی دیکە لە بژارەکانی بەردەم ئیسرائیل ئەوە بێت کە دەست بکرێت بە ئەنجامدانی پرۆسەی گفتوگۆ و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی کە ڕەزامەندیی حزبوڵڵا و ئێرانیشی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت خەڵکە ئاوارەبووەکەی باکووری وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.



*** ڕەنگە لە ئێستادا ئیسرائیل کەمتر پەلەی بێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتن و ئاگربەستێك ئەنجام بدرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی پێی وایێت کە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرژەوەندیی ئەودایە، بەڵام ئایا پێت وایە تا چەند حزبوڵڵا و ئێران ئامادەی ڕێککەوتنێکی لەم چەشنەن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێران و حزبوڵڵاوە، ئەوا ڕەنگە ئەگەر ڕێککەوتنێك بکرێت کە تێیدا هەست بکەن کە بە چەشنێك نەکراوە کە لە پێگەی لاوازییەوە چوونەتە نێو ڕێککەوتنەکەوە، ئەوا بۆی هەیە پێی ڕازی بن.



پرۆفیسۆر ستیفن زونێس بۆ گوڵان:

# حزبوڵڵا پێشبینیی ئەم جۆرە کاردانەوەیەی ئیسرائیلی نەدەکرد

# دیمانەی تایبەت

ستیفن زونێس، پرۆفیسۆری سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتییە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی سان فرانسێسکۆ و، ڕێکخەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. پرۆفیسۆر زونێس ڕاوێژکاری باڵای شرۆڤەکاری سیاسەتی دەرەوەیە لە ئەنیستیۆتی دیراساتی سیاسی، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی سەربازیی ئەمریکا، ناکۆکیی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی، سیاسەتی ئاشتی و ناکۆکی، سیاسەت و حکومەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گۆڤاری گوڵان بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی چەند پرسێکی گەرمی سەر گۆڕەپانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوایین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز دا.

*** دوای زیاتر لە ساڵێك لە شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە، ئێستا ئەو شەڕە بەرفراوان بووە و شەڕێکی قورس و خوێناوییش لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە وڵاتی لوبنان لە ئارادایە، واتە دۆخەکە بەرەو هەڵکشان و پشێویی زیاتر دەچێت. دید و تێڕوانینی ئێوە چییە و چۆن دۆخەکە دەخوێننەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت، لە پەیوەندی بە شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵاوە، ئەوەیە کە پێدەچێت ئیسرائیل بە چەشنێك ڕەفتار بکات، وەك ئەوەی بیەوێت سزای نەك تەنیا حزبوڵڵا، بەڵکو تێکڕای ئەو وڵاتەش (لوبنان) بدات، چونکە ئەوەتا هەندێ لە گوندە مەسیحینشینەکان بۆردومان دەکات، کە زۆر دوورن لەو ناوچە و شوێنانەی کە حزبوڵڵا چالاکییان تێدا ئەنجام دەدەن. ئەم شێوازی هێرش و بۆردومانانەش پێمان دەڵێن کە ئاراستەیەك هەیە کە لوبنانیش بە هەمان چارەنووسی کەرتی غەززە ببردرێت.

*** کەواتە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، ئەوەیە کە خەڵکی لوبنان بوونەتە قوربانی لەم شەڕەدا، بە چەشنێك کە ئاگری ئەم شەڕە ئەو ناوچە و خەڵکانەشی گرتووەتەوە کە بەشێك نین لە شەڕەکە، یان لایەنێك نین تێیدا؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، دۆخی لوبنان بەرەو ئەوە دەچێت کە هاوشێوەی کەرتی غەززەی لێبێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە خەڵکی لوبنان و هێزەکانی دیکەی ئەم وڵاتە دەست بەدەنە بەرهەڵستیکردن و بەرپەرچدانەوەی حزبوڵڵا، کە ئەگەر ئەمەش ڕووبدات، ئەوا ئەمە بە مانای هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی دێت لەو وڵاتەدا.

**ئیسرائیل لەوە دڵنیایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیی دەکات و هاوکاری و پاڵپشتیی سەربازی زیاتری بۆ دەستەبەر دەکات**

*** بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی ئیسرائیل بەم شێوەیە ڕەفتار دەکات و بۆچی ئاراستە و ڕەوتی شەڕەکە بەم ئاقارەدا دەبات؟**

- ئیسرائیل لەوە دڵنیایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیی دەکات و هاوکاری و پاڵپشتیی سەربازی زیاتری بۆ دەستەبەر دەکات. ئەوەتا ئەمریکا ڕێگری لەوە دەکات بڕیارێك لە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە بارەی شەڕەکەوە دەربچێت، واتە ئیسرائیل لە بارێکدایە کە پێی وایە هیچ شتێك نییە بیوەستێنێت و ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی زۆرە.

*** ئامانجی ڕاگەیەندراو و ئاشکراکراوی ئیسرائیل ئەوەیە کە دەیەوێت بونیاد و ژێرخانی توانای سەربازی و شەڕکردنی حزبوڵڵا هەڵتەکێنێت، واتە ڕێگاچارەکە تەنیا ڕەهەندێکی سەربازی و ئەمنی لەخۆ دەگرێت. خۆ ئەگەر ئەم لە ڕووی تاکتیکیشەوە سەرکەوتوو بێت، بەڵام سەرکەوتن لە مەودای دووردا پێویستی بەوە هەیە، ڕەهەندەکانی دیکەی چارەسەرەکە لەبەرچاو بگیرێت. ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە وایە. دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە حزبوڵڵا لە ساڵی ١٩٨٢ وەك بەرپەرچدانەوە و پەرچەکردارێك بۆ داگیرکردنی وڵاتی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە دروست بوو، کە لە ئەنجامی شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین و پاشان داگیرکردنی لوبنان، دۆخێك هاتە ئاراوە کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی حزبوڵڵا. هەروەها لە دوای شەڕی ٢٠٠٦یشەوە حزبوڵڵا بەهێزتر بوو و پێکهاتەی دیکەش کە شیعە نەبوون، پشتیوانییان کرد. کەواتە ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا بەڵێ، من پێم وانییە ئەوەی ئیسرائیل پیادەی دەکات، تاکتیکێکی ژیرانە بێت.

*** ئاشکرایە کە حزبوڵڵا گورزی گەورەی بەر کەوتووە، هەر لە کوشتنی سەرکردەکانییەوە تا لە ناوبردنی تۆڕی پەیوەندییەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بۆردومان و هێرشە توند و بە زەبرانەی ئیسرائیل، ئایا پێتان وایە حزبوڵڵا تا چەند دەتوانێت درێژە بە شەڕەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا بدات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو هێرش و زەبرانەی ئاماژەی پێدەکەن، زیانی لەو حزبە داوە و لاوازیانی کردووە، بەڵام هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد، ئەگەر لە ڕوانگەی ستراتیژی و دوورمەوداوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی هێز و زەبر و زەنگ، خەڵك بەرەو توندڕەوی دەبات. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ناوی شەڕی دژی تیرۆرەوە عێراقی داگیر کرد، بەڵام لە دەرئەنجامدا لەو وڵاتەدا داعش دروست بوو. هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێك یەکێتیی سۆڤیەت دەستی دایە داگیرکردنی وڵاتی ئەفغانستان، ئەوا لە کۆتاییدا بزووتنەوەی تاڵیبان دروست بوو. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە زۆرجار هێزە داگیرکارەکان سەرکەوتوون لە بەکارهێنانی هێزدا، بەڵام لە کۆتاییدا دۆخێك دەخوڵقێنن کە لە مەودای دووردا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە پەیوەندییەکی تایبەت و بە تین هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزبوڵڵای لوبناندا، تەنانەت حزبوڵڵا بە گەوهەری تاجی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران دادەنرێت لە ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتان وایە ئێران چی دەکات لە بەرانبەر ئەو هێرشە بە زەبرانەی ئیسرائیل دژ بەم حزبە ئەنجامیان دەدات؟**

- ئەوە ڕاستە کە حزبوڵڵا بەهێزترین هاوپەیمانی ئێرانە و ئێرانیش پشتیوانی سەرەکیی ئەم حزبەیە و هەر لە سەرەتای دروستبوونیشەوە ئێران پشتیوانی سەرەکیی ئەم حزبە بووە، بەڵام خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە حزبوڵڵا بنکەی جەماوەری و پاڵپشتیی جەماوەری خۆی هەیە، واتە ناتوانین تەنیا وەك هێزێکی وەکیل وێنای بکەین. ئەم هێز و پاڵپشتییە جەماوەرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم حزبە توانیویەتی چەندین خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بۆ دانیشتووانی شیعەی ئەو وڵاتە دەستەبەر بکات، کە حکومەتی لاواز و گەندەڵی لوبنان نەیتوانی ئەم کارە بکات. هەروەها زۆربەی حزبەکانی دیکەی لوبنان دەکرێت بڵێین حزبی نوخبەن

**دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە حزبوڵڵا لە ساڵی ١٩٨٢ وەک بەرپەرچدانەوە و پەرچەکردارێک بۆ داگیرکردنی وڵاتی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە دروست بوو**

**ئەمریکا بە ناوی شەڕی دژی تیرۆرەوە عێراقی داگیر کرد، بەڵام لە دەرئەنجامدا لەو وڵاتەدا داعش دروست بوو**

**زۆرجار هێزە داگیرکارەکان سەرکەوتوون لە بەکارهێنانی هێزدا، بەڵام لە کۆتاییدا دۆخێک دەخوڵقێنن کە لە مەودای دووردا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە**

**ناتوانین حزبوڵڵا لەوەدا بچووک بکەینەوە کە بڵێین تەنیا وەکیلێکی ئێرانە و هیچی دیکە، چونکە ئەم حزبە بنکەی پشتیوانیی جەماوەریی خۆی هەیە**



و سەرکردایەتی تێیاندا پشتاو و پشتە، بەڵام دەکرێت بوترێت حزبوڵڵا حزبێکی جەماوەرییە و پشتیوانییەکی زۆری هەیە لە نێو خەڵکەکەیدا. من ئەمانە کە دەڵێم، مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم حزبە هیچ کارێکی خراپ ئەنجام نادات، یان هیچ ئایدیۆلۆژیاییێکی دواکەوتووی نییە. چونکە کار و کردەوەی زۆر خراپیان ئەنجام دا، لە میانەی پشتیوانیکردنیان لە دەسەڵاتی بەشار ئەل ئەسەد لە سووریا. من ڕەخنەگری ئەو حزبەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین حزبوڵڵا لەوەدا بچووك بکەینەوە کە بڵێن تەنیا وەکیلێکی ئێرانە و هیچی دیکە، چونکە ئەم حزبە بنکەی پشتیوانیی جەماوەریی خۆی هەیە.

*** ئێمە دەزانین کە پێش هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا، هیچ شەڕ و پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە ئارادا نەبوو، بەڵام دوای ئەم هێرشانەی حەماس حزبوڵڵاش دەستی کرد بە بۆردومانکردنی ئیسرائیل و خۆی وەك بەرەیەکی پشتیوانی ناساند. ئایا پێت وایە ئەم کاردانەوە و پەرچەکردارەی ئیسرائیل هەیبوو لە ئاست حزبوڵڵادا بۆ خودی ئەم حزبەش چاوەڕواننەکراو بوو؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام، بەڵام پێم وایە لێکدانەوەی ئەو کاتەی حزبوڵڵا ئەوە بوو کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیی تەواوی ئیسرائیل دەکات لە شەڕەکەی لە کەرتی غەززە و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی وڵاتانی عەرەبی نەیانتوانی ئەم شەڕە ڕابگرن، ئەوا دەبێت ئەوان و لایەنەکانی دیکەی پشتیوانی لێکراو لەلایەن ئێرانەوە، وەك حوسییەکان لە یەمەن و هەندێ لە گرووپەکانی نێو عێراق و سووریا، و خودی ئێران خۆیشی پشتیوانیی گەلانی جیهانی ئیسلامی بەدەست دەهێنن، لەبەر ئەوەی هەوڵی پشتیوانیکردنی فەلەستینییەکانی نێو کەرتی غەززە دەدەن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و بە گەڕانەوە بۆ پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا من پێم وانییە حزبوڵڵا پێشبینی ئەوەی کردبێت کە ئیسرائیل بەم شێوەیە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان دەبات.

# داتا و ئامارەکانی کار و چالاکیی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

## (تەمموزی ٢٠١٩) هەتا (تەمموزی ٢٠٢٤)

• یەکەم :
مۆڵـەت و ڕێگەپێـدان و ڕەزامەنـدی بـۆ پرۆژەکانـی (پیشەسـازی، پیشەسـازیی خـۆراك، خزمەتگـوزاری، نیشـتەجێ، بازرگانـی، کشـتوکاڵی، تەندروسـتی، هەروەهـا مۆڵەتـی ڕاو و گواسـتنەوەی دار و بیـری قـووڵ، هەروەهـا مۆڵـەت پێدانـی بەشـی تیشـك، بـەم شـێوەیەی خـوارەن:

• هەولێر (٤٣١٠) پرۆژە
• سلێمانی (٣٨٦٨) پرۆژە
• دهۆك (٢٥٣٤) پرۆژە
• هەڵەبجـە (٤٥) پـرۆژە - فەرمانگـەی ژینگـەی هەڵەبجە لـە ٢٠٢٢/٧/١ دەست بـەکار بـووە، بۆیـە ژمارەکـە بـەم جۆرەیـە.
• گەرمیان (١٠٣٨)پرۆژە
• ڕاپەڕین (٧٠٧)پرۆژە
• هەڵەبجە (٦) پرۆژە
• سۆران (٩) پرۆژە

کۆی گشتی ١٢٥١٧ پرۆژە

• دووەم / نەدانی ڕەزامەندی بۆ پرۆژەکان
هەندێك لـە پـرۆژەکان لەگـەڵ ژینگـە و یاسـا و ڕێنماییەکانـی تایبـەت بـە ژینگـە ناگونجێـن، بۆیـە ڕەزامەندییـان پێنـەدراوە، بـەم جـۆرەی خـوارەوە:

• هەولێر (٣٤) پرۆژە
• سلێمانی (٢٦)پرۆژە
• دهۆك ( ٩) پرۆژە
• گەرمیان (٤) پرۆژە
• ڕاپەڕین (٢٠) پرۆژە
• کۆی گشتی : ٩٣ پرۆژە

• سێیەم / لە بواری یاسایی
ئامـاری کەیسـەکانی دادگا بـەم جۆرەی خـوارەوە بـوون:

هەولێر:
• کەیسەکانی دادگا و ژ. سکاڵا (٦١٤) کەیس.
• سزا و پێبژاردن (١٢١) کەیس.
• ئاگادارکردنەوە (١٠٣) .
• بەڵێننامە (٢٠٩٥).

سلێمانی:
• کەیسی دادگا (٦١٧٠٦)کەیس.
• سزا و پێبژاردن (٢١٢)کەیس.
• ژ. بەڵێننامە (٣٨٣٨).
• ئاگادارکردنەوە (٤٥٧).

دهۆك:
• کەیسی دادگا و ژ. سکاڵا (٩٠) کەیس.
• سزدان و پێبژاردن (١٥١)کەیس.
• بەڵێننامە (١٧٩١).

هەڵەبجە:
• کەیسی دادگا و سکاڵا (١١٥) کەیس.
• بەڵێننامە (٧٧) کەیس .
• سزا و پێبژاردن (٢١) کەیس .
• سەرپێچی (٣٦) کەیس.

گەرمیان:
• کەیسەکانی دادگا (١٤) کەیس.
• ژمارەی سکاڵا (١٤) کەیس.

ڕاپەڕین:
• کەیسەکانی دادگا (٧١) کەیس.
• بەڵێننامە (٣٦٣).

• چوارەم / چاودێری و بەدواداچوون و پشکنین:
چاودێـری و بەدواداچـوون و پشـکنین بـۆ پرۆژەکانـی (کشـتوکاڵی، بازرگانـی، پیشەسازی، خزمەتگـوزاری، تەندروسـتی و پاڵاوگەکانـی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

نەوت و.. هتد، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان.

- هەولێر (٣٦٩٣) پڕۆژە پشکنین و بەدواداچوونی بۆ کراوە.
- سلێمانی (٨٦٧٩) پڕۆژە.
- دهۆك (٧٥٥٢) پڕۆژە.
- هەڵەبجە (٣٧٥) پڕۆژە.
- گەرمیان (٤٦٥) پڕۆژە.
- ڕاپەڕین (١١٢٥) پڕۆژە.

کۆی گشتی ئەو پڕۆژانەی لەو ماوەیەدا پشکنین و بەدواداچوونیان بۆ کراوە: ٢١٨٨٩پڕۆژە بوون.

- پێنجەم/ دامەزراندنی دەرچووانی ژینگە:

دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندنی دەرچووانی ژینگە لە سەر پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و بەپێی ڕێنمایی (١)ی ٢٠٢٢، دەرچوو وەکو چاودێر لەسەر پڕۆژەکان دانراون:

- (٢٧٥) دەرچوو وەك چاودێر دامەزراون.
- شەشەم/ پشکنینی تاقیگەیی:

پشکنینی تاقیگەیی بۆ نموونە (پشکنینی کیمیاویی خاك، پشکنینی باکتریۆلۆجیی ئاو، پشکنینی کیمیاویی ئاو) و چەند جۆرێکی دیکەی پشکنین لە تاقیگەکانی ئێمە لە فەرمانگەی شارەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمانیش بەم جۆرە بوون:

١. هەولێر:
- ژ. نموونە : (٣٤٧٨).
- ژ.پشکنین : (٥١٤٢٠).

٢. سلێمانی:
- نموونە (٣١٣٢).
- پشکنین (٤٩١٥٠).

٣. دهۆك:
- نموونە (١١٧٨١).
- پشکنین (٥٣٣١٢).

کۆی گشتیی ژمارەی نموونەکان (١٨٣٩١).

کۆی گشتیی جۆرەکانی پشکنین (١٥٣٨٨٢).

حەفتەم / هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن:

هەڵمەتی هۆشیاری و ڕاگەیاندن کە بریتییە لە (پێشوازیکردن لە ڕێکخراوەکان و ژینگەپارێزەکان، هەڵمەتی نمام چاندن لەگەڵ ڕێکخراوەکان، سەردانیکردنی شوێنە جیاجیاکان، بەشداریکردن لە دیدارە تەلەفزیۆنییەکان و لێدوانە ڕادیۆییەکان، ئەنجامدان و بەشداریکردن لە سیمینارەکان و وۆرکشۆپەکان، هەروەها هەڵمەتە جۆراوجۆرەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دژ بە پەتای کۆرۆنا:

- دیوانی دەستە (٤٦٥٠).
- هەولێر (٥٦٤).
- سلێمانی (٢٢٨).
- دهۆك (١٢٩٥).
- هەڵەبجە (٥١).
- گەرمیان (٣٨٢).
- ڕاپەڕین (٨٩٦).
- سۆران (٢٦٦).
- کۆی گشتی: (٨٣٣٢).

چالاکیی سەوزکردن:

بۆ ئەو کارگە و پڕۆژانەی پێش یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم مۆڵەتیان وەرگرتووە و شوێنی سەوزکردنیان نییە لە پڕۆژەکەدا (٢٠٢٤٣٢٣) مەتر دووجایە کە دەکاتە (٨١٠) دۆنم و (٧٠٠)م دووجا.

**زیندان ئامەدی**
ئەندامی پێشووی پەکەکە



# چەکدارانی پەکەکە بە دەستی وڵاتانی داگیرکەر دژی هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت دەکەن

# پەکەکە گرووپی ئامادەکراو و مەشقپێکراویان بۆ کاری تیرۆریستی و ئاگرکەوتنەوە و زۆر مەبەستی دیکە هەیە

**لەو کاتەی پەکەکە هاتوونەتە باشووری کوردستان لە چیای قەندیل، ڕێزی خەڵکی کوردستان و قەوارەی هەرێمی کوردستانیان نەگرتووە، بەردەوام سەرقاڵی کاری ناڕەوا و نانەوەی ئاشووپ و تەقینەوە و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستانن، ئەوان بە فەرمان و ئەجندای دەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی وڵاتانی داگیرکەر هەڵسوکەوت دەکەن، چەندین جاریش دەستیان بە خوێنی پێشمەرگە سوور بووە. چەکدارەکانیان لەم دواییانەدا زیاتر سەرقاڵی کاری تیرۆریستی و تەقینەوە و کوشتن و بازاڕسووتاندنی خەڵکی سڤیل بوون، هەروەکو چۆن دەستیان لە کاولکردن و وێرانکردن و چۆڵکردنی گوندەکاندا هەیە. مەرامی سەرەکیی هاتنی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان دروستکردنی کێشە و گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان، هەر شوێنێك چەکدارانی پەکەکەی لێ بێت، هەر وەکو ئەوەی لە شنگال و سنوورەکەدا هەیە، ئەوا ناهێڵن ناوچەکە ئاوەدان ببێتەوە و، لە هەر شوێنێك بۆیان کرابێت، لێرە و لەوێ کچ و کوڕانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵی هەڵدەخەڵەتێنن و لە باوك و دایك و خێزانەکانیان دەکەن، لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا ڕەمەزان محەمەد کە بە زیندان ئامەدی ناسراوە و ئەندامی پێشووی پەکەکەیە، تیشك دەخانە سەر ڕەفتارەکانی پەکەکە دژی خەڵکی کوردستان.**

*** بۆچی پەکەکە باکووری کوردستان کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیەتی، جێی هێشتووە و هاتووەتە باشووری کوردستان؟ ئایا ئەمە پێی دەڵێن نەتەوەیی و کوردایەتی؟**

- هاتنی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان لەو کاتە بوو کە بە تەواوی لە باکووری کوردستان توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزە سەربازییەکانی تورکیایان نەمابوو، مەبەستێکی دیکەش لە پشت هاتنی پەکەکە هەبوو بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان، ئەویش بۆ نانەوەی کێشە و گرفت و پشێوییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی، ئەوەتا بوونی چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان وای کردووە، کە سەربازی تورکیا ئەو ناوچە و دەڤەرانەی پەکەکەی لێیە، لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگییەوە بۆردومان بکات، وەکو چەندین ساڵە دەیبینین بەو هۆیەوە چەندین کەسی سڤیلی ناوچەکانی باشووری کوردستان شەهید و بریندار بوون. هەر بە هۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو سنوورانەی باشووری کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوە، تەنانەت ئەو گوندانەشی ئاوەدان بوون، دووبارە چۆڵ کرانەوە. هەموو ئەو ڕەفتارانەی چەکدارانی پەکەکە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییان نییە، هەر بۆیە دژایەتی و دوژمنایەتیی ئەو لایەن و حزبانەش دەکات کە بۆ ئەو مەبەستە شۆڕش و خەبات دەکەن، هەر وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمرە. بۆیە چەکدارانی پەکەکە تا ئەوپەڕی ڕق و دوژمنایەتی و ناکۆکییان لەگەڵ پارتی هەیە و لە ناوچەکەدا بوونەتە داردەستی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و بە پاڵپشتی و

**بوونی چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان وای کردووە، کە هێزی سەربازیی تورکیا ئەو ناوچە و دەڤەرانەی پەکەکەی لێیە، لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگییەوە بۆردومان بکات**

هاوکاریی ئەوان، بەتایبەتی بە پاڵپشتیی ئەو میلیشیاتە چەکدارانە دەجووڵێنەوە کە دژی هەرێمی کوردستانن .

*** هەرێمی کوردستان پێگەی هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕە کە لەدەستی چەوسانەوە روو لەم هەرێمە دەکات، دژایەتی پەکەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی باشووری کوردستان چەند زیان بە کوردایەتی دەگەیەنێت؟**

- پێویستە هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستان وەکو گیان و چاوی خۆی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات. ئەرکە لەسەر هەموو تاکێکی کوردستانی ئەم قەوارەیە بپارێزێت و بەرگری لێ بکات، چونکە باشووری کوردستان بۆ هەموو تاکێکی کورد و کوردستانی بووەتە پەناگە و لانکەیەکی هێمن و سەقامگیر، شوێنێکە بۆ ئێمەش کە تێیدا ژیان بکەین و هەوڵ دەین بۆ بەدەستهێنانی بژێوی رۆژانەی خۆمان و خێزانەکانمان، بەتایبەتی لەو چوار پێنج ساڵەی ڕابردوو تا ئەو پەڕی ئازادیمان دیت و توانیمان بە ئاسوودەیی و سەقامگیری بەڕێوە بچین.

لە ئێستادا پەکەکە بووەتە چەند گرووپێکی چەکداری و هەر گرووپێك و دووان سەر بە سەرکردەیەکن، چونکە هەموو ئەو سەرکردانەی کە ئێستا لەگەڵ چەکدارەکانیدا ماون، بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە دەبینین چەکدارانی پەکەکە بە شێوەی گرووپی بچووك لە سنوورەکانی ڕاپەڕین و بتوێن و قەڵادزێ و گەرمیان و کەرکووك و مەخموور و سلێمانی و چەمچەماڵ دەردەکەون، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی سوپای تورکیا ڕاستەوخۆ بگەنە سەریان و ئەو دەڤەر و شوێنانەش بۆردومان بکەن، لە ئەنجامیشدا خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستانیش دووبارە بەو هۆکارەوە شەهید و بریندار دەبن. مەبەستی سەرەکیی ئەو گرووپە چەکدارانەی پەکەکە پەلکێشکردنی هێز و سوپای تورکیایە بۆ ناو قووڵایی سنووری هەرێمی کوردستان و زیاتر نانەوەی پشێوییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

*** چەکدارانی پەکەکە تا چەند پەیوەندییان لەگەڵ میلیشیاکانی دژی هەرێمی کوردستان هەیە و بۆچی لە شنگال ناکشێنەوە؟**

- چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەی هاتنە شنگال تا ئێستا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی سەربازی و لۆجستی و داراییان لەگەڵ میلیشیاکاندا هەیە و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی پەکەکە مووچە و هاوکارییان لێ وەردەگرن، گرنگی و ستراتیژیی ناوچەکەی شنگال وا دەکات کە چەکدارانی پەکەکە بە دەست لەپشتدانی هەرێمایەتی لە شنگال و ناوچەکە نەکشێنەوە، هەر ئەوانن بوونەتە هۆکاری ئەوەی شنگال ئاوەدان نەبێتەوە و ئیدارە و دەسەڵاتی حکومەتی کوردستانیشی بۆ نەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ دەبێت بە پاڵپشتیی میلیشیاکانی چەکدارانی پەکەکە لێرە و لەوێ لە سنووری مەخموور دەردەکەون و کێشە دەنێنەوە.

*** پەکەکە ماوەیەکە جموجوڵە گوماناوییەکانی دژی هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە، ئایا کێ لە پشت ئەم کار و مەرامەیاندایە؟**

- دەبێت هەموومان وەکو کوردێکی نەتەوەیی ئەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە کە چەکدارانی پەکەکە حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە دوژمنی خۆیان دەزانن، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان لە سایەی پارتی و بارزانیدا هاتووەتەدی، هیچی کەمتر نییە لە دەوڵەت و سەربەخۆیی، چونکە فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان بە دەستوور و یاسا چەسپێندراوە، چەکدارانی پەکەکەش ئەو لایەنە نەتەوەیی و کوردستانییە نین، کە سەربەخۆییان بۆ کوردستان بوێت، بۆیە بە پیلان و دەست لەپشتدانی ناحەزانی کورد و کوردستان هەرچی بۆیان بکرێت، لە دژی باشووری کوردستانی دەکەن، هەر وەکو ئەو ئاگرەی لە بازاڕی قەیسەریی هەولێریان بەردا، کە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی کاسبکاری هەولێر زەرەرمەند ببن و حکومەتی کوردستانیشی سەرقاڵ کرد، چونکە چەکدارانی پەکەکە گرووپی ئامادەکراو و مەشقپێکراویان بۆ کاری تیرۆریستی و ئاگرکەوتنەوە و تیرۆر و زۆر مەبەستی دیکە هەیە.

**بە هۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو سنوورانەی باشووری کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوە، تەنانەت ئەو گوندانەشی ئاوەدان بوون، دووبارە چۆڵ کرانەوە**

**پێویستە هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستان وەکو گیان و چاوی خۆی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات**

**چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەی هاتنە شنگال تا ئێستا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی سەربازی و لۆجستی و داراییان لەگەڵ میلیشیاکاندا هەیە**

**نزیکەی دوو ساڵ دەبێت بە پاڵپشتیی میلیشیاکان چەکدارانی پەکەکە لێرە و لەوێ لە سنووری مەخموور دەردەکەون و کێشە دەنێنەوە**

*** چەکدارانی پەکەکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیایان نییە، بۆچی واز لەشەڕ ناهێنن و ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ ناگرنەبەر؟**

- چەکدارانی پەکەکە نەك لەگەڵ سوپای تورکیا، بەڵکو ناتوانن لەگەڵ هێزێکی بچووکیش شەڕ بکەن، بەڵام ئەو شەڕ و ڕووبەڕووبونەوانەی لە ئۆپەراسیۆنە گەورە و بەهێزەکەی تورکیا دەیکات، تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێت من دژی تورکیام کە لە هەقیەقەتدا وا نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە زیاتر کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە بەو ڕەفتارانەیان وا دەکەن، کە چەکدارەکان باوەڕیان سەردەمییانە و حەکیمانەیەی جەنابی سەرۆك بارزانی خەڵك و میللەتی کورد لە باکووری کوردستان بە ئارامی و بە هێمنی و ئاشتی لە شار و ناوچەکانیان دەژین، سەرکردەی ئەو چەکدارە بێ بەرنامە و پلانانە هەستان پرۆسەی ئاشتییەکەیان لەناو برد و شەڕی خەندەقی خوێناوییان بۆ میللەتی کوردی باکوور نایەوە.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە لەو کردەوە و چوارچێوەیەی هەیانە دەمێننەوە، یان ئومێدێك هەیە گۆڕانکاری لە پلان و مەبەستەکانیان ڕوو بدات؟**

- نەخێر، چەکدارانی پەکەکە بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی کار و کردەوەی باش و کوردانەیان لێ



بە سەرکردە خۆپەرستەکانیان بمێنێت، بەڵام ئەو سەردەمە سەردەمی ئاشتی و دیالۆگە و پێویستە کێشەی کوردی باکووری کوردستانیش لەگەڵ تورکیا هەر بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، کە لەو بارەشەوە دیتمان کە جەنابی سەرۆك بارزانی ئەو پەڕی هەوڵ و توانای خۆی بەکار هێنا و قەناعەتی بە لایەنی حکومەتی تورکیا کرد کە لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە گفتوگۆ بکەن و بە ئاشتی چارەسەری کێشەکە بکەن، بەڵام سەرکردەکانی پەکەکە زانییان بەو کارە ناکرێت، وەك ئەوی ئێستا ڕەفتار دەکەن لە دژی هەرێم و حکومەتی کوردستان، چونکە ئەوەی لە دەستیان بێت، زۆر زیاتر و خراپتر کاری نارەوا و پشێوی دروست دەکەن و نایانەوێت هەرێمی کوردستان لەو قۆناغ و بارودۆخە سەقامگیر و دیموکراتییەدا بمێنێت، بەتایبەتی کە دڵنیان ئەو حکومەتە و هەرێمی کوردستان لە دەستێکی ئەمین و کوردپەروەرانەی وەکو جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایە.



### کوردستان ڕەسوڵ:

# ئێمە وەکو کورد پێویستمان بەوەیە گەنج ئاراستە و پەروەردە بکەین لەسەر خۆشویستنی خاک و نیشتمان

**کوردستان ڕەسوڵ مامۆستا و پەروەردەکاری خود، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان قسە لەسەر کێشە و ئاریشە هەنووکەییەکانی گەنج دەکات و تیشك دەخاتە سەر چەند پرسێکی پەروەردەیی و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە گەنج بەهۆی ناوەڕۆکی بەتاڵ، ڕۆژ بەڕۆژ کۆپی دەبێت و زیاتر دەبێتە دیلی تەقلید و چاولێکەری.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** هۆکاری زیادبوونی کێشەکانی گەنج بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کێشەی زۆری گەنج بۆ نەبوونی پەروەردەیەکی باش، نەبوونی خوێندنێکی ئەکادیمی قووڵ، نەبوونی ژینگەیەکی پەروەردەیی دروست، دەگەڕێتەوە.

*** ئایا کێشە هەنوکەییەکانی گەنج چین؟**

- کێشەی گەنج بێ ئامانجییە، هاوکات نەبوونی ئاراستەیەکی دروستە لە ژیان، گەنج تائێستا خۆی ناناسێت، نازانێت دەبێت چی بکات و بەرەو کوێ هەنگاو بنێت، لە سەرەتایی ترین ڕێگەکانی سەرکەوتندا گیری خواردووە، گەنج بەهۆی ناوەڕۆکی بەتاڵەوە ڕۆژ بەڕۆژ کۆپی دەبێت و زیاتر دەبێتە دیلی تەقلید و چاولێکەری، بۆیە هەمیشە پێناسەی خۆی لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت.

*** چۆن و بە چ ئاراستەیەك کێشەی گەنج چارەسەر دەبێت؟**

- گەنج پێویستە ڕۆشنبیریی خۆی بکاتە بناغە و دەستپێکی بەرەوپێشبردنی خودی خۆی، پێویستە گۆڕانکاریی قووڵ لە بەرنامەی خۆیدا دروست بکات، چونکە زۆربەی گەنجان تاوەکو ئێستا هیوا و ئومێد و خەون و پلانیان بە شیوەیەکی تەندروست دانەناوە، لە کاتێکدا پێویست دەکات هەموو ئەوانە بونیاد بنێت، گەنج پێویستە شارەزای مێژوو و گۆڕانکارییە خێراکان بێت لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەش دیدگا و خەونی خۆی بونیاد بنێت.

*** هەنگاوەکانی گۆڕینی خود لە کوێوە دەست پێ دەکات، میکانیزمەکانی چین؟**

- ئەوەی تێبینی دەکەم پێگەیاندنی گەنج لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێت، ئەویش بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتوور و شێوەی ئاراستەکردن و پەروەردەکردنی، ئێمە لە کوردستان دوو جۆر شێوە ئاراستەکردنمان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە باوانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، کە لەو عورف و شێوە نەریتییەی کە داڕێژراوە سەرچاوەی گرتووە، دووەمیان ئەوەی کە تەکنەلۆژیا بۆمان دروست دەکات، هەردوو شێوەکەیان هەڵەیە بەڵکو دەبێت ئاراستەکردن و پەروەردەکردنی گەنج سیستم و مەنهەجێك نەبێت کە سیستمی عەشایری یان نەریتی یان سیستمی سەرمایەداری دروستی کردبێت. ئێمە وەکو کورد پێویستمان بەوەیە گەنج ئاراستە و پەروەردە بکەین لەسەر خۆشویستنی خاك و نیشتمان، خۆشویستنی گەلەکەی، خۆشویستنی خودی خۆی و داهاتووی خۆی .

بۆ داهاتوویەکی گەشتر و باشتر بەم چەند خاڵە ڕێنمایی گەنج دەکەین:

١-گەنج لەسەر مەنهەجێکی دروست خۆی پێبگەیەنیت.
٢- بەردەوام بخوێنێتەوە و بخوێنێت.
٣- لەسەرجەم لایەنەکانی کەسایەتی، کۆمەڵایەتی، خێزانی و ماددی ئیشی خۆی بباتە پێشەوە.
٤- ئومێد و هیوای گەورە بونیاد بنێت و بەرەو ڕوویان بڕوات.
٥- هەوڵی ئەوە بدات خاوەن دەزگا و دامەزراوەی خۆی بێت.

*** مەبەست لە بەڕێوەچوونی خولی براندی گەنج چی بوو و ئامانجی چییە؟**

- مەبەست لە خولی براندی گەنج ئەوەیە گەنج دەست بە دانانی دیدگە و ڕوئیای ژیانی بکات و بزانێت چ توانا و لێهاتوییەکی هەیە، هەروەها هەوڵ بدات وەبەرهێنان لە خۆیدا بکات و بزانێت چ بەهرە و تایبەتمەندییەك لە خۆیدا دروست بکات و، چۆن ئەو لێهاتووییەی هەیەتی بیخاتە حاڵەتی وەبەرهێنان و بزنسی خۆی لەو بوارەدا ئەنجام بدات، ئەم خولەش دەرفەتێکی گەورەیە بۆ گەنج.

*** دەگوترێت دۆخی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان خراپ و بێ کاریگەرە، خوێندنەوەت لەسەر ئەمە چییە و چۆن دەکرێت پەروەردە بە مانای وشە کاریگەر بێت؟**

- پەروەردە چەندین جۆرە
١- پەروەردەی خیزانی
٢- پەروەردەی قوتابخانە
٣- ژینگە
٤- تەکنەلۆژیا و پەروەردە

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم مەترسییەکی زۆر گەورەی پەروەردە داین، پەروەردەی قوتابخانە ئەو مەنهەجەی کە هەیەتی قوتابی پەروەردە ناکات و نایکات بە ڕۆڵەی ژیان، نایکات بە مرۆڤێکی ئەخلاقی و کەسایەتیی بۆ دروست ناکات، ئەوەی لە هەمووی کارەساتبارترە تەکنەلۆژیایە، کە ئەگەر بەها و مەبدەئێك لەسێ ژینگەی دیکە دروست ببێت تەکنەلۆژیا بەتەواوی دەیسڕێتەوە، بۆیە پێویستە پسپۆڕانی بواری پەروەردە کار لەسەر ئەم ڕیاڵانە بکەن کە کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست دەکەن .

*** لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا چارەسەری کێشەی ژنانیان گرێ داوەتەوە بە «وەبەرهێنان لە کچاندا» ئەمەش بەو مانایەی پێویستە لە قۆناخی باخچەی ساوایانەوە کچ پەروەردە بکرێت، بۆ ئەوەی ژنێکی باش پێشکەشی کۆمەڵگە بکرێت، لە کوردستان ئەم ئاراستەیە نییە، ئایا تاچەند گرنگە کە وەبەرهێنان لە کچاندا بکرێت؟**

- ئەوەی کارمان بۆ ئاسان دەکات و ڕێگەکانمان بۆ کورت دەکاتەوە، بریتییە لە پێگەیاندنی ئافرەت و دایکێکی زۆر گرنگ و نمونەیی، چونکە کە پەروەردەی ئافرەت تەندروست نەبوو، منداڵ بە پەروەردەیەکی دروستدا تێپەڕ نابێت، ئەوەی وا دەکات پەروەردەی خێزان پەروەردەیەکی نا تەندروست بێت، ئەوەیە کە دایکێکی ڕۆشنبیرمان نەبێت، تاوەکو بتوانێت وەك دایك یان وەك هاوسەر ڕۆڵێکی سەرکەوتووی هەبێت، بەداخەوە بەشێکی ئافرەتانی ئێمە لەبەر ناهۆشیاری کە دەبن بە دایك، تەنیا خەریکی بەخێوکردنی منداڵن نەك پەروەردەکردنی منداڵ، لە کاتێکدا بەخێوکردن بەبێ پەروەردەکردن وەکو مەلێکی بێ باڵە. ئافرەتان پێویستە کە دەبن بەدایك خوێندنەوەی قووڵیان لەسەر خۆدناسی هەبێت و لەم بوارەدا زۆر بخوێننەوە، چونکە لە کاتی پەروەردەکردندا گرفتە خودی و کێشە دەروونییەکانی دایکن کە منداڵێکی پەروەردەنەبوومان بۆ دروست دەکەن، چونکە دایك کاتێك خۆی پەروەردە دەکات، دەشزانێت چۆن منداڵەکەی پەروەردە بکات.

بۆیە ئێمە لە پێناو داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵ و نەوەکانمان پێویستیمان بەدایکی ڕۆشنبیر و پەروەردەکار هەیە.

**گەنج پێویستە شارەزای مێژوو و گۆڕانکارییە خێراکان بێت لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەش دیدگا و خەونی خۆی بونیاد بنێت**

**قوتابخانە ئەو مەنهەجەی کە هەیەتی قوتابی پەروەردە ناکات و نایکات بە ڕۆڵەی ژیان**

**کە پەروەردەی ئافرەت تەندروست نەبوو، منداڵ بە پەروەردەیەکی دروستدا تێپەڕ نابێت**

**لە پێناو داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵ و نەوەکانمان پێویستیمان بەدایکی ڕۆشنبیر و پەروەردەکار هەیە**



## گەشبین شێرزاد:

# ئامانجمە ئەو ئەزموونە تاڵ و شیرینانەی ژیانم بە خانمانی ڕابگەیەنم

**گەشبین شێرزاد، خانمە گەنجێکی ورەبەرز و پڕ وزەیە، ماوەی چوار ساڵە دەستی بە کارکردن کردووە و وەك خۆی باسی دەکات، چەندین کاری ئەزموون کردووە و لە ئێستادا وەکو بلوگەرێك لە سۆشیال میدیا برەو بە کار و ئامانجەکانی دەدات. لە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارەکانی بۆ خوێنەران باس دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گەشبین شێرزاد، ساڵی ١٩٩٧ لە پارێزگای هەڵەبجە لەدایك بووە و لە ئێستادا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە و دەرچووی کۆلێژی شەریعەی زانکۆی سلێمانییە، بەڵام دەرفەتی دامەزراندنی لە کەرتی گشتی بۆ نەڕەخساوە، بۆیە هەوڵی داوە، ببێتە خاوەن کار و وەك مامۆستاش لە پەیمانگایەکی ئەهلی وانەی وتووەتەوە. بەمجۆرەش باسی ژیانی تایبەتی خۆی و کارەکانی دەکات: «من لە ساڵی ٢٠١٥ یەکەم قۆناغی چوونم بۆ زانکۆ دەستی پێکرد. کچێکی لاوی تەمەن ١٩ ساڵ بووم، کە پڕ بووم لە ئاوات و خۆزگە و ئامانج، تا بتوانم ئەو خولیا و ئاواتەی لە مێشك و دەروونمدایە وەك کچێك بەدی بێنم و پێی بگەم. قۆناغی یەکەمی زانکۆم لە ماڵی نەنکم تەواو کرد و نەچوومە بەشە ناوخۆیی، دەترسام لەو ژیانەی لەوێ هەیە، ئەویش بەو پێیەی بێ ئەزموون بووم تێیدا، بەڵام لە قۆناغی دووەممدا چوومە بەشە ناوخۆییەکانی ئیسکانی کچان لە شاری سلێمانی، ئەوەی جێی خۆشحاڵی و سەرنجی داهاتووی من بوو، بەشە ناوخۆیی بوو، کە پڕ بوو لە ئەزموونی خۆش و ناخۆش بۆ من، بەو پێیەی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان بە سروشتی جیاوازەوە لەگەڵت دەبن و بەرکەوتنت دەبێت لە گەڵیان. من ئەو ساڵانەی خوێندنی خۆم و مانەوەم لە بەشە ناخۆیی زانکۆ ناوم ناوە (ئەزموونی زێڕین)، چونکە ئەزموونی خوێندنم لە دەرەوەی ماڵ و شارەکەی خۆم پڕ لە تازەگەری بوون، بۆ ژیانی داهاتووم و ئێستاشم. ئەو بیر و قسانەی کە دەڵێن (کچ و ئیشی ماڵەوە، نەوەك خوێندن) لە جێی خۆی نییە، خانم بوون واتە تازەگەری و داهێنەری بەتوانای ناو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی جێپەنجەی دیار بێت.

دوای تەواوبوونی زانکۆ و بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، چەندین ئیشی ئۆنلاینم کردووە، بە یارمەتیی خوا گیان و خۆم و هاوسەر و ماڵی باوکم لە کارەکانم سەرکەوتوو بووم. کاری پرۆدێکتی پێست، خواردن دروستکردن، مۆم و کۆنکرێت دروستکردنم کردووە، وەك مامۆستاش لە پەیمانگایەکی ئەهلی وانەم وتووەتەوە، ئێستاش کە دایکی دوو کوڕی جوانم، سەرقاڵم بە ئیشی بلۆگەرییەکەمەوە کە لە ڕێیەوە ئامانجمە ئەو ئەزموونە تاڵ و شیرینانەی من لە ژیاندا کردوومە لە هەر بابەتێکی جیاواز، بە کچان و دایکان و خانمانی لێهاتووی ڕابگەیەنم و ئەو ئەزموونەیان لەگەڵدا دابەش بکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە لە سەرەتای بیرۆکەی کارکردنت ئایا چ کەسێك هانی دایت و پاڵپشتت بوو؟ گوتی: «سەرەتا هەر بیرۆکە و کارێك کە دەهاتە پێشەوە بۆم و بیرم لێ دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم، هاوسەرم و ماڵی باوکم زۆر پاڵپشتم بوون بە بێ وتنی وشەی مەیکە، زەرەر دەکەیت. ئەگەرچی زەرەریشم کردبێت، بەڵام زانیویانە خولیامە و پاڵپشتییان کردووم».

سەبارەت بە ئامانج و پڕۆژەکانیشی بۆ داهاتوو گوتی: «جیاواز لەو کارانەی لە ڕابردوودا کردوومە، بێگومان ئامانجی دیکەم هەیە بۆ داهاتووم، خوای گەورە هاوکارم بێت، دوو کار لە ئامانجە سەرەکییەکانی منە، ئەویش کردنەوەی شەتڵگەیەك، چونکە گوڵ و نەمام لە حەز و خولیا بەهێزەکانی منە و ئەوی دیکەشم شۆپێکی جلوبەرگە، یان قوماشی کوردییە بە وپێیەی هاوسەرم لە ناو قوماشا کار دەکات و کارێکی بازرگانیی باشە بۆ قازانجکردن و دەکرێت دەرفەتی کار بۆ خانمانی دیکەش بڕەخسێنم».

# چیرۆکی ئازاری لێکدابڕانی ئەمیرە عەلی و کچەکەی



له کۆمەڵگه نەریتییەکان بەگشتی و له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، دۆخی ئافرەت به شێوەیەکی گشتی ناسەقامگیر و ناهەموارە، تەنانەت له کوردستانی خۆشماندا بەشێکی ئافرەتان تاوەکو ئەمڕۆ له بارودۆخێکی نەشیاو و توندوتیژدا دەژین. ئەمیرە عەلی یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتە و باسی نەهامەتییەکانی ژیانی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەمیرە عەلی، ئافرەتێکی ڕوخسار سوور و سپی و باڵا مامناوەندە و لە چلەکانی تەمەنیدایە، ئەگەرچی هەمیشە گاڵتە و گەپ دەکات و دەم بە پێکەنینە، بەڵام کە زیاتر ئاشنای دەبیت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت، لە پشت پێکەنینەکانی خەمێکی قووڵ بەدی دەکەیت، بەتایبەتی کاتێك باسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەکات، فرمێسك بە خوڕ لە چاوەکانی دێنە خوارێ و خەندەکانی ون دەبن. ئەو خاتوونە بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە: «ئێمە دوو خوشك و سێ برا بووین. من هەر لە منداڵییەوە لای داپیرەم بووم، لەبەر ئەوەی بە تەنیا بوو، واتە هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ لە سۆزی باوکم بێبەش بووم. کاتێك ئێمە بچووك بووین، باوکم دایکم جێ دەهێڵێت و ژنێکی دیکە دەخوازێت. دایکم مەمرە و مەژی گەورەی کردین، بۆیە بەهۆی نەبوونییەوە لە دوو خوشك و سێ برا، هیچمان خوێندنمان تەواو نەکرد. ڕۆژانە لەگەڵ دایکم دەچووین بۆ شوێنی فڕێدانی زبڵ و خاشاك، مقەبا و نایلۆن و باغە و ئاسنمان کۆدەکردەوە و بە بڕە پارەیەکی کەم دەمانفرۆشتەوە».

ئەمیرە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و چاوە تەرەکانی بە سەرپۆشەکەی دەسڕێتەوە و بەمجۆرە درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی دەدات: «کە تەمەنم بوو بە ١٧ ساڵ بە ڕێکەوت مێردم بە ناسیاوێکی دایکم کرد. دوای ساڵێك کچێکی جوانم بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە مێردەکەم لەگەڵم زۆر خراپ بوو، هەمیشە سووکایەتی پێ دەکردم و دەیگوت: ئەگەر باش بوونایە، باوکت بەجێی نەدەهێشتن. یان بە ناکەس و بێکەس بانگی دەکردم، بەڵام من هەر بە ناچاری هەموو شتێکم قبووڵ دەکرد، چونکە هیچ چارەیەکم نەبوو. کچەکەم تەمەنی بووە شەش ساڵ، ڕۆژێك زۆری لێدام و سەری شکاندم، بەڵام هەر بێدەنگ بووم، تەنانەت خەسووم گوتی: بڕۆ شکایەتی لێ بکە. بەڵام نەمکرد، چونکە چاوم لە ماڵ و حاڵ و کچەکەم بوو، دواجار باوکی کچەکەم بێ ئاگاداری خۆم، سێ بە سێ تەڵاقی دام و لە ماڵیش دەری کردم. کچەکەشمی نەویست و من لەگەڵ خۆم بردم. سەرەتا خانووێکی یەك ژووریم بە کرێ گرت، بەڵام شەوانە باوکی کچەکەم بە سەرخۆشی دەهاتە بەر دەرگا و بە شاپ لە دەرگای دەدا، لەبەر ئەوە دەچوومە هەر گەڕەکێك دوای چەند ڕۆژێك دراوسێکان و موختاری گەڕەك دەریان دەکردم. دوای ماوەیەك بۆ جاری دووەم هاوسەرگیریم کردەوە، چونکە کەس نەبوو لەخۆم بگرێت. کاتێك کە هاوسەرگیریم کردەوە، ناونیشانم بە کەس نەدا، ژمارەی تەلەفۆنیشم گۆڕی، بەڵام دوای ئەوەی کچەکەم تەمەنی بوو بە دوازدە ساڵ، باوکی ڕۆژێك لە ڕێگەی قوتابخانە دەیبینێت و پێی دەڵێت وەرەوە لای خۆم و باوەژن و خوشك و براکانت، هەموویان حەز دەکەن لەگەڵ ئێمە بژی. ئەوکات زۆر لە کچەکەم پاڕامەوە کە نەڕوات. بەو خوایە پێیەکانیم ماچ کرد، گوتم: کچم مەڕۆ و کەس وەك خۆم ئاگای لێت نابێت. پێم گوت: کەس وەك من ناتپارێزێ. بەڵام ڕۆیشت، ئێستاش کە تەمەنی بووە بە ١٦ ساڵ وازی لە خوێندنیش هێناوە. هەموو ڕۆژێك پەیوەندیم پێوە دەکات و دەگری و دەپاڕێتەوە و داوا دەکات بیگێڕمەوە لای خۆم، پێم دەڵێت: چیتر ناتوانم بەرگەی باوەژن و منداڵەکانی بگرم. بەڵام مێردەکەم دەڵێت: نابێت بەهیچ شێوەیەك بێتەوە. زۆر پاڕامەوە کە ئەمجارە کچەکەم بێتەوە لام، بەڵام پێی گوتم: یان من، یان کچەکەت هەڵبژێرە. لەبەر هەموو ئەوانە زۆر بێزارم، چۆن ناتوانم دەستبەرداری کچەکەم بم، بە هەمان شێوەش ناتوانم دەستبەرداری هاوسەرەکەم بم، چونکە زۆر زۆر لە هاوسەری پێشووم باشترە، بەڵام هەمیشە دڵم لای کچەکەمە و وادەزانم لە بن دارێکم هیچ پەلکی پێوە نییە».

**هەر لە منداڵییەوە لای داپیرەم بووم، لەبەر ئەوەی بە تەنیا بوو، واتە هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ لە سۆزی باوکم بێبەش بووم**

**بەهۆی نەبوونییەوە لە دوو خوشك و سێ برا، هیچمان خوێندنمان تەواو نەکرد**

**ڕۆژانە لەگەڵ دایکم دەچووین بۆ شوێنی فڕێدانی زبڵ و خاشاك، مقەبا و نایلۆن و باغە و ئاسنمان کۆدەکردەوە و بە بڕە پارەیەکی کەم دەمانفرۆشتەوە**

# ئەستێرەکانی جیهان لە ٧٢مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سان سیباستیان

حەفتا و دووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «سان سباستیان» بە سەرۆکایەتیی خۆزە لۆئیس ڕێبۆردینۆس و بە پیشاندانی فیلمی سینەمایی ئێمانۆئێل لە دەرهێنانی خاتوو ئۆدرێی دیوان فیملسازی لوبنانیی دانیشتووی وڵاتی فەرەنسا و بە ڕۆڵبینینی نۆمیێ مێرلانت، ویل شارپ، جیمی کەمپبێل بۆوێر و چاچا هۆوانگ، بەرهەمی وڵاتی فەرەنسا لە هۆڵی کۆرسال لە شاری سان سباستیان لە وڵاتی ئیسپانیا دەستی پێکرد و، بە پیشاندانی فیلمی سینەمایی ئێمە لە کات و ساتدا دەژین، لە دەرهێنانی ژۆن کراولی و بە ڕۆڵبینینی ئاندریو گارفیلد و فلۆرانس پیۆ و بەرهەمی وڵاتی بەریتانیا کۆتایی پێهات.







**خەڵاتی دۆنۆیستا تەمەنێك دەستکەوتی هونەریی بۆ کێت بلانشێت**

کێت بلانشێت ئەکتەری بەرچاوی ئۆستورالی و براوەی دوو خەڵاتی گرنگی ئۆسکار، دوو خەڵاتی ئەکتەری ڤێنیز، چوار خەڵاتی گۆڵدن گڵۆب، چوار خەڵاتی بافتا و هەروەها کۆمەڵێك شانازیی جیهانیی دیکە، خەڵاتی گرنگی دۆنۆیستا بۆ تەمەنێك دەستکەوتی هونەریی لە دەستی «ئاڵفۆنسۆ کۆارۆن» دەرهێنەری ناوداری مەکزیکی لە حەفتا و دووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «سان سباستیان» وەرگرت و لە وتەیەکی کورتدا رایگەیاند: «من وەکو ئوستوڕالیییەك کە لە دەرەوەی وڵات کار دەکەم، ئەم سەرپشکە گەورەیەم هەبووە کە لە سنوورگەلێکی زۆر تێپەرم و بۆ جیهان سەفەر بکەم، وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لە وڵاتی ئیسپانیا و ئەم فێستیڤاڵە سەرسوورهێنەرە کە پڕە لە جۆش و خرۆش و سنوورە کلتووری و سینەماییەکانیشی دەرباز کردووە، بۆ من جێگەی شانازییە.

**خەڵاتی دۆنۆیستا تەمەنێك دەستکەوتی هونەریی بۆ خاڤێر باردێم**

خاڤێر باردێم ئەکتەری بەناوبانگی ئیسپانی و براوەی خەڵاتە گرنگەکانی ئۆسکار، گۆڵدن گڵۆب، بافتا و هەروەها کۆمەڵێك شانازیی جیهانیی دیکە، خەڵاتی گرنگی دۆنۆیستا بۆ تەمەنێك دەستکەوتی هونەریی لە دەستی هاوسەرەکەی خاتوو «پێنێلۆپێ کرۆز» لەم ڕووداوە پلە یەکەی سینەمای جیهان وەرگرت و لە وتەیەکی زۆر کورتدا گوتی: «من ئەم خەڵاتە بە تەواوی عەشق و هۆگریم بەم فێستیڤاڵە وەردەگرم، کە هەم لە لایەنی باری کەسێتی و هەمیش لە لایەنی پرۆفشناڵییەوە بۆ من پڕ بایخە.

**خەڵاتی دۆنۆیستا تەمەنێك دەستکەوتی هونەریی بۆ پیدرۆ ئاڵمادۆڤار**

پیدرۆ ئاڵمادۆڤار دەرهێنەری ناوداری ئیسپانی و براوەی خەڵاتە گرنگەکانی ئۆسکار، شێری زێرینی ڤێنیز، گۆڵدن گڵۆب، بافتا و هەروەها کۆمەڵێك شانازیی جیهانیی دیکە، خەڵاتی گرینگی دۆنۆیستا بۆ تەمەنێك دەستکەوتی هونەریی لە دەستی خاتوو «تیلدا سوینتۆن» ئەکتەری بەریتانی لە حەفتا و دووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «سان سباستیان» وەرگرت و لە وتەیەکدا جەختی کردەوە: «پیشەی من، بەهێزتر لە خۆم و هەموو شتەکانی دەورووبەرم بووە و بەردەوام درێژەی هەیە، ئەم پیشەیە باشترین پیشەیە لە جیهاندا و ئەم بایخەی هەبووە کە بە گیان و بە دڵ خۆم ڕادەستی بکەم، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە سینەما ژیانی منە و ژیانی من بە بێ سینەما مانایەکی نایێت، ژیان هەم لە چیرۆك و هەم لە ڕاستی پێچراوە و مەترسیی زۆریی بەدواوەیە، بەڵام ژیان بەبێ ئازادی بایەخی نییە».

بەشە جۆراوجۆرەکانی فێستیڤاڵی فیلمی سان سباستیان

حەفتا و دووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سان سباستیان لە چەندین بەشی جۆراوجۆر لەوانە؛ ٢٢ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی، ٢ فیلمی سینەمایی لە بەشی پیشاندانی خەڵاتی دۆنۆیستا، ١٢ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی دەرهێنەرە نوێیەکان، ١٤ فیلمی سینەمایی لە بەشی ئاسۆکانی لاتین، ٢٤ فیلم لە بەشی پێشبڕکێ، ١٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێرلاك (کۆمەڵێك لە باشترین فیلمە بڵیندەکانی ساڵ کە هێشتا لە ئیسپانیا پیشان نەدراون)، ١٣ کورتە فیلم لە بەشی پێشبڕکێی هێلانە (بەرهەمەکانی خوێندکارانی سینەما)، ٥ فیلمی بڵند لە بەشی پێشبڕکێی سینەمای چێشتلێنان، ٦ فیلم لە بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلمەکان، ١٣ کورتە فیلم لە بەشی پێشبڕکێی زۆر کورت، ٩ فیلمی سینەمایی لە بەشی زینێمیرا (ئەو فیلمانەی کە لە ویلایەتی باسکی ئیسپانیا بەرهەم هاتوون)، ٢١ فیلمی سینەمایی لە بەشی فیلمە بەرهەمهاتووەکان لە وڵاتی ئیسپانیا، ٢ فیلمی سینەمایی لە بەشی ڤۆلدرۆووم، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی سینەما بۆ منداڵان، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی کلاسیك، ٢٢ فیلمی سینەمایی لە بەشی سەیریی ڕابردوو، ١٨ فیلم لە بەشی لە دوورگەی دیکە، بەشی خەڵاتی گەورەی فیپێرشی (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕخنەگرانی فیلم)، بەشی فیلمی غافڵگیرانە، بەشی، ٣ فیلمی سینەمایی لە بەشی، وتووێژ لەگەڵ سینەماکاران، کۆبوونەوەی پسپۆڕانەی سینەمایی و چەندین بەشی دیکە لە شاری سان سباستیان لە وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوە چوو.



خاکاو دڵشاد بۆ گوڵان:

# تابلۆ ساختەکان لە بازاڕ زۆرن ئەمەش کاریگەریی لەسەر تابلۆکانی ئێمە هەیە



**خاکاو دڵشاد دەرچووی ساڵی ٢٠١٨ی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێرە و ئێستا مامۆستای بابەتی هونەرە لە قوتابخانە و مامۆستایە لە ڕێکخراوی (رەنج) ی هونەری، تا ئێستا خاوەن نزیکەی ١٦ پێشانگای هاوبەشی هونەرییە، هەروەها بەشدار بووە لە ١٥ کاری دیواری، ئێستاش بەردەوامە لە کارە هونەریەکانی.**

*** لە تابلۆکانتدا هەست دەکەین لە نێوان هونەری ئەبستراکت و مۆدێل و پۆرترێتدا دێیت و دەچیت، ئەمە لەبەر چی؟**

- بێگومان هەر شێوەکارێك لە بواری خۆیدا شێوازی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەمە هەست دەکەم خۆنەویستانەیە.

*** شێواز و ستایلی کارکردنت ئەوە نیشان دەدات ئەزموونکارانە کار دەکەیت، بەڵام ئایا شێوازی خۆت دۆزیوەتەوە؟**

- هونەرمەند ئەگەر وا نەبوو ڕەگی هونەر لە ناخیدا نەڕواوە، منیش لە تابلۆکانمدا ئەو ڕێچکانە بەدی دەکرێ.

*** ئافرەت وەك فیگەر و کاراکتەر تا چەند لە نێو تابلۆکاندا ئامادەیە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئافرەت هەموو کات لە هەموو بوار و شوێنەکدا جێگەی دیارە بە گشتی، لە ناو هونەری وێنەکێشانیشدا زۆر ڕۆڵی هەیە، ئەگەر سەرنج بدەین هەر لە زووەوە ئەوە بینراوە کە هونەرمەندان تابلۆی تایبەت بە ئافرەتیان هەیە، ئەمەش من دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە بوونی خودی ئافرەت لە ژیاندا خولقێنەرێکی بەرزە، بەدیهێنانی نەوەی نوێ و بەردەوامبوونی ژیانە جا جوانی و فەنتازیا و گرنگیی بوونیان لە لایەکی دی.

*** هاوڕای لەگەڵ ئەوەی هونەرمەند هاوسەنگییەك لە نێوان ڕیتمی خۆماڵی و ڕەوتی جیهانیدا ڕابگرێت؟**

- ئەو هاوسەنگییە زەرورە، ڕیتمی ڕەنگینی و کەلەپووری ڕەسەنی کوردەواری هەمیشە شایستەی مانەوە و شانازیە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ڕەوتی (مۆدێرنە) ی جیهانی بەڕێوە نەچێت هێشتا ناهاوسەنگە، پشتکردنە جیهان و سوودوەرنەگرتن لە پێشکەوتن و شارستانیەتی گەورەی جیهان خەلەلی گەورە لە بەرهەمی هونەریدا دروست دەکات.

*** لەکاتێکدا هونەری کوردی بەگشتی بەدەست گرفتەوە دەناڵێنێت، ئێوەی شێوەکار گرفتتان چییە؟**

- ناحەقییە ئەگەر بڵێین هونەری کوردی گرفتی زۆرە، چونکە سوپاس بۆ خودا بەرەوپێشچوونی باش هەبووە لە گشت بوارەکاندا، هەرچەند وەك وڵاتانی دیکە نییە و هێشتا هەنگاوەکانمان لە دواوە جێماون، بەڵام لە گۆڕاندا بەردەوامین، ئێمە وەك شێوەکار گرفتە سەرەکییەکەمان لەوەدایە کە تابلۆکانمان کاری دەستی خۆمانە و گرانبەهان و لە ڕووی کوالێتییەوە ماندووبوونی دەوێت، ئەمە بێجگە لە بەرهەمی کلتوریی وڵاتما، بەڵام تابلۆی (ساختە و لاسایی کەرەوە) زۆرن لە ناو بازاڕ کە بە ناو کاری دەستیی هونەرمەندانەوە بڵاو دەکرێتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر تابلۆی ئێمە دروست دەکا، گرفتی نەبوونی پاڵپشتیشمان هەیە بەو ڕادە بەرچاوەی کە خاوەن هونەر دەیەوێ.

*** هونەرمەندانی شێوەکار دەتوانن بژێویی ژیانیان پەیدا بکەن؟**

- ئەگەر بتەوەێ تەنیا کاری هونەری و تابلۆ بکەیت بە بژێوی ژیان، ئەوە سەختە، هەروەك ئاماژەم پێکرد گرفتی کاری هونەری دیارە.

*** تا ئێستا چەنێك لە تابلۆکانت فرۆشراون؟**

- هەر تابلۆیەکم کە کردبێت فرۆشراوە یان ڕوونتر بڵێم تابلۆکانم هەمووی بۆ فرۆشتن بووە و بگرە دووبارەش کراونەتەوە.





## نیکۆڵ کیدمان هیچ شتێک نموونەیی نییە

# دوای دوورکەوتنەوەی لە مۆسیقا ئەدیل لە نواندن نزیک دەبێتەوە

دوای ئەوەی دوورکەوتنەوەی لە بواری میوزیک ڕاگەیاند، سەرچاوەکان هەنگاوێکی نوێی ژیانی پیشەیی گۆرانیبێژی بەناوبانگی بەریتانی ئەدیلیان ئاشکرا کرد.


سەرچاوەیەک بە ڕۆژنامەی «دەیلی مەیل»ی بەریتانی ڕاگەیاندووە، ئەو هونەرمەندە خاوەنی خەڵاتی گرامی زیاتر لە سالێکە وانەیەکی چڕ و پڕی نواندن لە ڕاهێنەرێکی دیاری هۆلیوود وەردەگرێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاندوو ئەدیل تیمەکەی ڕاسپاردووە کە ستۆدیۆ و بەرهەمهێنەرانی گەورەی فیلم ئاگادار بکەنەوە کە ئامادەیە ئەزمونی نواندن تاقی بکاتەوە، ئاماژەی بەوەشکردووە، لە گفتوگۆدان لەسەر هەندێک پرۆژە. کە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی هۆڵیود ئامۆژگاری کردووە کە ڕاهێنانی زاراوە بکات؛ چونکە شێوەزاری سروشتی ئەو ڕۆڵەکانی زۆر سنووردار دەکرد.

ئەو خانمە ئەکتەرە بەریتانییە لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوودا ئاماژەی بەوە کردبوو کە دەیەوێت کاری نواندن بکات و بچێتە ناو هۆڵیود.

لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠٢٤، ئەدیل لە کۆنسێرتێکدا کە لە شاری میونشنی ئەڵمانی بەڕێوەچوو، هەوادارانی تووشی شۆک کرد بەوەی کە ماوەیەک لە مۆسیقا دوور دەکەوێتەوە و ڕایگەیاند دەیەوێ پشوو بدات.

ئەدیل هێشتا ١٠ کۆنسێرت لە شاری لاس ڤێگاسی ئەمریکا هەیە کە تا ٢٣ی تشرینی دووەمی داهاتوو بەردەوام دەبێت، کاتێک بڕیارەکەی بۆ دوورکەوتنەوە لە مۆسیقا بۆ ماوەیەکی درێژ جێبەجێ دەکات، وەک خۆی دەڵێت.



لە سەروبەندی فیستیڤاڵی ڤینیسیای سینەمایی نێودەوڵەتی خانمە ئەکتەری ناسراوی ئوسترالی نیکۆڵ کیدمان باسی لە کیس ئۆربانی هاوسەری و پەیوەندی نێوانیان کرد.

لێدوانەکانی نیکۆڵ کیدمان سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکەی لە میانی چاوپێکەوتنەکەیدایە لەگەڵ تۆڕی هەواڵی ئی نیوز بوو، دوای ئەوەی لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا بێدەنگ بوو، بە هۆی کۆچی دوایی؛ جانێلی دایکی.

کاتێک پرسیار لە نیکۆڵ کیدمان کرا کە ئایا شتێک هەیە بە ناوی «هاوسەرگیرییەکی تەواو»، ئەو هونەرمەندە ئوسترالییە تەمەن ٥٧ ساڵە بە هەستێکی نوکتە ئامێزەوە وەڵامی دایەوە و وتی: هیچ شتێکی تەواو نییە. ئاماژەی بەوەشکردووە، هەر شتێک وەک تەواو پێشکەشتان بکرێت.. لەبیری بکەن. پرسیاری دووەم کە لە کیدمان کرا سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ کیس ئۆربان، لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانەوە وەک وێنەی هاوسەرگیرییەکی ئایدیاڵ پێشکەش دەکرێت و وتی: «هیچ کام لەوانە نابینم. نەخێر.. من نایبینم.»

پێشتر نیکۆڵ کیدمان باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی کردبوو و ڕایگەیاندبوو کە زۆر بەختەوەرە؛ چونکە نزیکەی ١٩ ساڵ لەمەوبەر چاوی پێی کەوتووە. سەبارەت بە پەیوەندییەکەی لەگەڵیدا، ئاماژەی بەوەشکردووە، زۆر بەختەوەرم کە ئەوم هەیە ئەمەش توانای ئەوەم پێدەبەخشێت بچم و هەرچییەک پێویست بێت بیکەم، چونکە دەزانم دەتوانم بگەڕێمەوە.

نیکۆڵ کیدمان فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیزی جێهێشتبوو پێش ئەوەی ڕابگەیەنرێت کە خەڵاتی باشترین ئەکتەری بەدەستهێناوە بەهۆی ڕۆڵی لە فیلمی Babygirl.

سەبارەت بە مردنی دایکی، جانێل ئان کیدمان، لە میانی لێدوانێکی فەرمیدا، نیکۆڵ کیدمان وتی: "من گەیشتمە ڤێنیز، بەداخەوە دوای ماوەیەکی کەم بۆم دەرکەوت کە دایکە جوان و ئازاکەم، جانێل ئان کیدمان، تازە کۆچی دوایی کردووە." ئەمەش تووشی شۆکی کردم، و دەبێت بگەڕێمەوە بۆ لای خێزانەکەم، بەڵام ئەم خەڵاتە دیارییە بۆ ڕۆحی دایکم.





دینا حوسێن

یاریزانی باڵەی دەربەندیخان:

# ئەگەر فێرخواز حەز و خولیای کارێکی هەبێت هیچ شتێک نابێتە ڕێگر

**قـەزای دەربەندیخـان یەکێکـە لـەو دەڤەرانـەی کوردسـتان کـە گرنگیـی زۆر بـە یاریـی باڵـە دەدات، هەمـوو کات کچـە یاریزانانـی ئـەو شـارۆچکەیە ڕکابـەری سەرسـەختی یانەکانی دیکـەی کوردستان و عێراقن لـەم یارییـەدا، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن لـە خولـەکان و ئاسـت و ئەنجامیـان بەرچـاوە، تیپـی باڵـەی یانەکـە خاوەنـی چەندیـن یاریزانـی بەتوانایـە کـە سـاڵانە لـە هەریـەك لـە خولەکانـی کوردسـتان و عێراق بەشدارن، کچانـی دەربەندیخـان لەگـەڵ کردنـەوەی خولەکانـی باڵـە بـەردەوام لـە کێبڕکـێ دابوونـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی شایسـتە و شـەڕکردن لەسـەر بەدەسـتهێنانی نازناوەکانـی کوردسـتان و عێـراق، یەکێـك لـە کچـە یاریزانـە بەتواناکانـی یانەکـەش کـە خاوەنـی چەندیـن ئەنجامـی باشـە لەگـەڵ یانەکـەی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان (دینـە حوسێن)ـە، دینـە لەدایکبـووی سـاڵی ٢٠٠٧ی قـەزای دەربەندیخانـە و جگـە لـە دەربەندیخـان تـا ئێسـتا لـە هیـچ یانەیـەك یـاری نەکـردووە، ئەمسـاڵیش لـە خولی باڵـەی کچانـی عێراقـی پلـەی دووەمیـان بەدەسـت هێنـاوە، ئێمـەش لـە نزیکـەوە ئـەم دیمانەیەمـان لەگـەڵ ئەنجامـدا.**



***چۆن بڕیاری ئەوەت دا بێیتە نێو وەرزشی باڵە؟**

-خولیایـەك بـوو کـە لـە منداڵییـەوە حـەزم لێبـوو، بۆیـە هەڵـم بـژاردووە.

***وەکو کچە یاریزانێك هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-نەخێر بە بۆچوونـی مـن هیـچ کارێك قـورس نییە گـەر بـە ڕاستی بتـەوێ ئەنجامـی بدەیت.

*** بۆچی یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نابینرێ؟**

- چونکـە لـە کوردسـتان زۆر پـەرە بـەم وەرزش نادرێت وەك وڵاتانـی دیکـە، بۆیـە لـە ئاسـتی پێویسـتدا نابێت.

*** هەسـت ناکەیـت ئـەم یارییـە پێشـوازیی باشـی لـێ نەکـراوە لـە کوردسـتان؟**

- یاریـی باڵـە زیاتـر بـۆ کچانـە و زۆر کچیـش حـەز بـەم یارییـە دەکـەن، ئەگـەر ماڵەوەیـان پشـتگیرییان بکـەن ئـەوە یاریی باڵە لـە شـارەکان پێشـوازییەکی باشـی لـێ دەکرێت، لـە ئێستاشـدا یانـەکان هـەوڵ بـۆ باشـبوونی دەدەن.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لـە ئێسـتادا ئاسـتێکی باشـدایە بـە بۆچوونـی مـن لـە داهاتـوودا بەرەوپێـش دەچێـت.

*** چی بکرێت بۆ هێنانەپێشـەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئـەم وەرزشـە؟**

-ئەگـەر فێرخـواز خـۆی حـەز و خولیـای کارێکـی هەبێت هیـچ شـتێك نابێتـە ڕێگـر، بۆیـە دەبـێ گرنگـی بـە تواناکانـی یاریزانـان بدرێـت.

*** بەرنامـەی داهاتـووت چییـە وەکـو کچـە وەرزشـکارێك لـەم یارییـە؟**

- ئاستم بەرەوپێش ببەم و زیاتر پێش بکەوم لەم یارییەدا.

*** یانـەی دەربەندیخـان چـۆن هاوکاریتـان دەکات؟**

- ئێمـە لـە قەزایەکـی بچووکدایـن و یانەکەشمان هاوکارمانـە لـە هەمـوو شـتێك.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونـی یاریگـەی گونجـاو و هـاوکاری نەکردنـی بـەردەوام ئەمانـە هەمـووی هـۆکارن بـۆ بەرەوپێـش نەچوونـی یاریزانـان.

***خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- خەونـم ئەوەیـە بەرەوپێـش بچـم و ئاسـتێکی بـاش پێشـکەش بکـەم هـەم بـە یانەکـەم هەمیـش بـە خێزانەکـەم.

***خانەوادەکـەت تـا چەنـد هاوکارتـن لـە وەرزشـکردن؟**

-ئەگـەر خانەوادەکـەم نەبوونایـە منیـش نەدەگەیشـتم بـەم ئاسـتە باشـە، لـە پشـت هـەر کچێکـی سـەرکەوتوو خانەوادەیەکـی بـاش هەیـە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سـوپاس بـۆ گۆڤارەکەتـان کـەوا پشـتگیریی کچـە یایزانەکانـی کوردسـتان دەکـەن بـە بـێ جیـاوازی، هیـوای بەردەوامیتـان بۆ دەخوازم.

## لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ مۆندیالی ٢٠٢٦

# هەڵبژاردەکانی کۆریا و ژاپۆن و ئێران هەنگاوی گەورەیان بۆ گەیشتنی مۆندیال هاوێشتووە

**یارییەکانی قۆناغی سێیەمی پاڵاوتن کیشوەری ئاسیا بۆ گەیشتن بۆ مۆندیالی ٢٠٢٦ بەرەو کۆتایی قۆناغی یەکەم دەڕوات، کە تیایدا (١٨) هەڵبژاردەی سەرکەوتوو بەسەر سێ کۆمەڵە دابەش بوونە لە هەر کۆمەڵەیەک (٢) هەڵبژاردە ڕاستەوخۆ سەرکەوتن بۆ مۆندیالی (٢٠٢٦) مسۆگەر دەکەن، خاوەن پلەی سێیەم و چوارەمی هەر سێ کۆمەڵە سەردەکەون بۆ قۆناغی چوارەم بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەبن، لە هەر کۆمەڵەیەک خاوەن پلەی یەکەم ڕاستەوخۆ سەردەکەوێت بۆ مۆندیال و خاوەن پلەی دووەمی هەردوو کۆمەڵ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڵبژاردەیە، کە سەردەکەوێت بۆ یاری پاشکۆ. جێگەی باسە کیشوەری ئاسیا (٨) کورسی و نیوی هەیە لە جامی جیهانی (٢٠٢٦) لە ئەمەریکا و مەکسیک و کەنەدا.**

### کۆمەڵەی یەکەم

هەردوو هەڵبژاردەی ئێران و ئۆزباکستان بەتەواوی باڵا دەستی خۆیان لەم کۆمەڵەیە چەسپاندووە بە جیاوازی شەش خاڵ لە پێش ڕەکابەرەکانیان دێن.

ئێرانییەکان بەردەوامن لە ڕامالینی ڕکابەرەکانیان بە کۆکردنەوەی (١٠) خاڵ لە پێشەنگ دێن و تا ڕادەیەکی زۆر نزیکن بۆ گەیشتن بۆ مۆندیال.

هەرچی هەڵبژاردەی ئۆزباکستانە، کە هەمان خاڵی هەڵبژاردەی ئێرانی هەیە نزیکە بەسەرکردایەتی کاتانیچ بۆ ئەوەی خەونە گەرەکەی بهێنێتە دی بۆ یەکەم جار سەرکەوێت بۆ جامی جیهانی.

بارودۆخی قەتەر و ئیمارات لەوپەڕی خراپی دایە لە پلەکانی سێیەم و چوارەم دێن ترسی ئەوەیان لەسەرە بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی چوارەم لە دەست بدەن. هەردوو هەڵبژاردەی قیرغزستان و کۆریای باکوور هەموو کارێک دەکەن تا بگەنە قۆناغی چوارەمی پاڵاوتن.

ڕیزبەندی کۆمەڵەی یەکەم بەمشێوەیە:

١-هەڵبژاردەی ئێران ١٠ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی ئۆزباکستان ١٠ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی ئیمارات ٤ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی قەتەر ٤ خاڵ
٥- هەڵبژاردەی قیرغزستان ٣ خاڵ
٦- هەڵبژاردەی کۆریای باکوور ٢ خاڵ

### کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە هەر سێ هەڵبژاردەی کۆریای باشوور و عێراق و ئوردن ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی دوو بلیتی ڕاستەوخۆ دەکەن، بەڵام کۆرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر نزیکن بۆسەرکەوتن بۆ مۆندیال دوای ئەوەی لە هەردوو ڕکابەرە ڕاستەوخۆییەکی عێراق و ئوردن-ی بردووە.

هەڵبژاردەی عێراق بەسەرکردایەتی کاساس-ی ئیسپانی هەوڵ دەدات لە ئاسانترین کۆمەڵەی قۆناغی سێیەم بۆ جاری دووەم سەرکەوێت بۆ مۆندیال دوای دابرانێکی ٤٠ساڵی لە مۆندیال، بەڵام ئوردنییەکان هەڕەشەیەکی گەورەن لەسەر عێراق وکابەرەیەکی سەرسەختە لە دوا یاری قۆناغی یەکەم لە شاری بەسرە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە لەم یارییە عێراقییەکان هەموو شتێک دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بردنەوە و نزیکبوونەوەی هەنگاوێک بۆ مۆندیال.

هەر سێ هەڵبژاردەی شانشینی عوممان و کوێت و فەڵەستین ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی چوارەم دەکەن.

ڕیزبەندی کۆمەڵەی دووەم بەمشێوەیە:

١-هەڵبژاردەی کۆریای باشوور ١٠ خاڵ
٢-هەڵبژاردەی ئوردن ٧ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی عێراق ٧ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی شانشینی عوممان ٣ خاڵ
٥- هەڵبژاردەی کوێت ٣ خاڵ
٦- هەڵبژاردەی فەڵەستین ٢ خاڵ





## کۆمەڵەی سێیەم

لـەم کۆمەڵەیـە هەڵبـژاردەی ژاپـۆن تەنیـا پێویسـتی بەکاتـە بـۆ گەیشـتن بـۆ مۆندیـال بـە تـەواوی کۆنترۆڵی ئـەم کۆمەڵـەی کـردووە بـە جیـاوازی (٥) خـال لـە پێش نزیکتریـن ڕکابـەری دایـە.

هەڵبـژاردەی ئوسـتراليا بـە قۆناغـی نوێبوونـەوە دادەڕوات دوای تەواوبوونـی مۆندیالـی (٢٠٢٢) بۆیـە لەگـەڵ دەستپێکی قۆناغی سێیەم ئەم پاڵاوتنە تووشی گرفتی گـەورە هات، بەڵام لـە کاتی ئێستادا یاری دوای یاری تیپەکـە بـەرەو جێگیربـوون دادەڕوات.

هەڵبـژاردەی سـعودیە لەگـەڵ ڕاهێنـەری ئیتاڵـی مانچینـی بەقۆناغـی بێ متمانەیی دا دەڕوات لـە نێوان یاریزانـەکان و ڕاهینـەر و هانـدەر و هەڵبـژاردەی سعودیە، ئێسـتا دەنگێکـی زۆر بەرزبووەتـەوە داوای دوورخستنەوەی مانشـینی دەکـەن، چونکـە سـەرکەوتنی هەڵبـژاردەی سعودیە بـۆ مۆندیـال پێویسـتی بەکارێکـی گـەورە هەیـە.

هەڵبـژاردەی بەحرێـن لـە کاتـی ئێسـتادا نزیکـە بـە دەسـتهێنانی خەونـی سـەرکەوتن بـۆ مۆندیـال دوای ئـەوەی خاڵێکـی زێڕینـی لـە نێـو خاکـی سـعودیە بـە دەسـتهێنا پلانـی ڕاهێنـەر لـە کاتـی ئێسـتادا ئەوەیـە سـەرجەم خاڵەکانـی نێـو خاکـی خـۆی بەدەسـتبهێنێت بـۆ ئـەوەی پلـەی دووەمـی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە سعودییە وئوسـتراڵیا وەربگرێتـەوە.

هەڵبژاردەی ئەندەنووسیا ئومێدێکی کەمی سەرکەوتنی ڕاسـتەوخۆی مایـە بـۆ مۆندیـال دوای دۆرانـە چاوەڕوان نەکراوەکـەی بەرانبـەر چیـن بۆیـە فۆکسـی خـۆی لەسـەر بەدەسـتهێنانی بلیتـی قۆناغـی چوارەمـی یارییەکانـی پاڵاوتـن دانایـە.

هەڵبـژاردەی چیـن دوای دەسـتپێکێکی کارەسـات لـەم پاڵاوتنـە و دۆڕانێکـی مێژوویـی بەرانبـەر هەڵبـژاردەی ژاپـۆن، بـەڵام ئومێدی سـەرکەوتنی بـۆ قۆناغـی چوارەم مـاوە و هەمـوو شـتێک ئەنجـام دەدات تـا هیـوای سـەرکەوتن بـۆ مۆندیـال لـە دەسـت نـەدات.

## ڕیزبەندی کۆمەڵەی سێیەم

١-هەڵبژاردەی ژاپۆن ١٠ خاڵ
٢-هەڵبژاردەی ئوستراڵیا ٥ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی سعودیە ٥ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی بەحرێن ٥ خاڵ
٥- هەڵبژاردەی ئەندەنووسیا ٣ خاڵ
٦- هەڵبژاردەی چین ٣ خاڵ

## یارییەکانـی کۆتـا قۆناغـی یەکەمـی قۆناغـی سـێیەمی یارییەکانـی پاڵاوتـن بەمشـێوەیە:

ڕۆژی (١٤-١١)
ئوستراڵیا — سعودیە
ئەندەنووسیا — ژاپۆن
بەحرێن — چین
ئیمارات — قیرغزستان
کۆریای باکوور — ئێران
قەتەر — ئۆزباکستان
عێراق — ئوردن
شانشینی عوممان — فەڵەستین
کوێت — کۆریای باشوور

## یارییەکانـی دەسـتپێکی قۆناغـی دووەم

ڕۆژی (١٩-١١)
بەحرێن — ئوستراڵیا
چین — ژاپۆن
ئەندنووسیا — سعودیە
کۆریای باکوور — ئۆزباکستان
قیرغزستان — ئێران
ئیمارات — قەتەر
شانشینی عوممان — عێراق
فەڵەستین — کۆریای باشوور
کوێت - ئوردن



# کوڕە کوردێکی هەولێر لە ئەڵمانیا دەدرەوشێتەوە

هیمداد نووری یاریزانی تایکواندۆی شاری هەولێر و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکان لە سەر ئاستی عێراق، ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، سەرەڕای ژیانی تاراوگە بەڵام دەستبەرداری خولیای یاریکردن لەم وەرزشە نەبووە و بەردەوام سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنان بووە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداریی کێبڕکێ و پاڵەوانێتییەکانی وڵاتی ئەڵمانیا بکات، هیمداد لە سەر ئاستی وڵاتانیش لە پاڵەوانێتییەکانی کۆریا و ئەندەنوسیا و پۆڵەندا و ئەڵمانیا چەندین ئەنجامی بەرچاوی بۆ خۆی و کوردستان بەدەست هێناوە، دوایین بەشداریکردنیشی لە وڵاتی ئەڵمانیا لە پاڵەوانێتی «نیو ستایل بایرن ئۆپن» بەشداریی کرد و توانی پلەی چوارەم لە سەر ئاستی چەندین یاریزانی ئاست بەرز لە کێشی ٨٠کگم بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە هیمداد نووری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم پاڵەوانێتییە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ یاریی تایکواندۆ، منیش وەکو کوردێکی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا بەشداریم کرد و توانیم لەسەر ئاستی چەندین یاریزانی بەشداربووی وڵاتانی ئەورووپا پلەی چوارەم بەدەست بهێنم و ببمە خاوەنی مەدالیا، وەکو ڕاهێنەریش سەدان یاریزان لە سەر دەستی من بوونە یاریزان و خاوەن ئەنجامی شایستەن، بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنم، جگە لەوەش ئێستا خەریکی مەشقدانەوەم لە هۆڵەکانی وڵاتی ئەڵمانیا».




# پێشمەرگەی سلێمانی ئامانجی گەورەی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە بەشدارە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی بەهێز و پڕ لە یاریزانی ئەستێرە و بە ستافێکی ڕاهێنەری کورد، بەشداریی یارییەکانی خولی تۆپی پێی یانە نایابەکانی عێراقی دەکەن، یانەکە بۆ ئەمساڵ کەمپێکی مەشقی بەهێزی لە شاری هەولێر و سلێمانی ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێی یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولەکە بکەن، کارگێڕیی یانەکە بە بەهێزکردنی پێکهاتەی یانەکەی گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزانی پیشەگەری غانایی و کۆتدیڤوار مۆر کردووە، ئەوانیش هەریەك لە یاریزانان (محەمەد عەباس غانی و ڤیڤیان لاسی کۆتدیڤواری و نورولاسی لە وڵاتی غانا)یە، جگە لەمەش یاریزانانی یانەکە بەردەوام لە مەشق دان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامەکانیان لەم وەرزە دڵخۆشکەر بێت و تیپەکە بگەیەنە ڕیزی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، وەرزی ڕابردووش پێشمەرگەی سلێمانی هەوڵەکانی بێسوود بوو لە گەیشتن بۆ ڕیزی یانە گەورەکان، بۆیە ئەم وەرزە هەموو هەوڵێکیان گەیشتنە بەم خەونە.



# هەولێر دەچێتە قۆناغێکی دیکە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە بە سەرپەرشتیی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری کوردی شاری هەولێر، دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ خولی ئەستێرەکانی عێراقی، لە سێ یاریی ڕابردووش یانەی هەولێر بووەتە جێگەی متمانەی بەشێکی زۆری هاندەرانی شارەکە، لە ئێستادا تیپەکە پێشەنگی خولی پیشەگەرانی عێراقی گرتووە بە دەستهێنانی حەوت خاڵ، بابۆی ڕاهێنەر پلانی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتووی تیپەکە بە بەهێزی بهێڵێتەوە هەم لە ڕووی دەروونییەوە یانەکەی ئامادە کردووە هەمیش لە ڕووی هونەرییەوە تیپەکە بێ کەموکووڕییە. جیاوازیی ئەم ڕاهێنەرە کوردە لەگەڵ ڕاهێنەرانی پێشەخۆی ئەوەیە زیاتر پشت بە پلانی تۆکمە و هێرشبەری دەبەستێت، بۆیە لە ئێستادا بەشێکی زۆری هاندەران پشتیان بە تواناکانی ئەم ڕاهێنەرە کوردە بەستووە و ئومێدیان پێ هەڵچنیوە دەیانەوێ لەم وەرزەدا هەولێر تەواو جیاواز بێت لەچاو ساڵانی ڕابردوو. بابۆی ڕاهێنەر زیاتر پشت بە یاریزانی لاو دەبەستێ و ئومێدیان بۆ دروست دەکات و هەلی یاریکردنیان پێ دەدات، بۆیە لە ئێستادا یانەکە لەسەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە کوردە چووەتە قۆناغێکی تازە و هەنگاو بە هەنگاو یانەکە دەکەنە جێگەی متمانە لە خولی یانەکانی عێراقی، یانەی هەولێر بە ستافی کارگێڕیی تازە دەیانەوێ هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن و یانەکەش لە پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان و شەڕی سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی بکەن و پلانی تۆکمەتر دابنێن بۆ سەرخستنی تیپەکە بۆ ئاستێکی باشتر.



## کەم خواردنی کاربۆهیدرات بۆ دابەزاندنی کێش

گەلێك جۆری ڕیجیم و مەشقی وەرزشی بۆ دابەزاندنی کێشی لەش هەیە، گەلێك کەس دوودڵن لە هەڵبژاردنی یەکێکیان. بەهەرحاڵ، یەکێك لە ڕێگە باو و کاریگەرەکان بریتییە لە کەمکردنەوەی خۆراکی کاربۆهیدراتی. خۆراکی کەم کاربۆهیدرات Low-carb diet جگە لە دابەزاندنی کێش، سوودی دیکەی هەیە وەکو: کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە زۆر کاریگەر و گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرە، بەتایبەتی ئەوانەی کە کێشی لەشیان زیادە، هەروەها پاراستنی تەندروستیی دڵ. پێویستە کە ڕیجیمی خۆراکیی کەم کاربۆهیدرات بەرە بەرە دەست پێبکرێت، چونکە پەیڕەوکردنی بە شێوەیەکی کتوپڕ دەبێتە ئەگەری چەند نیشانەیەکی لابەلای وەکو: سەرئێشە، قەبزی، لەگەڵ ئازاری ماسوولکە. لە لایەکی دیکەوە پەیڕەوکردنی خۆراکی کەم کاربۆهیدرات بە توندی وا لە لەش دەکات کە چەوری بگۆڕێت بۆ ماددە کیتۆنییەکان وەکو سەرچاوەی وزە، ئەمەش چەند زیانێکی هەیە وەکو: بێهێزیی لەش، سەرئێشە، توندبوونی هەناسە، هەروەها کەمیی چەند ڤیتامین و کانزایەك بەتایبەتی ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر پەیڕەو بکرێت.



## خەمۆکی لە نەوجەوانان‌دا

خەمۆکی لە نەوجەواناندا Teen depression زیاتر پاش تەمەنی ١٥ ساڵی بە ڕێژەی ١:٨ بەدی دەکرێت، هۆکارە بۆ گۆڕانی بەرچاو لە بیرکردنەوە و ڕەفتاردا. نیشانەکان: دڵتوندی یان غەم کە باوترین نیشانەیە، نەمانی ئارەزوو بۆ زۆربەی چالاکییەکان، زیاد مانەوە بە تەنیا لە ژووردا، زیاد خەوتن، گۆڕان لە نەریتەکانی خواردندا وەکو زیاد خواردن یان نەمانی حەز و ئارەزووەکانی تایبەت بە خۆراك، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەستکردن بە بێبەهایی، گرفت یان دوودڵی لە بڕیاردان‌دا، پابەند نەبوون بە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان، بیرچوونەوە، هەستکردن بە نائومێدی و نەبوونی پاڵپشت، دوورکەوتنەوە لە هاوڕێکان، هەروەها هەستکردن بە ئازاری جیاواز لە لەشدا وەکو سەرئێشە، ئازاری گەدە، ئازاری پشت، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی. هۆکارەکانی خەمۆکیی نەوجەوانان: بۆماوە، گۆڕانی هۆرمۆنی، هەروەها بەسەرهات Trauma لە تەمەنێکی بچووکی منداڵیدا. چارەسەرکردن: دەرمانی دژەخەمۆکی لەگەڵ چارەسەری دەروونی Psy-chotherapy.



# پەستانی بەرزی خوێن چی بەسەر دڵدا دێنێت؟

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بارگرانیی زۆر دەخاتە سەر دڵ بۆ پاڵنانی خوێن بە هەموو بەشەکانی لەشدا، کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا بە تێپەڕبوونی کات خوێنبەرەکان تێك دەدات، ئەمەش ئەگەری نەخۆشیی دڵ بەرزدەکاتەوە. ئەو جۆرانەی نەخۆشیی دڵ کە لە ئاکامی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنی کۆنترۆڵ نەکراو ڕوو دەدەن، بریتین لە: لەرەی گوێچکەڵەکانی دڵ AF کە بریتییە لە خێرابوون و ناڕێکبوونی ڕیتمی لێدانەکانی دڵ، پەککەوتنی دڵ، نەخۆشیی زمانەکانی دڵ، هەروەها گرفتە تیژەکانی شاخوێنبەر کە ژیان دەخەنە مەترسییەوە. لە سەرەتای ڕوودانی هەر جۆرێکی نەخۆشیی دڵ لە ئەنجامی پەستانی بەرزی خوێندا، لەوانەیە کە هیچ نیشانەیەك لە لەشدا دەرنەکەون، بەڵام کەپەستانی بەرزی خوێن بێ کۆنترۆڵکردن بەردەوام دەبێت، ئەوکاتە نیشانەکان دەردەکەون بە شێوەی: هەستکردن بە ماندووبوون، ئازاری سینگ، هەستکردن بە فشار لە سینگدا، بەدهەرسی، سەرسووڕان، هەناسەتەنگی، دڵەکوتێ Palpitations، ئازار لە قاچەکاندا، نارەحەتی یان پەستی، ئارەقەکردن، هێڵنج، کۆکە، هەروەها ئاوسانی دەست یان پێیەکان.



# نەخۆشانی شەکرە.. دڵتان بپارێزن!

پێویستە لەسەر نەخۆشانی شەکرە کە هەموو هەنگاوەکانی پاراستنی تەندروستیی دڵ بە وردی بگرنە بەر، چونکە ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی دڵ وەکو ئاڵۆزییەکی نەخۆشیی شەکرە دەگاتە ٥٠٪ بەتایبەتی ئەگەر بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت. ئاستی بەرزی شەکری خوێن دەمار و بۆرییەکانی خوێن لە هەموو بەشەکانی لەش تێک دەدات، بۆیە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ بەرز دەبێتەوە، کە لەوانەیە کار بگاتە نۆرەیەکی ترسناکی دڵ یان پەککەوتنی دڵ Heart failure. جگە لە کۆنترۆڵکردنی شەکرە، هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ بریتین لە: کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن کە هەرگیز لە ٩٠/١٤٠ ملم جیوە ڕەت نەکات، چونکە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ئاڵۆزییەکی دیکەی شەکرەیە، کۆنترۆڵکردنی چەورییەکانی خوێن، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، هەڵبژاردنی خۆراکی تەندروست و کەمکردنەوەی خوێ لە خۆراکدا، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، دوورکەوتنەوە لە جگەرە، بەکارهێنانی ئەسپرینی ڕۆژانە تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر، گرنگیدان بە خەو کە شەوانە لە ٧-٨ کاتژمێر کەمتر نەبێت، هەروەها سووککردنی سترێس.



# وشکبوونی قوڕک

هۆکاری دەرەکی و ناوەوەی لەش کاریگەری دەکەنە سەر ڕێژەی دەردانی لیك لە دەم و قوڕگدا، کەمبوونەوەی دەردانی لیك هۆکارە بۆ وشکبوونی قوڕگ و دەم. نیشانەکانی وشکبوونی قوڕگ



Dry throat بریتین لە: هەستکردن بە کڕانەوە یان سووتانەوەی قوڕگ، زیاد تینووبوون، نەمانی هەستی چێژکردن، گۆڕانی دەنگ، لەگەڵ گرفت لە جوین و قووتدانی خۆراك. هۆکارەکان: هەوکردنە ڤایرۆسییەکانی وەکو هەڵامەت یان ئەنفلوەنزا کە دەبنە هۆی هەوکردن لە ڕێڕەوەکانی سەرەوەی هەناسەدا، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش لەبەر کەم خواردنەوەی ئاو یان ڕشانەوە یان زیاد ئارەقەکەکردن، وشکبوونی هەوا و دەوروبەر یان کەمبوونەوەی ڕێژەی شێداریی هەوا، هەستەوەریی لووت، زیاد بەکارهێنانی دەنگ یان زیاد قسەکردن کە هۆکارە بۆ هەوکردنی ژێیەکانی دەنگ و قورقوڕاگە، کە هاوکاتە لەگەڵ کۆکە و ئازار و تەپبوونی دەنگدا، جگەرەکێشان، هەروەها زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان.

# ئەستیگماتیزم چییە؟



ئەستیگماتیزم Astigmatism بریتییە لە گرفت لە کەوانەبوونی دروستی چینی کۆرنیا یان هاوێنەی چاو. بە مانایەکی دی، شێوەی چاو لەجیاتی ئەوەی کە وەکو گۆ وابێت، هێلکەیی دەبێت، لێرەدا ڕووناکیی ئەو وێنانەی کە دەگەنە ناو چاو، لەجیاتی ئەوەی کە لە یەك شوێن لەسەر چینی تۆڕەی چاودا فۆکەس بن، لە دوو شوێنی تۆڕەی چاودا فۆکەس دەبن. نیشانەکان: گرفت لە فۆکەسکردنی بینیندا کە هۆکارە بۆ لێڵبوونی بینین بۆ تەنە نزیکەکان یان تەنە دوورەکان، گرفتی بینین لە شەودا، هەستیاربوونی چاو بە ڕووناکی، ئازار لە بەشی پێشەوەی سەردا، ماندووبوونی چاوەکان، هەروەها تەمەڵبوونی چاو لە منداڵانی تووشبوودا.
هۆکارەکان: بۆماوە، زەبر یان برینداربوونی چاو، وەکو ئالۆزیی پاش نەشتەرگەریی چاو، هەروەها بەساڵاچوون. چارەسەرکردن: چاویلکە یان هاوێنەی لکاو بۆ حاڵەتە سووکەکان، هەروەها نەشتەرگەریی لەیزەری چاو لە حاڵەتە سەختەکانی ئەستیگماتیزمدا.

# ستۆدیۆیەک لە ئامێرێکدا




ژووری ستۆدیۆ و دەنگ هەڵگرتنەوە لە ڕاگەیاندن و بەشی فیلمدا ئامێری تایبەت بەخۆیان لێیە کە قەوارەیان گەورەیە. بەڵام ئامێری جۆری MA- ONO بە قەوارە بچووکە، هەمان ئەرکی ستۆدیۆ مەزنەکان جێبەجێ دەکات، وەك DJ، دروستکردنی پادێکست، بڵاوکردنەوەی لە یوتیوب و بەستنەوە بە کۆمپیوتەر و مۆبایلەوە.

بەهۆی چەندین دوگمەی تایبەت بە دەنگ دەتوانێت دەنگە دەنگی زیادی لابەرێت، دەنگەکان لێك جیا بکاتەوە. ستۆیۆیەکی پیشەیی لەماڵەوە دروست بکەی. توانای تۆمارکردنی ١١ کەلێنی دەنگی هەیە، واتە لە یازدە ئامێرەوە دەنگ وەردەگرێت. دەکرێت ڕێژەی دەنگی هەر بەشێك دیاری بکەی. کێشی ئامێرەکە تەنیا ٨٢٠ گرامە. دەنگی هەر مایکرۆفۆنێك بە جیا هەڵدەگرێتەوە و دەکرێت دەستکاری بکرێت. دەکرێت لە ڕێگای مۆبایلە زیرکەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت.



# مێزێکی سەرنجراکێشی کۆمپیوتەر

مێزی کۆمپیوتەر جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ مێزێکی ئاسایی، بەڵام مێزی جۆری lian li dk-05f تایبەتمەندییەکانی زۆر جیاوازن. مێزێکە تەواو بۆ کۆمپیوتەر بەرهەم هاتووە، لە ئەلۆمینۆمێکی پتەو دروستکراوە، بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێت سایزەکەی گەورە و بچووك بکاتەوە. مێزەکە شوێنی دوو کەیسی جێگا دەبێتەوە. سەر مێزەکە لە شووشەی سیکوریتی دروستکراوە، تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێشی هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت بە داگرتنی دوگمەیەك جامەکە لە شووشەیەکی ڕوون بکاتە جامێکی مات. کەیسێکی تایبەتی خۆی هەیە کە شوێنی دانانی دوو مەزەلبۆرد و چەندین هارددیسکی هەیە. شوێنی گشت کێبڵ و کەلینی USB هەیە لەگەڵ ١٨ فەن (پانکە)ی تایبەت بە فێنککردنەوە. کێشی مێزەکە تا ڕادەیەك زۆرە ٦٧ کیلۆیە.

# پرینتەرێک بۆ گەشتەکانتان

ئامێری پرینتەر تەنانەت ئەوانەی زۆریش بچووکن، ناتوانرێت بۆ گەشت و گەڕان لەگەڵ خۆتی ببەی. لەم دواییەدا پرینتەری پۆرتێبڵ واتە ئەو گەڕۆك بەرهەمهاتوون هەم کێشیان کەمە و هەم قەوارەیان بچووکە و بەکارهێنەر دەتوانێت بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆی بیبات. یەکێك لەو جۆرە پرینتەرانە پرینتەری Phomemoیە. پانایی تەنیا یەك ئینج و نیوە و کێشەکەی ناگاتە کیلۆیەك. پرینتەرەکە حیبر یا کارتریجی بۆ دانانرێت، بەڵکو پێویستی بە وەرەقەی گەرمی (حراری)یە. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەگونجێت. لە ڕێگای بلوتوسەوە پرێنێت دەکات. دەتوانیت فایلەکانی word pdf و وێنە پرێنێت بکات، بەڵام ڕەنگی نییە. پرینتەرەکە جگە لە پرێنت کاری سکاینەریش دەکات.







# بچکۆلە ڕۆبۆتێک و ژیریی دەستکرد

لە فیلمە خەیاڵییە زانستییەکاندا زۆر فیلمان لەسەر شەڕانگێزی ڕۆبۆتەکان و شەڕی نێوان ڕۆبۆت و مرۆڤ دیتووە، بەڵام لە جیهانی واقیعیدا پێچەوانەیە. هەمیشە ڕۆبۆتەکان لە خزمەت مرۆڤەکاندان، بەتایبەتی ئەگەر پاڵپشت بن بە ژیریی دەستکرد.

ڕۆبۆتی جۆری Botnono ڕۆبۆتێکی بچکۆلانەیە، بەقەد گەسکێکی کارەبایی نابێت. بەڵام وردبین و تیژبینە. بە چاوەکانی چاودێری ماڵەوە دەکات. جیاوازە لە کامێرایەکی چاودێری، بەڵکو لەکاتی مەترسیدا وەك ئاگرکەتنەوە دەستبەجێ ئەندامانی ماڵەوە ئاگادار دەکاتەوە. هاوڕێییەکی نزیکی منداڵانە، یارییان لەگەڵدا و چیرۆکیان بۆ دەخوێنێتەوە. لەگەڵ گیاندارانی دیکەی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلەش یاری دەکات. ڕۆژانە بە هەموو ژوورەکانی ماڵەوەدا هاتووچۆ دەکات، لە بەربەستەکان خۆدەپارێزێ. کاتێك دەزانێت شەحنی نەماوە خۆی خۆکار دەچێت بۆ لای شەحنکەرەوە و خۆی شەحن دەکاتەوە. ئەگەر لەماڵەوە نەبیت و کەسێکی بێگانە بێتە ماڵەوە ئاگاداری ئەندامانی ماڵەوە دەکات لە هەر شوێنێك بن. ChatGPT لەسەرە و هەر پرسیارێك لێی بکەی وەڵام دەداتەوە.




# سکاینەرێک بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادەوەرییەکان

هەتا ساڵی ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستاندا کامێرای ئانالۆگ واتە ئەو کامێرایانەی فیلمیان دەخرایە سەر و پاشان فیلمەکان لە تاقیگەدا دەشۆرانەوە باوی مابوو. لەو ساڵە بە دواوە بە هاتنی مۆبایلە پێشکەوتووەکان ئیدی کامێرای ئەنالۆگ بەتەواوی باوی نەما و تەنانەت کامێرای دیجیتالیش کە دوای ئەو بەرهەم هات بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێ.

زۆربەمان لە ماڵەوە نیگاتیڤی فیلمەکانمان ماوە، بەڵام تاقیگەکان بە یەکجاری نەمان. ئەدی چ لەو فیلمانە بکەین، بە چ ئامرازێك دەتوانین فیلمەکانمان بکەینە وێنەی دیجیتالی.. ئامێری سکاینەری کە تایبەت بێت بەم کارە گەلێکن، بە توانا و قەبارەی جۆراوجۆرەوە. یەکێك لەو سکاینەرانە، سکاینەری جۆری The Kodak SLIDE N SCAN کە بەرهەمی کۆمپانیای کۆداکە. کێشی تەنیا ٤٥٤ گرامە. قەوارەیەکی بچووکی هەیە و شاشەیەکی ٥ ئینجی لە جۆری LCD هەیە. هەموو جۆرە فیلمێکی ١٢٦،١١٠،١٣٥ دەخوێنێتەوە. گەشی و ڕوونی فیلمەکە هەر لە سکاینەرەکەوە دەکرێت. ڕاستەوخۆ فیلمەکان لە میمۆریدا هەڵدەگرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بەدوای ئەو ئامێرانەی لە لوبنان تەقینەوە، مەترسی تەقینەوەی مۆبایلەکانیش دەکەم، ئایا مۆبایل یا ئامێرێکی دیکەی ئەلکترۆنی دەتەقێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو پرسیارەی بەڕێزتان هەر پرسیاری تۆ نییە، بگرە دوای ئەو ڕووداوەی لە لوبنان ڕوویدا، بۆ زۆر کەس ئەم پرسیارە هاتۆتە پێش. ئەگەری تەقاندنەوەی مۆبایل لە ڕێگای باتری یا دوورەوە زۆر ئەستەمە، مەگەر پێشووتر مۆبایلەکە دەستکاری کرابێ و تەقینەوەی بۆ داندرابێ. بەڵام مەترسی دزەکردن و سیخوڕی کردن لەسەر مۆبایل یەکجار زۆرە، تەنانەت ئامێرەکانی وەك کامێرای چاودێری، تەلەڤزیۆنە زیرەکەکان و کامێرای دیجیتالی و لاپتۆپ و دیسکتۆپ..تاد. بەڵام مەترسی تەقینەوەی یەك بە هەزاریش نییە.

# پرۆگرامێک بۆ پاککردووەوە و ڕێکخستنی سیستەمی ویندۆز

**ویندۆز لە کۆمپیوتەردا وەك دینەمۆی بەگەڕخەر دەچێت، بەڵام دینەمۆش جارجار تووشی گرفت و کێشە دەبێت. بۆ ئەوەی ویندۆزەکەت بێ کێشە بێت و لە فایلە زیادییە تێکدەرەکان بسڕێتەوە، پێویستە پرۆگرامێك هەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی ویندۆز.**

**پرۆگرامیTweakNow PowerPack پرۆگرامێکی بەهێز، بۆ بردنەسەری تواناکانی ویندۆزە. کۆمەڵێك ئامرازی هەیە بۆ ویندۆز ڕێکبخەیەوە و لەو پرۆگرام و فایلانەی کێشەی بۆ دێنە پێش خاوێن بکەیەوە. ئامرازەکانی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی ویندۆز واتە ڕێجیستەری وا دەکات سەرلەنوێ ویندۆزەکەت بە شێوەیەکی نوێ ڕێکبخەیەوە.**




**ئەمنییەت و متمانە بوون یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ناوبراو، دەتوانی بەدڵنیاییەوە پشتی پێببەستی و کێشەی دزەکردن و تێکدانت بۆ دروست ناکات. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بیەوێ دزە بکاتە ناو کۆمپیوتەرەکەت و پاسۆردەکان دەستکاری بکات ئیزنی پێنادات.**

# ئامێرە مەترسیدارەکە هەموو شتێک هاک دەکات




ئامێرێکی زۆر مەترسیدار چەند ساڵێکە بەرهەم هاتووە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش تەنانەت ئەمەریکاش بە ئامێرێکی قەدەغەکراو مەترسیدار داندراوە. ئامێری Flipper Zero زۆر بچووکە، بەڵام زۆر پڕ مەترسییە. هەموو ئەو ئامێرانەی بە سیستەمی NFC و AR کۆنترۆڵ دەکرێن، هاکیان دەکات. واتە بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی کارتە بانکییەکان کە لە سیستەمی NFC سوود وەردەگرن و هەر کارتێکی دیکەی لەم شێوەیە، کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبیل، گاراج و کۆنترۆڵ کردنی ئامێرە کارەباییەکان بەو ئامێرە دەکرێت.

لە ڕێگای سیستەمی بلوتوسەوە دەتوانێت بە ئاسانی مۆبایل بە هەر هەردوو جۆری ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس کۆنترۆڵ هاك بكات. هەرچەندە کۆمپانیای بەرهەمهێن پێیوایە ئامێرێکی بە سوودی بەرهەمهێناوە، بەڵام زیانەکانی زۆر زیاترن. شاشەیەکی ڕەش و سپی هەیە. ڕامەکەی ٢٥٦ کیلۆبایتە. میمۆرییەکی کەمی هەیە بەڵام کارت میمۆری ٢٥٦ گیگابایتیش دەخوێنێتەوە. کێشی تەنیا ١٠٤ گرامە.



## ئایسەر لاپتۆپێکی جیاواز بەرهەم دەهێنێ

لە پێشانگای ساڵانەی IFA کە دوای پیشانگای ساڵانەی CES وەك گەورەترین پێشانگای ئامێری ئەلکترۆنی دێت، بە سەدان ئامێری دیجیتالی نوێ خرانە ڕوو. یەکێك لەو ئامێرە سەرەدمیانە، لاپتۆپێك بوو لەلایەن ACERەوە بەرهەم هاتووە. لاپتۆپەکە جارێ هەروەك نموونە خرابوو بەڵام سەرنجی زۆربەی ئەوانەی سەردانی پێشانگایان کردبوو ڕاکێشا.

لاپتۆپی جۆری Project DualPlay زۆر جیاواز بوو لەو لاپتۆپانەی کە بۆ گەیم بەرهەم دێن. ئەو بەشەی کە وەك تۆچ پەدی لاپتۆپ داندراوە، بە زەخت خستنە سەر ئامێرێکی گەمەکردنی لە شێوەی نیتندۆی لێ دێتەدەر. ئامێری گەیمەکە بۆ گەمە تاکەکەسیەکانە و لەوەش جیاوازتر ئەوەبوو هەر ئەو ئامێرە لە ناوەندا دابەش دەبوو بە دوو دەسکی گەیمی (جۆیستیك). لەگەڵ دەرهێنانی ئامێری گەیمەکە، لە هەردوو گۆشەی ڕاست و چەپی لاپتۆپەکە دوو بڵندگۆ دێنە دەر کە دەنگێکی زۆر بەرزیان هەیە. لەسەر تایبەتمەندییەکانی دیکەی لاپتۆپەکە تا ئێستا شتێکی ئەوتۆ بڵاونەکراوەتەوە.



### ماڵپەڕێکی زیرەک بۆ دروستکردنی ئاواز و گۆرانی

یەکێك لەو بەشە هونەرییانەی کە زیرەکیی دەستکرد مەترسی بۆ دروستکردووە و وایکردووە ئەو بەشە لە هونەر چێژی خۆی لە دەست بدات، هونەری مۆسیقا و گۆرانییە. یەکێك لە ناسراوترین ماڵپەڕە زیرەکەکانی تایبەت بەم بوارە. ماڵپەڕی Musicfy.aiیە. لە ماڵپەڕەکەدا دەتوانیت دەقێکی بدەیەی بۆت بکات بە گۆرانی، دەتوانی دەنگی خۆتی بە دەنگی هونەرمەندێك بگۆڕی یا وای دابنێی هونەرمەندێك کە چەند ساڵە لە ژیانیشدا نەماوە گۆرانی نوێی گوتووە. ماڵپەڕەکە لە ئێستادا پشتیوانی لە زمانی کوردی ناکات. لەبەشە خۆراییەکەیدا دەتوانی تەنیا تراکی ١٥ چرکەیی دروست بکەی. دیارە هەر پەیوەندی بە گۆڕینی دەنگی گۆرانی نییە، بگرە دەکرێت دەنگی یەکێك بە یەکێکی دیکە بگۆڕی. دەکرێت مۆسیقا و دەنگیش لێك جیا بکاتەوە.

# ڕێگەی دروست و ئاسان بۆ لابردنی پەڵەی سەر ملیوانی کراس



ملیوانی کراس (یان بلوز) بەهۆی ئارەقکردنەوە پیسی و پەڵەی بەردەکەوێت، ئەمەش هەندێك جار وا دەکات نەتوانرێت پەڵەکە بە شێوەیەکی ئاسان لاببرێت. لێرەدا هەندێك هەنگاوی ئاسان و کاریگەر دەخەینە ڕوو، کە یارمەتیدەرە بۆ لابردنی پەڵەی سەر ملیوانی کراسەکان.

١-سەرەتا دوو کەوچکی چێشت زاهیی قاپشۆردن لەگەڵ ئاوی سارد تێکەڵ بکە، وردە وردە تێکی بدە بۆ ئەوەی گیراوەیەکی خەست دروست بکات.

٢- لە هەنگاوی دواتردا گیراوەکە بە بەکارهێنانی پەنجەکانت لەسەر ملیوانی کراسەکە بڵاو بکەرەوە و، بۆ ماوەی کاتژمێرێك چاوەڕێ بکە.

٣- بە بەکارهێنانی فڵچەی ددان یان هەر فڵچەیەکی نەرم ملیوانی پۆشاکەکە بشۆ، لە کاتی پاککردنەوەدا سەرنجت لەسەر شوێنە پەڵەدارەکان بێت تا بە باشی خاوێن دەبێتەوە.

ئەگەر هەستت کرد گیراوەکە وشك بووەتەوە، دەتوانیت بە ئاوی سارد شلی بکەیتەوە پێش ئەوەی بیشۆیت، پاشان کراسەکە بشۆ.

ئەگەر پەڵە سەختەکە مایەوە، دەبێت ئەو هەنگاوانەی سەرەوە دووبارە بکرێتەوە پێش وشککردنەوەی کراسەکە، چونکە گەرمی بەرپرسە لەوەی پەڵەکە بە ملیوانەکەوە بچەسپێت.



# لە کۆتایی هاویندا ماڵئاوایی لە پەڵە و ڕەشبوونەوەی پێست بکە

لەگەڵ کۆتاییهاتنی وەرزی هاویندا، پێویستە ڕزگارت ببێت لەو پەڵانەی کە لە ئەنجامی بەرکەوتنت بە تیشکی خۆر دروست دەبێت. لێرەدا ئەو ڕێگە جیاوازانە دەخەینە ڕوو کە بەردەستن بۆ لابردنی پەڵە و ڕەشی و، لە هەمان کاتدا نوێکردنەوەی پێست، پێش هاتنی وەرزی پایز.

جێڵی ئالۆڤێرا دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت، چونکە پێکهاتەیەکی چالاك لەخۆدەگرێت کە پێی دەگوترێت ئەلوسین، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چارەسەرکردنی پەڵەی پێستدا بەکار دەهێنرێت.

چۆنیەتی بەکارهێنانی: هەندێك جێڵی ئالۆڤێرا بهێنە و بیدە لەو شوێنەی کە مەبەستتە وەك دەستەکان یان پێستی ڕوخسار، و دوای ١٥ خولەك بیشۆ، ڕۆژانە چارەسەرەکە دووبارە بکەرەوە.

زەیتی بادەم: زەیتی بادەم سەرچاوەیەکی باشی ڤیتامین (A و E) یە، کە یارمەتی کاڵکردنەوەی ڕەنگی پێست دەدات و لە هەمان کاتدا خۆراك دەدات بە پێست.

چۆنیەتی بەکارهێنانی: بڕێکی کەم زەیتی بادەم گەرم بکە و مەساجی دەموچاوتی پێ بکە، ڕێگە بدە پێست بۆ ماوەی کاتژمێرێك یان بۆ ماوەی شەوێك زەیتەکە هەڵبمژێت، پاشان دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ.



# گرنگیدان بە بۆنە پایزییەکان بۆ ناوماڵ



پایز سەرنجڕاکێشیی خۆی هەیە، هەروەها بە بۆنی خۆشی ڕووەك و بەرهەمە ئاشناکانی وەرزی هاوینەوە دەتوانیت یەکێك لەم بۆنانەی خوارەوە لەگەڵ ناوماڵەکەتدا بگونجێنیت، وەك:

• بۆنی دار سیدر، دار سەندەل، یان دار سنەوبەر، کە بۆنوبەرامەکانی دار زۆر باشن بۆ وەرگرتنی بۆنە دەوڵەمەندەکانی سرووشت.

• بۆنە خاکییەکان: کە لە بەرامبەردا دەکەونە ژێر پۆلی بۆنی دارەکانەوە، و زەیتی سرووشتی لەخۆدەگرن، بۆنی خاکی دەتباتە ناو سرووشتی دارستانێکی پایزی گەشاوە.

• بۆنی تووتن: ئەمانەش ژێرپۆلێکی دیکەی بۆنی دارن، چونکە بە هەمان شێوە دەوڵەمەند و گەرمن، لەکاتێکدا تووتن لە ڕووەکەوە دێت بە بۆنێکی شیرین و ڕووەکییە، کە گەرمی و ئاسوودەیی دابین دەکات.

• بۆنە ڕۆژهەڵاتییەکان: پێك دێن لە بۆنەکانی وەك: بخوور، دارچین، زەنجەبیل، ڤانێلا، زەعفەران، و یاسمین، ئەم بۆنە دەوڵەمەندانە وا دەکەن کاتی مانەوەیان درێژخایەن بن.

• بۆنی شیرین: ئەم جۆرە بۆنانە خواردنی خۆشی پایز دەهێنێتەوە یاد، بەتایبەتی کارامێل و هەنگوین و بەهارات و شیرینییەکان و شوکولاتە و ڤانێلا.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**






# لە کارگەی تەقەمەنییەوە بۆ یانەیەکی وەرزشی

لە ساڵی ١٨٨٦ بەشێك لە کرێکارانی کارگەیەکی تەقەمەنیی سەر بە جبەخانەی شاهانەی بەریتانیا لە ناوچەی «ولویچ» لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لەندەن، یانەیەکی تۆپی پێیان پێك هێنا بە ناوی «دایال سکوێری» کە ناوی وەرشەیەك بوو لە ناو ئەو کارگەی تەقەمەنییە، دواتر ناوی یانەکە گۆڕدرا بۆ ڕۆیاڵ ئارسناڵ، پاشان ولویچ ئارسناڵ، پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩١٤ لەسەر ناوی «ئارسناڵ» جێگیر ببێت. تەنانەت لۆگۆی یانەکە بە درێژایی ساڵەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەو پێیەی لۆگۆی ڕۆیاڵ ئارسناڵی هەڵگرتبوو پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٠ لۆگۆی تۆپەکەی هەڵبگرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەرچاوەی یانەکە، لێرەوەیە یانەکە نازناوی «زە گەنەرز»ی لێ نرا.

# منداڵانی کوردستان فێری تەکنەلۆژیای کۆدینگ دەکرێن



هودا فەرهاد کە ئەندازیاری کۆمپیوتەرە، باس لە کۆرسەکانی کۆمپیوتەر دەکات لە کوردستان، کە پرۆژەیەکە و بە ناوی کۆدێنگەوە منداڵان فێری تەکنۆلۆژیای کۆدینگ دەکات، لەو بارەیەوە هودا فەرهاد دەڵێت: «کۆرسی کۆد لاپ، لە ٨ ساڵی بۆ ١٨ ساڵییە، تایبەتە بۆ منداڵان کە ڕێگەیەکە بۆ ناساندنی منداڵان بە تەکنەلۆژیای سەردەم، کە ئێستا گرنگیی تەکنەلۆژیا لە لووتکەدایە، بیرۆکەکە لە لایەن کۆمپانیای ئۆپتیهۆڵن خرایە ڕوو، تا منداڵان ئاشنا بن بە دونیای دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیا، ئەو کۆدە تەکنەلۆژیایانەی بەکاری دەهێنین بریتییە لە «کۆدس سکراتچ، کۆدی پایتن، کۆدی ڕۆبۆتێکس»، تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ قوتابی بەشدارن لە کۆرسەکانی تەکنەلۆژیادا،





# گەورەترین باڵندە

شێوە و قەبارەی باڵندەکان هەر یەکێك جیاوازە لەوەی دیکە، بەڵام ئەمەیان جیاوازە و قەبارەی دوو هێندەی باڵندەیەکی ئاساییە، ئەو باڵندەیە ناوی «ئالباتروس»ـە گەورەترین باڵندەیە و دەتوانێ هەڵفرێ و چەندین ساڵ بە ئاسوانەوە بمێنێتەوە بێ ئەوەی لەسەر زەوی بنیشتەوە، ئەم باڵندەیە شەش ساڵی یەکەمی ژیانی بە سەر زەریادا دەفڕێت و ژیان بەڕێدەکات، دواتر بۆ جووتبوون دەگەڕێتەوە بۆ وشکانی. ئەلباتروس، دەتوانێ لە سەفەرێکدا زیاتر لە ١٠ هەزار مایل، واتە؛ ١٦٠٠٠ کیلۆمەتر ببڕێ و لە ماوەی ٤٦ ڕۆژ دا سووڕێك بە دەوری زەویدا بفڕێ.




# شمشێری جەنگیی ڕازاوە بە مەرجان و بەرد



کەرەستە و کەلوپەلە کۆنەکان، کە لە مێژوودا بەکار هێنراون، لە لایەن کەسانی دەستڕەنگینەوە دروست کراون و پاڵەوانە ناودارەکانی جشەنگی پێی ناسراون، ئەمەش یەکێکە لە دیارترین شمشێرەکانی جەنگەکانی عوسمانی لە کیشوەری ئاسیادا، کە مێژووی شمشێرەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ز، کە بە زێڕ و زومورووود و مەرجان و بەردی بەنرخ نەخش و جوانکاریی بۆ کراوە، لە ئێستەدا ئەم پارچە شوێنەوارە لە مۆزەخانەی میترۆپۆلیتانی شاری نیویۆرکە.

ئێستا منداڵمان هەن پرۆژەی ئۆتۆپارکیان هەیە بۆ ئوتۆمبێل، کە لە داهاتوودا دەتوانن ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکەن، ئێمە لە ئێستاوە فێری کۆدینگیان دەکەین، تا لە داهاتوودا سوود لەو بوارەی ئایتی و تەکنەلۆژیا ببینن، قوتابیامان زۆربەیان حەزیان لەوەیە کە ئوتۆمبێل دروست بکەن، یان داهێنەربن لە بوارەکانی تەکنەلۆژیادا، ئێستاش چەندین فێرخوازمان هەن کە توانیویانە ئوتۆمبێلی بچووك دروست بکەن».







## کارەبا دروستکردن بەهۆی ڕۆیشتنەوە

سوودوەرگرتن لە بیرۆکەکانی داهێنان مایەی پێشکەوتنە، یەکێك لەوانە دروستکردنی کارەبایە بە بەهۆی بەپێ ڕۆیشتنی مرۆڤەوە، لە وڵاتی ژاپۆن خەڵکی بە ڕێگەدا دەڕۆن کارەبا بەرهەم دەهێنن، تۆکیۆ سەرچاوەی وزە لە پێیەکانەوە دەگۆڕن بۆ کارەبا کە لە ئەنجامی گەرمی و پەستانەوە کارەبا دروست دەبێت، ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆر جەنجاڵە و بە بەردەوامی شەقامی تەواوی شارەکانی لە جووڵە ناکەون و بەردەوام خەڵکی هاتووچۆ دەکەن، لە هەندێ لە شەقامەکاندا شەو ڕۆژ نییە و لە هەموو کاتەکاندا هاتووچۆ بەردەوامە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە ئاماژە بەو کەسانە دەکات کە بەوەی هەیانە دەنازن، کەچی لە ڕاستیشدا ئەوە نییە کە بیری لێ دەکەنەوە، کەسانی دیکەش هەن خاوەنی بیرۆکەی بەهێزن و باسیشی ناکەن.



## دیمەنە سەیرەکان

**شوێنی فڕۆکەوان**

دیمەنی ناوەوەی شوێنی فڕۆکەوان لە فڕۆکە جەنگییەکاندا، کە بەپەڕی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە و بەم هەموو دووگمەیە چێ کراوە، فڕۆکەوانیش دەبێ وەکو ناوی خۆی ئەرکی هەموو ئەو دوگمانە بزانێت.

## یاسا



**کشانەوە لە سکاڵاکردن**

بەشێوەیەکی گشتی تەنازولکردن لە سکاڵا هۆیەکە لە هۆیەکانی نەمانی داوای سزایی، لە هەمان کاتدا هەڵسوکەوتێکی یاساییە کە ویستی تاوانلێکراو نیشان دەدات، جا بە شێوەی ڕاشکاو یان ناڕاشکاو، بۆ وەستانی ڕێکاری یاسایی سەبارەت بە سکاڵای تۆمارکراو کە خۆی دەبینێتەوە لە وەستانی بەرێوەچوونی ڕێکارەکانی داوای سزایی. هەر کاتێکیش سکاڵاکار تەنازولی کرد لە سکاڵاکەی، ئەوا دواتر ناتوانێت لەسەر هەمان بابەت سکاڵای نوێ بکاتەوە، یان سکاڵا تۆمار بکاتەوە، هەروەك لە مادە (٩)ی یاسای بنەماکانی دادگایی سزاییەکاندا هاتووە: «تەنازولکردن لە سکاڵا یان لە داوای مافی مەدەنی ڕێگرە لە نوێکردنەوەی ئەو مافەی کە تەنازولی لێ کراوە لە بەردەم هەر دادگایەکی مەدەنی یان سزایی»دا. هەر کاتێکیش بە هۆی تەنازولکردن داوای سزایی داخرا بە شێوەی یەکجارەکی، ئەوا بە هەمان شێوە داخستنەکە ڕێگر دەبێت لە بەردەوامیدان بە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، هەروەك لە برگە (د)ی مادە (٣٠٢)ی هەمان یاسادا هاتووە: «بڕیاری یەکلابووەوە بە داخستنی داوا بە یەکجارەکی ڕێگری دەکات لە بەردەوامیدانی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە تیایدا تا دوایی».

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

پەیوەندیی سۆزدارییت جێگیرە، بۆ ئەوەی هیچ لێك تێنەگەیشتنێك لە نێوانتان ڕوو نەدات هەوڵ بدە بە ژیرانە گفتووگۆ بکەن، لە لایەنی پیشەییەوە چەند هەواڵێکی خۆشت پێدەگات، لە لایەن کەسانی دیکەوە ئامۆژگاری دەکرێیت، باشترە ئامۆژگارییەکانیان بە هەند وەربگریت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر بەدوای سەرکەوتندا دەگەڕێیت، پێویستە زیاتر هەوڵ بدەیت و ئەرکەکانت پشت گوێ نەخەیت، چانسی ئەوە دێتە بەردەمت تواناکانت دەربخەیت، ئەم چەند ڕۆژە بیر لە ڕابردووت مەکەرەوە، چونکە ڕێگری دەکات لەوەی لە داهاتوودا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەو ناکۆکییانەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت هەتبوو کۆتایی دێت، هەوڵ بدە لە کاتی گفتووگۆکردندا وشەکانت زیاتر ئەرێنی بن و دوور بکەوە لەوەی بە وشەکانت کەسانی چواردەورت بریندار بکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە دڵنیابە لەوەی بە ڕاستگۆیی کارەکانت ئەنجام بدەیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە کارەکانت زۆر باش دەڕوات بەڕێوە و بەهۆی زۆر هەوڵدانتەوە ستایش دەکرێیت، هەندێك ناکۆکی لە نێوان خۆت و ئەندامێکی خێزانەکەت ڕوو دەدات، باشترە کۆنترۆڵی تووڕەبونەکانت بکەیت، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکەتان گەورەتر نەبێت، وریابە لەوەی چ کاتێك متمانە بە خۆشەویستەکەت بکەیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چەند کێشەیەك دوست دەبێت کە دەبێتە هۆی نیگەرانیت، بەتایبەتی لە لایەنی داراییەوە، بەهۆی زۆریی ئەرکەکانت لە لایەنی پیشەییەوە هەست بە ماندوێتی دەکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆر باشە، پاڵپشتیکردنی خۆشەویستەکەت دەبێتە هۆی بەهێزبونی پەیوەندیتان.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕۆژێکی باش دەبێت بۆت، لە لایەنی دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت، هیچ نیگەرانییەکت نییە، هەمو کارەکانت بەو شێوە ئەنجام دەدەیت کە پلانت بۆی داناوە، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی زۆر سەرقاڵیتەوە کاتت بۆ خێزانەکەت نەبووە، بەڵام لەمەودوا دەرفەتی ئەوەت دەبێت کاتی زیاتر بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانت تەرخان بکەیت.

بۆ زانیاریت

# وێنەی خانە بە خانەی مێشکی مێش



مێش بەو بچووکەیەوە بێجگە لە کارە میکانیکییە ڕۆتینیەکانی خۆی، دەتوانێت چەند کاری ئاڵۆز ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە تەواوی خووی بە فڕینەوە گرتووە دەتوانێت ڕێ بکات و بڕوات، تەنانەت دەتوانێت گۆرانیی خۆشەویستیانە بڵێت بۆ ئەوەی سەرنجی هاوڕێکانی ڕابکێشێت. لە هەمووشی سەرنجراکێشتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە زۆر سەختە بە ئاسانی بیانکوژی، هەموو ئەو کارانە و کارەکانی دیکەش، بە هۆکاری مێشکێکەوە ئەنجام دەدرێت کە هەر بە ئەندازەی نووکی دەرزییەك دەبێت.

بۆ دەستخستنی وێنەیەك لە مێشکی مێش، دوای ماندووبوونێکی زۆر توانرا وێنەی هەر یەك لەو ١٣٠٠٠٠ دەمارەخانانەی مێشکی مێشی میووە Drosophila بگیرێت کە نزیکەی ٥٠ ملیۆن پەیوەندی دادەمەزرێنن. ئەوەش زۆر یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە مێشکی خۆمان و زۆر یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان، بتوانین نەخشەیەکی تەواوەتیی خانە بە خانەی مێشکی مرۆڤیش بکێشرێت.

فیلم

## پارچەیەک لە تۆ - A Part of You



فیلمێکی ڕۆمانسی و درامایەکی هەستبزوێن و میوزیکە، باس لە دوو خوشك دەکات، بە ناوی ئەگنیس و جولیا، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی دەبنەوە، دواجار بڕیار دەدەن کە خەونەکانیان بهێننە دی بە پشتگرتنی یەکتر، کە زۆربەی کارەکانیش لەلایەن خوشکە بچووکەکەوە بیرۆکەی بۆ دادەنرێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٥) خولەکە، لە دەرهێنانی سیگی ئۆکلاند، نووسینی جوسیف ئۆی، لە نواندنی: فیسیلیا تاریدسۆن، ئیدڤن ڕایدینگ، زارا لارسۆن گۆرانیبێژ، ئەلڤا برات، ئیدی ئنگۆڤڵ.



## پەند و وتە

ئیریك ئەرتەر بلەیر، نووسەر و ڕۆماننووسی بەریتانی کە ناسراوە بە جۆرج ئۆرێل، لە ساڵی ١٩٠٣ لە شاری موتاهاری لە هیندستان لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی زمانی سیاسەت دەڵێت: «زمانی سیاسەت بە جۆرێك دیزاین کراوە، کە درۆکان وەك ڕاستی نیشان بدەن، کوشتنیش شێوازێکی پاکسازی و چاکسازییە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، یەکێکیان قەبارەی زەبەلاحە و ئەوەی دیکەش بچووکە، کەچی لە ڕاستیدا هەردووانیان شێوەیان وەکو یەکە، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە بدۆزیتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کێشە تایبەتیەکانت زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت، هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی نیگەران بیت دەربارەی لایەنی پیشەییت، هەمووشتێك جێگیرە و بەم شێوەیە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، زیاتر سەرنجت لەسەر تەندروستیت بێت و خۆت فەرامۆش مەکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە لایەنی پیشەییەوە بە تەواوی سەرقاڵ دەبیت و بەهۆی بەردەوام کارکردنتەوە هەست بە ماندوبونێکی زۆر دەکەیت، بۆ ئەو کەسانەی لە خۆشەویستیدان، ڕۆژێکی ڕۆمانسی دەبێت و لە لایەن خۆشەویستەکانیانەوە زیاتر گرنگییان پێ دەدرێت، لە لایەنی تەندروستییەوە هەست بە باشی دەکەیت، بەڵام دەروونت کەمێك ماندووە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە لایەنی پیشەییەوە ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگ دەبێت و پێویستە زیاتر هەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی تواناکانت دەربخەیت و بەرەو پلەیەکی بەرزتر هەنگاو بنێیت، پەلە مەکە دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە داهاتووتەوە هەیە، بە وردی بیری لێ بکەیتەوە، هەوڵ بدە تێگەیشتن لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندیتان بەهێز ببێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هەندێك کێشە لە ژیانی سۆزداریتدا دروست دەبێت، باسترە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت بۆ ئەوەی کێشەکانت گەورەتر نەبێت و بیر لە چارەسەرێکی باش بکەیتەوە، ڕۆژێکی گرنگە بۆ ئەوەی بڕیار بدەیت لە ژیانی تایبەتیتدا، هەروەها دەتوانیت ئامۆژگاری لە کەسانی متمانەپێکراو وەربگریت، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چانسی ئەوە دێتە بەردەمت لایەنی داراییت بەهێز بکەیت و ئەو کێشانەت چارەسەر بکەیت کە بەهۆی گرفتی ماددیەوە بۆت دروست بوون، ئەگەر دەتەوێت ئەمڕۆ بە دڵخۆشی بەسەربەریت دوو ربکەوە لە هەر جۆرە دەمەقاڵێیەك لە ژیانی تایبەتیتدا، کەسە خۆشەویستەکانت پێویستیان پێتە، پێویستە کاتیان بۆ تەرخان بکەیت.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەروونت ئارامە هەست بە باشتربوون دەکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی تایبەت بەسەر دەبەیت، ڕەنگە لە لایەن خۆشەویستەکەتەوە سوپرایزت بۆ بکرێت، کە وا دەکات یادگارییەکانی ڕابردوو زیندوو بکەنەوە، وا دەردەکەوێت لە لایەنی پیشەییەوە هەندێك بەربەست بێتە پێشت، بەڵام نیگەران مەبە، دەتوانیت بەسەریدا زاڵ ببیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
October 21, 2024 Issue,No.1435

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

